


سلێمانی ، ٢٠١٠/١/٢٦
فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد


دەربارەی سامویڵ بێکت ..16


جانێ ناوی ئەلبومەکەی ئاشکراناکات ..14


# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (١٦)
چوارشەممە، ٢٠١٠/١/٢٧
(٢٨) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە


## مەلا بەختیار: لەم هەڵبژاردنەدا لەگۆڕان زیاتر دەنگدەهێنین


# گۆڕان خەڵکیان چەواشەکردووەو مەرجەعیان تاکەکەسێکە

## کۆسرەت ڕەسوڵ تاکە کاندیدی یەکێتییە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم

تایبەت بەدەستوور

مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات، دەڵێت ئەوان خەڵکیان چەواشەکردووە، بۆیە ئەو دەنگانەیان بەدەستهێناوە، تۆمەتباریشیان دەکات بەوەی مەرجەعیان تاکەکەسەو هیچ دەزگایەکیان نییە بۆ بڕیاردان.

مەلا بەختیار کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت: بەپێی ئەو هەنگاوانەی ناویانە بۆ خۆڕێکخستنەوە، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەگۆڕان زیاتر دەنگدەهێنن، دان بەوەشدا دەنێن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو ڕایچڵەکاندوون.


مەلا بەختیار

لەو چاوپێکەوتنەدا ڕەخنەی لەسیاسەتەکانی نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانی گرتو دەڵێت: نەرمی یەکێتیان قۆستەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیان.

مەلابەختیار دەڵێت: دەستکاری ڕاپۆرتەکەی پلینۆمی سکرتێری گشتی حیزبەکەی کردووە کە بەمدواییانە لەڕاگەیاندنەکانی یەکێتیدا بڵاوکرایەوەو هەڵایەکی گەورەی نایەوە، وتی «ئەگەر نەرمترم نەکردبێت ئەوا ڕەقترم نەکردووە».

مەلا بەختیار ئاماژە بەوەدەدات: هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری نەخشەکەی نەوشیروان مستەفابوون، بەڵام بەهۆی ترسیان دووبارە بوونەوەی لە«ڕووداوی ناخۆشی» مێژووی کورد بێدەنگیان هەڵبژاردووە. وتی «بەڵام نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانی ئەو بێدەنگییەیان قۆستەوە، یەکێتیان توشی قەیران کرد تا خۆیان پێی سەربکەون».

لەبارەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتییەوە دەڵێت: هەردوولا پابەندن پێوەیو تا کاتی تەواوبوونی، کاری پێدەکرێتو سەرجەم پۆستەکانیش بەهاوسەنگی لەنێوانیاندا دابەشدەکرێت، ئەگەر یەکێتی لەهەڵبژاردنیشدا دەنگ کەمتربهێنێت.

وتیشی «ئەگەر دەنگمان کەمترهێنا ئەوا بۆ دوای ڕێککەوتنەکە دان بەوەدا دەنێین ئەوان لەئێمە بەهێزترن».

لەبارەی دانانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ بەجێگری سەرۆکی هەرێم، ڕایگەیاند تاکە کاندیدی یەکێتی کۆسرەت ڕەسوڵەو پێیوایە درەنگ بووە لەدانانەوەی ناوبراو لەو پۆستە، وتی «بیروڕای جیاوازمان لەم بارەیەوە هەیە»

درێژە لە لاپەڕە٤

## کورتە...

### کۆمپانیایەك ملیارێكو ١٧٥ ملیۆن دیناری مەندەلی دەدزێت

کۆمپانیایەک ملیارێکو ١٧٥ملیۆن دینار بۆ قیرتاوکردنی ٨ کیلۆمەترو نیو ڕێگای نێوان نەفتخانەو مەندەلی وەردەگرێت، پێش ئەوەی ڕێگاکە بە تەواوی قیرتاو بکات، پارەکە دەباتو پرۆژەکە جێبەجێ ناکات. •• لاپەڕە٢

### دەرنەچوونی مەسعود بارزانی، دەبێتەهۆی گۆڕینی چەندین بەرپرسی ناوچە

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، نارەزایی زۆر لەنێو کادیرانی ڕێکخستنەکانی پارتیدا دروستبووە، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕیانەی پارتی لەنێو ڕێکخستنەکانیدا کردوویەتیو ژمارەیەکیشی پەراوێزخستووە، دەیان کادیری ئەو حیزبە هەڕەشەی وازهێنان دەکەن. •• لاپەڕە٦

### حکومەتی تورکیا لەدەستگیرکردنی هاووڵاتیانی کورد بەردەوامە

لەچوارچێوەی هەڵمەتەکانی پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانی دیکەی تورکیادا، تا ئێستا چەندین سیاسیی دیاریی کورد لەباکووری کوردستان دەستگیرکراونو چەندینی دیکەش لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە، حکومەتی تورکیا کە بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەو نەهێشتنی پەکەکە پرۆسەی کرانەوەی دەستپێکردووە، ئایا ئەم ڕەشبگیرییەی بۆ دەچێتەسەر؟ •• لاپەڕە٨

### لەسیستمێکی سیکۆلاردا بیری ئایینی جێی ڕێزە

بەرمەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیکۆلاریزمدا هەیە، بەوپێیەی کە هەریەک لەوان بەمانا پۆزەتیڤەکانی خودی خۆیان ئاشنابنو لەحاڵەتێکی پاسیڤەوە بەرەو حاڵەتێکی ئەکتیڤ ئاراستەبکرێن، ڕۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ خاتوو بەیان عەزیزی مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین سازداو بەڕێزیان سەرنجەکانی خۆی خستەڕوو. هەروەها لەبەرنامەماندایە هەر لەسەر ئەم بابەتە لەداهاتوودا درێژە بەم گفتوگۆیە بدەین. •• لاپەڕە١٠

# سەرۆکی هەرێم وڵاتی جێهێشتو کەسی لەجێگەکەی دانەنا

گۆران وەهاب

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دوای ئەوەی سەفەری بۆ ئەمریکا کرد، هیچ کەسێکی لەجێگەکەی دانەنا بۆئەوەی کاروباری هەرێم ڕاپەڕێنێت تا دەگەڕێتەوە، هەرچەندە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپێرێت بۆ ئەو ئەرکە، ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش ئەوە بەناتەواوی لەئەدای سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم دادەنرێت.

فەیسەڵ دەباغ وتەبێژی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، لەبارەی ئەوەی بۆچی لەکاتی سەردانەکانیدا بۆ دەرەوە سەرۆکی هەرێم هیچ کەسێک لەشوێنی خۆی دیاریناکات تاکارەکانی ئەو بەڕێبکات، وتی «سەرۆکی هەرێم نووسینگەی هەیە، دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، کۆمەڵێک بەڕێوەبەری گشتی هەیە، بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی هەیە، لەکاتی سەردانەکانیدا ئیشوکارەکانی بەهۆی نوسینگەو فەرمانگەکانیەوە بەڕێوەدەچێت».

زانا ڕەئوف ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی «لەماوەی چوار ساڵی ڕابردودا کە جێگری سەرۆکی هەرێم هەبووە، نەمانبینی بۆ ڕۆژێک جێگری سەرۆکی هەرێم بەوەکالەت سەرۆکی هەرێم بێتو کاروبارەکان ئەو ڕاییبکات، کاتێک شوێنەکان چۆڵدەکرێت لەڕووی فعلیەوە کارەکان ناکرێت».

زانا وتی «ئێستا لەبەردەم بۆشاییەکی یاساییداین، ڕەنگە زۆرجار پێویست بەوەبکات بڕیارێک لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەربکرێت، بەڵام تائێستا ئەو مەسەلەیە چارەسەرنەکراوە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەناتەواویەک لەئەدای سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم دادەنرێتو لەڕوانگەی یاساییشەوە بەناتەواویەک لەقەڵەمدەدرێت».


ڕۆژنامەی دەستوور لە
www.destur.net
بخوێنەرەوە




# دیندار زێباری: ئەگەر ئێمە نایاسایی بین، کابینەی پێنجەمیش نایاساییە

پ. دەستوور

دیندار زێباری ڕێکخەری هەرێم بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئێستا فەرمانگەکەی بچوککراوەتەوە بۆ بەشێک لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم، دەڵێت بچوکردنەوەی فەرمانگەکەیو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پیلانە لەدژی گیراوە، دەڵێت ئەگەر فەرمانگەکەی نایاسایی بێت ئەوا کابینەی پێنجەمیش ناشەرعیو نایاساییە.

زێباری بەتوندی دژی بڕیارەکە دەوەستێتەوە، پێشتریش ڕایگەیاندبوو ئەوە هەوڵی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتە بۆ تەسفیەکردنی باڵی نێچیرڤان بارزانی لەحکومەت، ئەم لێدوانە لەلایەن وتەبێژێک بەناوی نێچیرڤان بارزانییەوە، ڕەتکرایەوە.

دیندار زێباری ئەوە دەخاتەڕوو کە بڕیارەکە بەئیمزای ئازاد بەرواری ئاراستەی کراوە، ئەوەش وەک نیشانەی تاکڕەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت لێکدەداتەوە.

زێباری وتی «کابینەی پێنجەم تەواوبوو، هەموو ڕاسپاردەکان وابوون کە من وەک خۆم بمێنمەوە کە کابینەی شەشەمیش پێکهێنرایەوە هەموو ڕاسپاردەکان وابوون کەمن لەکارەکانی خۆم بەردەوامبم، ئەگەر یاسایەکیش هەبووبێت لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئێمە پێش ساڵونیوێک ڕەتمانکردووەتەوە».



# "ئەگەر ئێمە نایاسایی بین، کابینەی پێنجەم ناشەرعیو نایاساییە"

## دیندار زێباری رێکخەری هەرێم بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ دەستوور

**سازدانی: دەستوور**



دکتۆر دیندار زێباری

دکتۆر دیندار زێباری رێکخەری هەرێم بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئێستا فەرمانگەکەی بچوککراوەتەوە بۆ بەشێک لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم، دەڵێت بچوکردنەوەی فەرمانگەکەیو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی، پیلانە لەدژی گیراوە، ئاماژە بەوەشدەکات: پێش ساڵو نیوێک هەوڵێکی هاوشێوەی رەتکردووەتەوە.

زێباری بەتوندی دژی بڕیارەکە دەوەستێتەوە، پێشتریش رایگەیاندبوو ئەوە هەوڵی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتە بۆ تەسفیەکردنی باڵی نێچیرڤان بارزانی لەحکومەت، ئەم لێدوانە لەلایەن وتەبێژێک بەناوی نێچیرڤان بارزانی رەتکرایەوە.

دیندار زێباری ئەوە دەخاتەڕوو کە بڕیارەکە بەئیمزای ئازاد بەرواری ئاڕاستەی کراوە، ئەوەش وەک نیشانەی تاکڕەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت لێکدەداتەوە.

**دەستوور:** مەسەلەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئۆفیسی رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان بەکوێ گەیشت، بەنیازن چ رێوشوێنێک بگرنەبەر لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا؟

**زێباری:** لەئێستادا چاوەڕێی گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم دەکەم لەئەمریکا، بەبۆچوونی من هەموو چارەسەرەکان لای سەرۆکی هەرێمەو هەمووشمان پابەنددەبین بەبڕیاری ئەوەوە.

**دەستوور:** لەکابینەی پێشوودا رەخنە لەکارەکانتان گیراوە، واتا پێشتر هیچ ئاگادارکردنەوەیەک سەبارەت بەکارەکانتان هەبووە؟

**زێباری:** بەپێچەوانەوە ئێمە پشتگیرییەکی باش کراوین لەلایەن سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، هەروەها وەزیرەکان بەتایبەت کاک عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، جگەلەوەش لەلایەن دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵحەوە کە ئەوکات لەبەغداد بوو، پشگیرییەکی باش کراوین.

**دەستوور:** پێش دەرکردنی بڕیارەکە ئاگادارکرابونەوە کە دەسەڵاتتان کەمدەکرێتەوە؟

**زێباری:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک کە کابینەی پێنجەم تەواوبوو، هەموو راسپاردەکان وابوون کە من وەک خۆم بمێنمەوە کە کابینەی شەشەمیش پێکهێنرایەوە هەموو راسپاردەکان وابوون کەمن لەکارەکانی خۆم بەردەوامبم، ئەگەر یاسایەکیش هەبووبێت لەفەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئێمە پێش ساڵونیوێک رەتمانکردووەتەوە.

**دەستوور:** واتە بڕیارەکە ئەوەندە سیاسییە، ئەوەندە یاسایی نییە؟

**زێباری:** لەراستیدا من نازانم، بەڵام دیارە پلان هەر هەبووەو ئەمە جاری یەکەم نییە، نامەوێت زیاتر قسەبکەم.

**دەستوور:** ئەو بڕیارەی کە ئاڕاستەی ئێوەکراوە، ناوو ئیمزای سەرۆکی حکومەتی لەسەر بوو، یاخود تەنها بڕیارەکە هی جێگرەکەیەتی؟

**زێباری:** ئەوەندەی ئاگاداربم ناوی دکتۆر بەرهەمی لەسەر نییە.

**دەستوور:** زیانەکانی بچوککردنەوەی ئەم فەرمانگەیە چییە؟

**زێباری:** تاکە کەناڵ بۆئەوەی وەفدەکانی هەرێم بەشداری کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکان بکەن، لەرێگەی ئەم دەزگایەوە بووە، من پرسیاری ئەوە دەکەم ئەگەر ئەم کەناڵە دابخرێت، ئایا بەچ رێگەیەک پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان دەبەسترێت، لەکاتێکدا ئێستا هەموو دنیا گرێدراوە بەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، نەتەوەیەکگرتووەکانیش دانی بەم دەزگایەدا ناوە.

**دەستوور:** سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت: ئەو ئۆفیسە لەدەرەوەی یاسایە؟ چۆن بوو لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئۆفیسەکەتان دانەخراوە؟

**زێباری:** ئەگەر ئێمە لەدەرەوەی یاسادا کارمانکردووە، بۆ پێنج ساڵە رێگە بەکارکردنمان دراوە، بۆ لەکابینەی پێنجەمدا ئەم بڕیارە دەرنەکراوە؟ ئێوە دەزانن خۆ ئێمە لەکۆمپانیا ئیشمان نەکردووە، ئێمە لەحکومەت ئیشمانکردووە، ئێمە پرسیارمان ئەوەیە ئەگەر ئێمە نایاساییو نادەستووری بین، دیارە کابینەی پێنجەم ناشەرعیو نایاساییە، چونکە رێگەی بەکارکردنی دەزگایەکی ناشەرعی داوە.

**دەستوور:** هەمیشە دەڵێیت کاری جدیتان کردووە، بۆئەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ کورد زیاتر بکەن؟

**زێباری:** ئەو کاتەی کە ئێمە دەستبەکاربووین لەساڵی (٢٠٠٥) چوار فەرمانبەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەرێمدا هەبوو، ئێستا پاش چەند ساڵ لەئیشکردن نەتەوەیەکگرتووەکان خاوەنی نزیکەی ٣٠٠ ستافی ناوخۆییو نێودەوڵەتییە لەهەرێم، زیاتر لە٦٧ فەرمانبەری نێودەوڵەتیو زیاتر لە٢٨٠ فەرمانبەری ناوخۆیی هەیە، ئێستا ١٣ ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەولێردا هەیە، ژمارەیەکی باش پرۆژە لەهەرێمدا دەستپێکردوەو تەنها لەماوەی ساڵی رابردوودا زیاتر لە١٦٠ ملیۆن دۆلاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەکوردستان خراوەتەگەڕو سەرفکراوە، نەتەویککگرتووەکان ئێستا بووەتە پشتگیرییەکی سەرەکی بۆ پرۆسەی سیاسی لەکوردستان، لەبەرئەوە دەبینم پێشکەوتنی زۆرباش روویداوە گەورەترین جموجوڵیان ئێستا لەعێراق لەهەرێمی کوردستاندایە، بەحەقیقەت هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تەنسیقی ئۆفیسی رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان.

---

# پەرلەمان بەرێگریکردن لەئاشکراکردنی گەندەڵییەکان دادەنرێت

**نەجات ئەحمەد لە هەولێر**

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەرقاڵی بەدواچوونە لەسەر دۆسیەی گەندەڵییەکانی وەزارەتی وەرزشو لاوانی کابینەی پێنجەم، سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بەرێگر دەزانێت لەخستنەڕووی راستییەکان.

ئاریز عەبدوڵڵا سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو رۆشنبیریو لاوان لەخولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "توانیمان فایلێکی زۆر لەسەر گەندەڵی ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییان بەلیژنەکەی ئێمەوە هەبوو، کۆبکەینەوە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی کاری لەسەر بکەین، هۆیەکەش بۆ کەمتەرخەمیو رێگری لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە بەبیانوی جۆراوجۆر رێگەیان نەدەدا راستییەکان بۆ خەڵک دەربخەین، تا خولەکەیان کۆتاییپێهێنا".

ئاریز عەبدوڵڵا دەڵێت: گەندەڵی لەوەزارەتو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا زۆرە، بەڵگەش لەسەر وەزارەتەکانی تریش هەیە، "بۆیە ئەمڕۆ بێت یان بەیانی، هەر دەبێت گەندەڵەکان بچنە بەردەم دادگا".

ئاریز رایگەیاند: دۆسیەی وەزارەتی پێشووی وەرزشو لاوانیان ئاراستەی داداگا کردووە، بەپێویستی دەزانێت پەرلەمانو حکومەت کار لەسەر ئەو دۆسیەیە بکەنو یەکلاییبکەنەوە، "چونکە ناکرێت بەو جۆرە خەڵک یاری بەسەروەتو سامانو داهاتی هەرێمی کوردستانەوە بکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان".

---

# ٨٦٠٠ خێزان داوای قەرەبوو لەحکومەتی هەرێم دەکەن

**بیلال جەعفەر لەسلێمانی**

٨٦٠٠ خێزانی کورد کە ئاوارەبوون لەئێرانو ئێستا بۆ شاری سلێمانی گەڕاونەتەوە، داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن قەرەبوویان بکەنەوە.

جەبار محەمەد عەلی، بەڕێوەبەری کۆچو کۆچپێکراوانی پارێزگای سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەساڵی ٢٠٠٤داو بەر لەیەکگرتنەوەی ئیدارەکانی هەرێم، ژمارەیەک لەو خێزانانە بەهۆی دوو ئیدارەییەوە هەندێکیان لەحکومەتی هەرێم بەپارچەیەک زەویو ١٠٠٠ دۆلار قەرەبووکرانەوە، بەڵام لەپاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم، زیاتر لە٦٠٠٠ خێزانی ئاوارەبووی دیکە لەئێران گەڕاونەتەوە پارێزگای سلێمانیو تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە".

جەبارمحەمەد وتی "بەنووسراو ئەو داواکارییەم ئاڕاستەی نوسینگەی کۆچپێکراوان لەهەولێر کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، بۆیە داواکارین کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بڕیار لەسەر دابینکردنی ئەو هاوکارییە بۆ ئەو خێزانانە بدات، چونکە ئەو خێزانانە بەهۆی شۆڕشەکانی کورد، ئاوارەی ئێران بوونو چەندین پێشمەرگەی دێرینو کەمئەندامی تێدایە".

ناوبراو، رایگەیاند زیاتر لە٢٦٠٠ خێزانی دیکەیان هەیە کە لەتاراوگە هیچیان بۆ نەکراوەو گەڕاونەتەوە پارێزگای سلێمانی، لەئێستادا داواکارن حکومەتی هەرێم هاوکارییان بکات.

---

# داخستنو پەراوێزخستنی فەرهەنگخانەکان، پەرلەمان نیگەران دەکات

**ئاوارە محەمەد لە گەرمیان**

داخستنو پەراوێزخستنی ژمارەیەک فەرهەنگخانەی شارو شارۆچکەکان، لەلایەن وەزارەتی وەرزشو لاوانەوە، لیژنەی وەرزشو لاوانی پەرلەمانی کوردستان نیگەران دەکات.

سالار مەحمود ئەندامی لیژنەی وەرزشو لاوانی پەرلەمان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، نیگەرانی لیژنەکەیانی لەداخستنو پەراوێزخستنی ئەو فەرهەنگخانانە دەربڕی، وتی "دیارە ئەو فەرهەنگخانانە لەسەر بناغەیەکی تۆکمە دانەنراون، بۆیە ئێستا داخراون، ئێمەش بەدواداچوونمان بۆ ئەو کێشەیە کردوەو کۆمەڵێک داتاو زانیاری وردمان لەوبارەیەوە وەرگرتوەو لەئایندەیەکی نزیکدا دەیخەینە بەردەم وەزیری رۆشنبیری بۆ ئەوەی چارەسەری بکات". سالار مەحمود ئاماژەی بەوەدا، ئەوان بەدواداچون بۆ داخستنی هەندێک یانەی وەرزشی دەکەن، وتی "یانەی وەرزشی رزگاری لەگەرمیان، یەکێکە لەو یانانەی هەموو پێداویستییەکانو بنەما یاساییەکانی یانەی تێدایەو کۆمەڵێک گەنجو یاریزانی باشو بەتوانای هەیە، کەچی بڕیاری داخستنی دراوەو بەدواداچونی بۆ دەکەین".

---

# وەزارەتی دارایی متمانە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ناکات

**زریان جەوهەر لە رانیە**

بڕیارێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی وەستانی دەوامی چەندین قوتابخانە، ئەوە دەردەخات کە ئەو وەزارەتە متمانەی بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان نییە، بەپێی بڕیارەکە هەر قوتابخانەیەک موچەکەی لەسێ ملیۆن زیاتر بێت، دەبێت لیژنەیەکی سێ کەسی موچەکە لەبانک وەربگرێت. مامۆستا ئیسماعیل بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی بەردانگە لەسنوری رانیە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "قوتابخانەکەی ئێمە، تەنها (٥-٦) مامۆستای هەیە، لەکاتی هاتنی موچەدا پێویستە سێ مامۆستایان بچن بۆ موچە وەرگرتن، بەوهۆیەشەوە ئەو رۆژە وانە لەقوتابخانەکەماندا ناوترێتەوە، زۆرجاریش بەیەک رۆژ سەرەیان بەرناکەوێت، دەبێت دوو رۆژ دەوام نەکەن". ئیبراهیم حەوێز بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوەدەدات بڕیارەکەی وەزارەتی دارایی لەبەرئەوەیە نەوەکو بەڕێوەبەرێک بڕێکی پارەی زۆر وەربگرێتو دواتر بڕوات.

دەستوور پەیوەندیکرد بەسەلاح رەشید بەڕێوەبەری بانکی رەشید لەرانیە، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

# لەپارێزگای دیالە ٤٠ ملیار دینار دیارنەماوە

**سەلام و فەرمان لەدیالە**

عامر کەرخی بەرپرسی دەستەی نەزاهەی عێراق لەدیالە رایگەیاند: گەندەڵی ئیداری‌و دارایی هەموو پارێزگای دیالەی تەنیوەو ٤٠ ملیار دیناریش لەئەنجومەنی پارێزگادا دیارنەماوە.

عامر کەرخی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەکەرتی دابەشکردنی سوتەمەنی رێژەی گەندەڵی گەیشتۆتە ٩٥٪، لەکەرتی تەندروستی ٢٧٪ە".

کەرخی وتی "لەئێستادا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین لەبارەی گەندەڵییەکانی ناو خودی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگا، لەبەر چەندین هۆکار، یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە، نزیکەی ٤٠ ئۆتۆمبێلی جۆری نیسان دیارنییەو کەس نازانێت لای کێیەو بەناوی کێوەیە، جگەلەوەش تا ئێستا ٥٠ دۆسیەی گەندەڵی لەبارەی گەندەڵییەکانی پارێزگاکەمان لەبەردەستدایەو هەندێکیمان




رەوانەی نوسینگەی لێکۆڵینەوە کردووە، کە یەکێک لەدۆسییەکان دروستکردنی ئاوەڕۆیە بۆ نەفتخانە لەکاتێکدا نەفتخانە پێویستی بەئاوەڕۆ نییە، بەڵکو بەعقوبەو خانەقین پێویستیان بەپڕۆژەی ئاوەڕۆ هەیە".

سەبارەت بەتێوەگلانی بەرپرسانی پارێزگاکە، ئەو بەرپرسەی لیژنەی نەزاهە دەڵێت: هەریەک لەیاریدەدەرانی پارێزگارو هۆبەی گرێبەستەکان‌و هۆبەی ئەندازیاری‌و هۆبەی کڕین‌و فرۆشتنی پارێزگاکە بەگەندەڵی تێوەگلاون، راشیگەیاند: بەڕێوەبەری پێشووی دابەشکردنی سوتەمەنی پارێزگاکەیان لەسەرکار لابردووەو سزایانداوە.

کەرخی وتی "فەرمانی دەستگیرکردنیشمان بۆ هەریەک لەو بەرپرسانە دەرکردووە کە تێوەگلاون، بەڵام بەهۆی لاوازی‌و بێتوانایی بەرپرسانی ئەنجومەنی پارێزگاکەوە تائێستا زۆرێک لەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنمان بۆ دەرکردون دەستگیرنەکراون".

# یەکێتییەکانی نابینایان یەکناگرنەوە

**زیاد ئیسماعیل لەهەولێر**

تائێستا مەڵبەندی گشتی یەکێتی نابینایان‌و دەستەی باڵای یەکێتی نابینایان یەکیاننەگرتۆتەوەو بەهۆی رێککنەکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات‌و بارەگای گشتی رێکخراوەکە.

یادگار کەریم، سەرۆکی یەکێتی نابینایانی کوردستانی هەولێر، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "یەکنەگرتنەوەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نابینایانی سلێمانی، داوادەکەن دەستەی باڵا لەسلێمانی بێت‌و هەولێرو دهۆکو سۆران ببن بەلق، ئێمەش وەکو دەستەی باڵای هەولێر پێمانخۆشە لەهەولێر بێت، بەوپێیەی هەولێر پایتەختەو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتەکانی حکومەتی تێدایە کە لەدونیاشدا وایەو مەرکەزیەت لەپایتەختدایە".

ئەبوبەکر حەمە سەرۆکی مەڵبەندی گشتی یەکێتی نابیانانی کوردستانی سلێمانی، هۆکاری یەکنەگرتنەوەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە جاران هەولێر لقی ئەوان بووەو دواتر سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە، وتی" لەساڵی ١٩٩٤ەوە دروستبووین‌و مۆڵەتی کارکردنمان لەحکومەتی هەرێم وەرگرتووەو یەکێتی نابینایانی هەولێر، لقی ئێمە بووە، بەڵام ئەوان لەساڵی ٢٠٠٣-ەوە سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووەو دەستەی باڵایان دروستکردووە، لەوانەیە ئەوان زیاتر کاریگەریی حیزبییان لەسەر بێت".

ئەبوبەکر، بوونی مەڵبەندی گشتی لەپایتەخت، بەپاساوێکی ناڕەوا دەزانێت‌و رونیکردەوە "لەیاسای رێکخراوەکاندا کە لەساڵی ١٩٩٣دا دەرچووە، ئاماژە بەوەنەکراوە کە مەڵبەندی گشتی لێبێت‌و ئەمە پاساوێکی رەوانییە".

ناوبراو، ئاماژە بەوە دەکات: ئەوان داوای تەوافوق دەکەن‌و دەڵێت "تەوافقمان قبوڵ نییەو ئێمە رێکخراوێکی مەدەنی سەربەخۆین نەک حیزبی، ئەگەر وەکو لق دێنەوە، ئێمە پێشوازیتان لێدەکەین‌و دەسەڵاتێکی باشتان پێدەدەین".

# هەواڵێکی دەستوور، کێشەی بێدەرەتانەکانی خانەقین چارەسەردەکات

**پەیامنێری دەستوور لەخانەقین**

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتێک لەسەر بێدەرەتانەکانی خانەقین، بەرپرسێکی حیزبی لەخانەقین خانوویەک بۆ چوار لەبێدەرەتانەکان دابیندەکات‌و بڕیارە لەرێگەی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیشەوە موچەیان بۆ ببڕێتەوە.

وەسفیە بەنی وەیس جێگری مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، بەدەستووری وت "دوای ئەوەی راپۆرتێک لەبارەی بێدەرەتانەکانی خانەقینەوە لەرۆژنامەی دەستووردا بڵاوکرایەوە، سەردانی نوسینگەی مام جەلالم کردو بڕێک پارەم بۆ کڕینی خانوویەک بۆ خێزانێک لەو بێدەرەتانانە کە چوار ئافرەتی بێکەسن‌و لەسەر شەقام‌و ناو گەراجەکاندا دەخەوتن".

ناوبراو، وتیشی "ناوی سەرجەم بێدەرەتانەکانم وەرگرت‌و بەلیستێک دەیدەم بەرێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی لەخانەقین، لەبەرئەوەی بڕیاریانداوە موچەیەکی شیاو بۆ هەریەکە لەو بێدەرەتانانە ببڕنەوە".

# گەنجانی کەلار کتێب بۆ کتێبخانەکەیان کۆدەکەنەوە

**فەرمان خێڵانی لەکەلار**

پرۆژەی بەرۆشنبیرکردنی گەنج لەکەلار، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کتێبیان بۆ کتێبخانەی گشتی کەلار دەستپێکردووەو سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەش، ئاماژە بەوە دەکەن کە تائێستا زیاتر لە١٠٠٠ کتێبیان کۆکردۆتەوە.

ئارام محەمەد، یەکێک لەسەرپەرشتیارانی پرۆژەی بەرۆشنبیرکردنی گەنج لەکەلار بەدەستووری وت "لەئێستادا، پرۆژەی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کتێبمان دەستپێکردووە بۆ کتێبخانەی گشتی کەلار، بۆ ئەو مەبەستە چوار لیژنەمان پێکهێناوە".

ناوبراو، وتی "تائێستاش زیاتر لە١٠٠٠ کتێبمان کۆکردۆتەوەو لەچەند رۆژی داهاتوودا، لەمەراسیمێکداو بەئامادەبوونی بەرپرسان‌وهاووڵاتیان‌وڕۆشنبیران‌و کەسایەتییەکانی شاری کەلار، ئەو کتێبانە دەبەخشینە کتێبخانەی گشتی کەلار".

# کۆمپانیایەك ملیارێكو ١٧٥ ملیۆن دیناری مەندەلی دەدزێت

**پەیامنێری دەستوور لە مەندەلی**

کۆمپانیایەک ملیارێکو ١٧٥ملیۆن دینار بۆ قیرتاوکردنی ٨ کیلۆمەترو نیو رێگای نێوان نەفتخانەو مەندەلی وەردەگرێت، پێش ئەوەی رێگاکە بەتەواوی قیرتاو بکات، پارەکە دەبات‌و پرۆژەکە جێبەجێ ناکات.

عەبدولحسێن عەباس، بەڕێوەبەری ناحیەی مەندەلی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند "ئەو کۆمپانیایە پێش مانگێک پرۆژەی قیرتاوکردنی نێوان نەفتخانەو مەندەلی وەرگرت، پێش ئەوەی پرۆژەکە تەواوبکەن هەڵاتون‌و پرۆژەکەیان بەنیوەناچڵی بەجێهێشت، تا ئێستاش دووجار خودی پارێزگارم لێ ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام هیچ لێپێچینەوەی بەرامبەریان نەکردووە".

ناوبراو، وتی "گومان دەکرێت کە بەرپرسانی ناو پارێزگا خۆیان ئاگاداری ئەم گەندەڵییە بوون‌و لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پشتگوێیان خستبێت".




مەندەلی، ئەو شارەی کەس خاوەنی نییە

## روونکردنەوە

لەژمارەی پێشووی رۆژنامەی "دەستوور"دا، لەچوارچێوەی راپۆرتێکی رۆژنامەوانی بۆچوونی منیش وەک رۆژنامەنووسێک لەسەر بابەتەکە وەرگیرابوو، بەم روونکردنەوەیە رایدەگەیەنم تەواوی ئەوقسانەو لەئێستاشەوە هەر بۆچوونێکی ترم هەبێت، بەهیچ جۆرێک گوزارشت لەبۆچوونی کەناڵی ئاسمانی knn ناکات‌و تەنها خۆم بەرپرسیارم لەم بۆچوونانە.

**داهێن هاشم**





# "چاوەڕێدەکەین ڕووداوەکانی ٢٠٠٥ی دهۆک، لەم هەڵبژاردنەدا دووبارە بێتەوە"

**دەستوور:** یەکێتی تر لەو هەنگاوانەی ناتان، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی بوو لەپلینۆمدا، قسەیەکی زۆر لەسەر بۆچوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی چ بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەو مامەڵەکردن لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا کۆکنین، دەڵێن بەڕێزتو کاک ئەرسەلان لەو گروپەن کە زۆر توندن لەگەڵ کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان؟

**مەلا بەختیار:** یەکەم: تۆ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ حەوت وتارەکەی کاک نەوشیروان ڕەگو ڕیشەی ناکۆکییەکانی خۆی لەناو یەکێتی باس دەکات، هەمووی دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی شاخو یەکەمین کۆنگرە کە قۆناغێک لەو قۆناغانە من هەر لەیەکێتی نەبووم، بەپێی ئاگاداری من کاک ئەرسەلانیش لەمەکتەبی سیاسی نەبووە، کاک ئەرسەلان لەدوای کۆنگرەی یەکەمەوە هاتۆتە سەرکردایەتی یەکێتی، ئەمە وتارەکانی کاک نەوشیروان وادەڵێت، من واناڵێم، دووەم: وەکو خۆت وتت، لەبەرامبەر کێشەیەکی ئاوا جیاوازدا زۆر ئاساییە بیروڕای جیاواز هەبێت، نائاساییە بیروڕای جیاواز نەبێت، خۆ ئێمە تیپی مۆسیقا نین بەپێی نۆتە هەڵوێست دەربڕین، نۆتەکانمان بۆ نەنووسراوە، ئەمە کێشەیەکی قوڵەو سەریهەڵداوەو هەریەکەکێک لەئێمە پێشبینیو بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبووە، سەرەنجام داوای هەڵوێستمان کردووە، پێشتر پێموتی لەناو مەکتەبی سیاسیدا هیچ کەسێک نەبووە وەکو ئێمەو توندتر لەئێمە، مەترسییەکانی ئەم ناکۆکیانەی نەزانیبێت کە کۆمپانیای وشە دروستیدەکات، بەڵام پێموتی چۆنیان دەربڕیوە جیاوازییەکە لەچۆنێتی دەربڕینەکەیدایە نەک لە مەبدەئی دەربڕینەکەدا.

**دەستوور:** جیاوازییەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتیو نەوشیروان مستەفادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**مەلا بەختیار:** لەبەرئەوەی کێشەکە خۆی قوڵە تا جیادەبێتەوە جیاوازی ڕەها هەڵدەگرێت، من دەتوانم بڵێم ڕەگو ڕیشەی کێشەی نێوان جەنابی مام جەلالو کاک نەوشیروان دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە لەساڵی (١٩٧٠)، لەدامەزراندنی یەکێتییش بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبووە کە هاتوونەتەوە بۆ شاخ بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبووە، جەنابی مام جەلال خۆی دەڵێت کە لەساڵی (١٩٨٤)وە تێگەیشتووم کە منو کاک نەوشیروان بەدوو هێڵی لاتەریبدا دەڕۆین.

**دەستوور:** باسی مێژووتکرد، کاک نەوشیروان لەیاداشتەکانو کتێبەکانیدا باس لەوەدەکات کاتێک شەهید ئارام شەهید دەبێت، پاڵێوراوە سەرەکییەکان بۆ سکرتێری کۆمەڵە بەڕێزتو کاک سالار عەزیز بوون، دەڵێ مام جەلال منی کرد بەسکرتێرو دان بەوەشدا دەنێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان مارکسی نەبووە، بۆچی تاڵەبانی بەوشێوە پشتگیری نەوشیروان مستەفای کرد؟

**مەلا بەختیار:** هەموو شتێک دەبێت بیگێڕیتەوە بۆ زەمانو زەمینەی خۆی، واتا ئێستا بەدابڕاوی بڕیار لەسەر ئەو زەمانە بدەیت هەڵەیە، ئەگەر ئێستاش لەو زەمانە بچەقێنیت هەڵەیە، هەموو شتێک دەبێت بگێڕیتەوە بۆ زەمانو زەمینەی خۆی، بێگومان مام جەلال لەدامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بەدەیان بەرامبەر زیاتر لەهەموو ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی بەباڵەکەی بزووتنەوەو کۆمەڵەشەوە، پشتیوانی کاک نەوشیروانیان دەکرد.

**دەستوور:** بۆچی؟

**مەلابەختیار:** لەپای ئەوەی یەکێتی هێزێک بووە تازە پێکهاتووە، پێویستی بەقابلیلییەت، نووسەر، ئەقڵ، ئەزموون دیدە هەبووە، کاک نەوشیروان یەکێک بووە لەو کەسانەو هاوڕێی مام جەلال بووە، سەبارەت بەوەی کە پرسیت، دوای شەهیدبوونی کاک ئارام، من تاکە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بووم کە چووم بۆ لێکۆڵینەوە لەشەهیدبوونی کاکە ئارام، ئەوکاتە شەهید ئازاد هەورامی بەهۆی کارەساتی هەکارییەوە گیرابوو، کاک سالاریش لەدەرەوەی وڵاتبوو، کاک ئارامیش شەهیدبوو، تاقە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان مابوویەوە من بووم لەناو وڵاتدا، لەڕاستیدا یەکەمین کەس کە نامەی بۆ جەنابی مام جەلال نووسیوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمەڵە بکرێتو کاک نەوشیروان بکرێتە سکرتێری کۆمەڵە من بووم، ئەمە باش بووبێ یاخراپ، بەقسەم کرابێت یان نەکرابێت، بەهۆی نامەکەی منەوە کرابێت بەسکرتێری کۆمەڵە، یا بەهۆی پشتیوانییەکەی مام جەلالەوە کرابێت بەسکرتێر، دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم، لەکۆبوونەوە فراوانەکەی کادرانی کۆمەڵەش (١٩٧٨) لەنۆکان، کاک نەوشیروان تەنها یەک دەنگ زیاتری لەمن هێناوە.

**دەستوور:** بۆچی داواتکرد نەوشیروان مستەفا ببێتە سکرتێری کۆمەڵە؟

**مەلا بەختیار:** لەبەرئەوە وتم با کاک نەوشیروان بێت، چونکە ئەوکاتە بەمن نەدەکرا، لەهەمان کاتدا لەناو

> مەرجەعی گۆڕان فەردە

شار باشترین ئۆرگانەکانی کۆمەڵە پشتیوانی منیان دەکرد کە ببمە سکرتێری کۆمەڵە، بەڵام بەڕاستی بەمن نەدەکرا، ئەوکاتە من تەمەنم کەمبوو، ئەزموونم کەمبوو، قەڵەمم لاوازبوو، توانای سیاسیشم ئەوکاتە کەمبوو، لەبەرئەوەی کەسی تریش شک نەدەبرا بۆیە کاک نەوشیروانمان هەڵدەبژارد بۆ سکرتێری کۆمەڵە، هاوڕێیانی دیکە لەساڵی (١٩٧٨) لەزیندان بوون ئازاد نەکرابوون، تەنها ئەوانە مابووینەوە کە هەبووین، خۆ ناشکرێت بچین سکرتێر قەرز بکەین، خۆ دەبێت لەو هەڤاڵانە بێت کە لەناوماندا مابوونەوە.

**دەستوور:** بچینەوە سەر بابەتی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی، تۆ لەگەڵ ئەوەدا بوویت لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاوبکرێتەوە؟

**مەلا بەختیار:** بەمشێوەیەی ئێستا بەڵێ.

**دەستوور:** کاک دکتۆر بەرهەم دەڵێت لەگەڵیدا نیم، کاک عیمادیش ئەڵێت دەستکاری کراوەو ئەوە دەقی ڕاپۆرتەکە نییە؟

**مەلا بەختیار:** من نامەوێت لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆم تاوەکو جەنابی مام جەلال خۆی ڕوونکردنەوە نەدات، چونکە ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی جەنابی مام جەلالە، ئەمە جگەلەوەی هەر هەڤاڵێکی تر قسەی جیاوازی لەسەر ڕاپۆرتەکە هەیە، هەق وایە لەناو مەکتەبی سیاسی باسی بکەینەوە نەک لەسەر ڕۆژنامە.



**دەستوور:** قسەیەک هەیەو گومان دەکرێت کە تۆ بەشێک دەستکاری ڕاپۆرتەکەت کردبێت؟

**مەلا بەختیار:** ئەگەر نەرمترم نەکردبێت، ڕەقترم نەکردووە، دەقە ئەسڵییەکەو دەقە نەرمکراوەکەشم لایە.

**دەستوور:** ئەوترێت جۆرێک لە بێتەنسیقی لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا هەیە، بۆ نمونە کاک عیماد ئەڵێت دەستکاری کراوە، کاک بەرهەم دەڵێت لەگەڵیدا نیم، تۆ بەشێوەیەکی دیکە؟

**مەلا بەختیار:** وەڵامەکەم دایەوە.

**دەستوور:** بابەتێکی دیکە کە زۆر قسەی هەڵدەگرێت مەسەلەی پەیوەندی یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕانە، پێشتر دەوترا بزووتنەوەی گۆڕان یان لیستی گۆڕانو کۆمپانیای وشە بەشێکن لەیەکێتی، هەتا پارتیش بەشێک لەو گومانەی هەبوو، خەڵک بەجۆرێک لەجۆرەکان دڵنیا نەبوو ئایا ئەمە یارییەکی نێوان مام جەلالو کاک نەوشیروانە، تەفسیری زۆری بۆ کرا، بەڵام سەرەنجام کاک نەوشیروان لەڕاگەیاندنەکاندا وتی: چیتر ئێمە یەکێتی نینو یەکێتیمان جێهێشتووە بۆ خاوەنەکانی، بۆچی ئێستا یەکێتی وەک تەیارێکی سیاسی لەدەرەوەی خۆی حساب بۆ ناکات؟

**مەلا بەختیار:** ئێمە سکرتێر، سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی، ئۆرگان، پەیڕەو پرۆگرامامان هەیە، مەڵبەندو مەکتەبەکانو ئەنجومەنمان دروستکردووە، مەرجەعییەتی ئێمە دەزگای ڕەسمییە، سکرتێری گشتیش دەسەڵاتەکەی سنووردارە لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بەڵام ئەوان مەرجەعیان فەردەو دەزگای ڕەسمیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم بارەشەوە، ڕەچاوی ئەرکە یاساییەکانمان کردووە، بەپێی یاساو لەحکومەتو سەرۆکایەتی هەرێمو لەپەرلەمانی کوردستان مامەڵەیەکی ئوسولیمان لەگەڵدا کردوون، بەیەکەوە لەپەرلەماندان، لەکۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمدا ئەوان ئامادەبوونو ئێمەش ئامادەین، قەت نەمان وتوە ئەگەر ئەوان ئامادەبن ئێمە ئامادە نابین، کاک بەرهەم لەکاتی پێکهێنانی حکومەتەکەیدا لەگەڵ هەموو حیزبەکاندا دانیشتووە بەکاک نەوشیروانیشەوە، بەڵام لەڕووی حزبییەوە ئێمەلەگەڵیان دانانیشین، ئەوان خۆ حیزب نین تا لەگەڵیان دابنیشین، ئۆرگانیان نییە، دەزگایان پێکنەهێناوە، ڕێککەوتن لەگەڵ کێ بکەین، خۆیان دەڵێن کۆمپانیای وشە پەیوەندی بەگۆڕانەوە نییە، ئێ گۆڕانیش حیزب نییە، ئێمە چی بکەین لەو ناوەندەدا، هەرکاتێک بوون بەحیزبو هەڵبژاردن بکەنو لەهەڵبژاردنەکەشدا بەپێی یاسا دادوەر بڕوات بۆ هەڵبژاردنەکەو مۆڵەتی حیزبی وەربگرن، ئەوکاتە ئێمەش دیدی خۆمان ڕۆشندەکەینەوە.

**دەستوور:** دەوترێت هەر لەسەرەتاوە کاک نەوشیروان نییەتی ئەوەی هەبووە لەیەکێتی بێتەدەرەوە، حیزبێکی سیاسی دروستبکات، بەڵام مانەوەو بەهەڵواسراوی هێشتنەوەی مەسەلەکە، بۆ ئەوەبوو دۆخی یەکێتی بەشڵۆقی بهێڵێتەوە، بەردەوام یەکێتی لەقەیراندا بێت، دەڵێن ئێستا یەکێتیش دەزانێت ئەوان سودیان لەو دۆخە وەرگرتووە، ئێوەش دەتانەوێت ئەوەی لەئەنجامی قەیرانەکەی کە لەیەکێتی دەستیانکەوتووە لێیان وەربگرێتەوە؟

**مەلا بەختیار:** منیش پێموایە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت وابووەو ئەوان وایانکرد، بەشی دووەمی پرسیارەکەت پێشتر وەڵامم دایتەوە.

**دەستوور:** بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەڕۆینو بەشێوەی لیستی نیمچەکراوە دەبێت، بەپێی هەندێک لێکدانەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەڵێن گۆڕان لەیەکێتی زیاتر دەهێنێت، ئێوە بەو پێشبینییەی کە کردووتانە بەنیازی چەند کورسین؟

**مەلا بەختیار:** بەش بەحاڵی خۆم من ناتوانم هیچ بڵێم، لەڕاستیدا لەبەرئەوەی دەزگایەکی زانستی ڕاپرسی لەکوردستاندا نییەو ئەوەی هەیە وەکو ئەوانەی ئەورووپا نییە، ناتوانین پشت بەو ڕاپرسییە ببەستین، ئەگەرنا دەزگای ڕاپرسی بیانی ڕاپرسی کردووەو ئێمە وەزعمان باشترە، بەڵام نەئەمەو نەئەوە، ناتوانین هیچ جۆرە قەزاوەتێکی تێدا بکەین، هەڵیدەگرین بۆ ئەوەی بزانین ئەدای حکومەتمان، خۆمان، هێزەکانی هاوپەیمانمان، هەمووومان ئەو بەرنامەیەی هەمانە چۆن جێبەجێی دەکەین، لەدوا ئەنجامدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان متمانە بەلیستی کێ، بەئەداو بەسیاسەتو دروشمو مسداقییەتی کێ باوەڕ دەکات؟ بۆیە ناتوانم هیچ جۆرە فاڵێک بگرمەوە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم دۆخی هاوپەیمانی کوردستان بەچاک دەبینم، دۆخی یەکێتیش لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەچاکتر دەبینم.

**دەستوور:** لەپارێزگای سلێمانیدا گۆڕان دەنگی لەیەکێتی زیاتر هێنا کە پارتیش هاوپەیمانی بوو، بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئێوە تاچەند ئەو جیاوازییە کەمدەکەنەوە؟

**مەلا بەختیار:** بەبۆچوونی من پێموایە لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا جیاواز دەبێت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەلیستی یەکێتیو گۆڕان، دەتوانم بڵێم یەکێتی وەزعی باشتر دەبێتو دەنگی زیاتر دەبێت.

**دەستوور:** مەسەلەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیو پەیوەندی ئێوە لەگەڵ پارتی قسەی زۆری لەسەر دەکرێت، دەڵێن پارتی پابەندی ڕێککەوتننامەکە نییەو پێداگیری دەکات لەپۆستەکاندا؟

**مەلا بەختیار:** پەیوەندی ئێمەو پارتی لەوە چووەتەدەر کە کەسێک بسەپێنرێت، چونکە بواری لێک تێگەیشتنو گفتوگۆو ڕێککەوتن لەنێوانماندا بەهێزە، پێموایە ئێمە باش تێدەگەین کە ناتوانین بەسەر پارتیدا هیچ شتێک بسەپێنینو پارتیش باش تێدەگات کەناتوانێت بەسەر یەکێتیدا هیچ کەسێک بسەپێنێت، لەئەنجامی ئەو تێگەیشتنەوەیە ڕێککەوتنمان کردووە، پۆستە هەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانمان هاوسەنگ دیاریکردوە.

**دەستوور:** ئەوەی دەیڵێیت ڕاستە، بەڵام لەئەنجامی لاوازبوونی پێگەی یەکێتی لەپارێزگای سلێمانی، بەشێک لەئەندامانی سەرکردایەتی پارتیو کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی حیزبیان وتار دەنووسن بەو ئاراستەیەی یەکێتی هاوشانی پارتی نییە، بۆئەوەی زەمینەیەک خۆشبکەن بۆئەوەی هاوسەنگی لەگەڵ یەکێتی نەپارێزن، بۆ نمونە پۆستەکەی دکتۆر بەرهەم لەبەغدا پشکی یەکێتی بوو، پارتی لەبەرامبەر ئەوەدا سێ وەزیری هەبوو لەکۆی ٥ وەزیری لیستی هاوپەیمانیدا؟

**مەلا بەختیار:** بڕیاروایە وەزیرێک وەربگرینەوە، دووەمیش وەک پێموتی مەسەلەی سەپاندن دەبێت ئێوە باش وردببنەوە ئەو مەسەلەیە لەنێوانماندا نەماوە، نە ئێمە هەڵەکانی ڕابردوو دەکەینەوە نەئەوانیش هەڵەکانی پێشووتر دووبارە دەکەنەوە، بۆچوونی ئێمەو ئەوان جیا بێت بۆ هەر پۆستێکو بۆ هەر کارێک ئەمە شتێکی ئاساییە، خۆ ئێمە نەمانووتووە بوینەتە یەک حیزب، وتومانە دوو حیزبین لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیدا، لەبەرئەوە هەم کۆکیمان هەیە لەسەر شتەکانو هەم ناکۆکی.

> دەستکاری ڕاپۆرتەکەی پلینۆمی مام جەلالم کردووە

**دەستوور:** دانانەوەی کاک کۆسرەت وەک جێگری سەرۆکی هەرێم بۆچی دواکەوتووە؟

**مەلا بەختیار:** بیروڕای جیاوازمان لەم بارەیەوە هەیە.

دەستوور: بەڵام هەست ناکەیت زۆری پێچووە، ئایا هەر کاک کۆسرەت دادەنرێتەوە؟

**مەلا بەختیار:** بەڵێ زۆری پێچووە، بەهۆی سەرقاڵیو شتەکانی دیکەوە، هێشتا هەردوو مەکتەبی سیاسی قسەی لەسەر دانانی جێگری سەرۆکی هەرێم نەکردووە، بەڵام هەر کاتێک هەردوو مەکتەبی سیاسی قسەمان لەو مەسەلەیە کرد، بیروڕامان بەڕۆشنی دەڵێین.

**دەستوور:** ئەگەر پارتی پابەندی ئەم ڕێککەوتنە نەبێت، پێتوایە زەربەیەک بەر ئەزمونەکە بکەوێت؟

**مەلا بەختیار:** بێگومان ئەگەر ئێمەو پارتیش پابەندی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نەبین لاسەنگییەکی خراپ دەکەوێتە دۆخەکەوە، ڕەنگدانەوەی لەهەموو ئاستو ئاراستەکاندا دەبێت، لەوانەیە کارەساتەکانی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە، بەڵام لەسەرجەم ئاستەکاندا ڕەنگدانەوەی خراپ دەداتەوە.

**دەستوور:** ئەگەر لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا کاندیدەکانی پارتی دوو بەرامبەر، یان لەیەکێتی زیاتریان دەرچوون، ئەوکاتە دەستکاری ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکە ناکرێت؟

**مەلا بەختیار:** ئەگەر دووبەرامبەری ئێمە هێنا، دانی پێدا دەنێین کە ئەوان حیزبێکی بەهێزترن لەئێمە، ئەگەر ڕێژەیەکیش زیاتر بوو، دانی پێدا دەنێین کە ڕێژەیەک لەئێمە زیاترن، بەڵام باوەڕناکەم کاریگەری هەبێت بۆ سەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی، بۆ ئەم چەند ساڵەی کە ڕێککەوتووین ئیشی خۆی دەبێت بباتەسەر.

**دەستوور:** تەوەرێکی دیکە کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەین مەسەلەیە ڕێکخستنەکانی یەکێتییە لەدەرەوە، دەوترێت بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندایە، بەمدواییانە سەردانی دەرەوەت کرد، باروودۆخی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتی چۆن دەبینیت؟

**مەلا بەختیار:** باشتر لەجاران دەبینرێت، ڕاستییەکەی ڕەوەندی کوردی لەدەرەوە باشتر دەبینم، ڕاستییەکانیان تا ڕادەیەک باشتر بۆ دەرکەوتووە، پرسیاری جدییان هەیە، ئامادەبوون لەکۆڕەکاندا زۆر قەرەباڵغبوو، جگە لەکۆڕی نەمسا، چونکە کورد لەنەمسا کەمە (١٢٠) کەسێک هاتبوو، لەکۆڕەکانی دیکەدا لەسێ سەد کەس کەمتر نەهاتبوون، بێجگە لەوەی خەڵکێکی زۆر دڵسۆزو بێلایەنی کوردیش هاتبوون، پرسیاری زۆر پەرۆشاییان دەکرد، ڕێکخستنەکانیشمان دەتوانم بڵێم (٥٠٪) زیاتری کێشەکانیان لەکۆڵبووەتەوە، چونکە پێشتر کێشە زۆربوو لەلایەن ئەوانەی ڕەگ بوونو ئەوانەی لەژێرەوە لەگەڵ کۆمپانیای وشەدا بوون، بەرپرسیاربوون لەمەڵبەندەکان بەئاراستەی خۆیان ئیشیانکردووەو ئەوپەڕی هەوڵیانداوە کەس لەدەوری یەکێتی نەمێنێت.

**دەستوور:** لەیەکێک لەکۆڕەکانتدا لەدەرەوە گەنجێک تەماتەی تێگرتیت، ئەوە چۆن بوو؟

**مەلا بەختیار:** مەسەلەکە ئەوەبوو، کۆڕێکمان هەبوو لەئۆسلۆ، دوای تەواوکردنی کۆڕەکە، کەسێکی گەنج هەستا تەماتەیەکی گرتە شانۆکە، ویستی دووهەمی تێبگرێت ئەوانەی پارێزەری هۆڵەکە بوون، پەلاماریان داو هەرچەندە ویستم ئەزییەتی نەدەن، بەڵام کاردانەوەکە بۆ تەمبێکردنی توندبوو، لەناخەوە پێمناخۆش بوو، بەڵام ڕەفتارەکە زۆر ڕەفتارێکی ناشارستانی بوو، دڵنیام کە ئەوانە لیژنەیەک هەبوو بەسێ کەس ئەو بڕیارەیان داوە، هەرسێکیان دەناسم، بەبەرنامە کردوویانە، من ئەمەم پێناخۆشە، ئەو کارەشیان لەڕێگەی کەسێکەوە ئەنجامدا لێرە لەکوردستان چەقۆی داوە لەکەسێکی دیکەو لەبەردەم داداگای کوردستان هەڵهاتووە بۆ نەرویج، هەروەها لەسەر دزیش حوکمی تر دراوە لەکوردستاندا کە ئەمەش یەکێکە لەشتە خراپەکانی ئەورووپا کە تاوانبار داڵدە دەدەن بەناوی مافی مرۆڤەوە.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن خەریکە دۆخەکە وای لێدێت، مەسەلەن جاران سەرکردەکانی یەکێتی دەچوونە دەرەوە پێشوازییان لێدەکرا، بەڵام ئێستا تەماتەیان تێدەگرن؟

**مەلا بەختیار:** پێموتی، من زۆر کۆڕم کردووە پێشتر لەئۆسلۆش کە نە ڕەگ جیاببوونەوەو نە مەڵبەندی دەرەوەمان شێوابوو، تەنها ٢٠٠ کەس دەهاتن، بەڵام ئێستا زیاتر لە٣٥٠ کەس ئامادەبوون، گەنجێک ڕەفتارێکی ناشارستانی دەکات، با نەیگشتێنین بەسەر ڕەوەندی کوردیو دڵسۆزو تێکۆشەرو ڕووناکبیری پارچەکان کە پەرۆشییەکی زۆرم لێبینین، لەڕاستیدا بەهۆی یەکێکەوە خەڵک ناشرین نەکەین.

> خەڵك بۆی دەرکەوت بەدروشمو بەرنامەی پروپاگەندەو ڕۆژنامەکان ستراتیژی گۆڕانکاری نایەتەدی

> پارتی پابەندی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی نەبێت، ڕەنگدانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە

# "پارتی باش تێدەگات کەناتوانێت هیچ بەسەر یەکێتیدا بسەپێنێت"

## مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ دەستوور


سازدانی: وریا حەمەتاهیر

**مەلا بەختیار کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت: بەپێی ئەو هەنگاوانەی ناویانە بۆ خۆڕێکخستنەوە، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەگۆڕان زیاتر دەنگ دەهێنن، دان بەوەشدا دەنێن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو رایچڵەکاندوون.**

**رەخنەی لەسیاسەتەکانی نەوشیروان مستەفاو هاورێکانی گرتو وتی: نەرمی یەکێتیان قۆستەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیان.**

**دەستوور:** لەدوای ٧/٢٥، راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکردایەتی یەکێتی تووشی شۆککرد، یەکێتی بڕیاریدا پێداچوونەوە بەرێکخستەکانیدا بکات، هەنگاوەکانی خۆڕێکخستنەوە تـاکـوێ رۆیــشــتــووەو چـەنـدی جێبەجێکراوە؟

**مەلا بەختیار:** لەراستیدا ئێمە کتومت چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە نەبووین کە لەهەڵبژاردندا رووبەڕوومان بوویەوە، دڵنیاشم هەموو لایەنەکان لەپێشبینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کـەمو زۆر بەهەڵەچوون، ئێمە دەمانزانی بەرامبەر بەحکومەت نارەزایی هەیە، دەشمانزانی نارەزاییەکە زیاد لەقەبارەی خۆی لەناو خەڵکدا بەمەزاجی سیاسی ئاشکراو شاراوە لەراگەیاندنەکاندا گەورەترکراوە، بـەڵام نەماندەزانی قەبەکردنەکەش لەلای خەڵک لێیان بۆتە راستی، ئەوەی هەڵەیە، هەڵەیە، ئەوەی گەندەڵییە بەقەد ئـەوەی کە هەیە گەندەڵییە، چونکە تائێستا دەزگایەکی توێژینەوەی زانستـی رادەی گەندەڵییەکەی دەستنیشان نـەکـردووە، نە بانکی نێودەوڵەتی نە هیچ هیچ دەزگایەکی ئابووری، نە هیچ لیژنەیەکی ئابووریو ئیداری دەستنیشانی رادەی گەندەڵیو شێوەکەیو سەرچاوەی گەندەڵییەکە، بەپرسیاری گەندەڵییەکە لەکوێوەیە، نـەکـردووە، بـەڵام ئـەم هەڵمەتی پڕوپاگەندەی دژایـەتـی حکومەتە بەو قەبارەو قەبەکراوییەی کەباسی دەکـەم، کارێکی کاتییە لەمێژوودا، حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دروستبوو بەهۆی ئـەو قەبەکردنەی کەباسی دەکــەم، بەوهۆیەشەوە پاڵنەرێکی راستـەوخۆ بـوو بـۆئـەوەی خەڵک بەوشێوەیە دەنگبدات، من دەپرسم: حاڵەتی سایکۆلۆژیا ئایا تیۆریزەکراوە، لـەبـارەی ئابوورییەوە پـاساوی بۆ هێنراوەتەوە، لەبارەی ئایدۆلۆژییەوە ئامرازی بۆ پێکهێنراوەو حیزبی بۆ پێکهێنراوە، ستراتیژی بۆ دارێژراوە، وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە تا ئێستا نابینین، ئێمە نایشارینەوە راچڵەکین بەو سەرەنجامە، بەڵام نە سەرکەوتنی گــەورە لەخۆباییمان دەکــات، نە ئەنجامی ئاواش چۆکمان پێدادەدات، راچڵەکین بۆ ئەوەی لەبنجو بناوانی کێشەکان تێکرا بکۆڵینەوە، سەرەنجام



مەلا بەختیار

بەرنامەیەکو پرۆژەیەکو ستراتیژێکی تازە پێکبهێنین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەوحاڵەتەی دووچارمان بوو، لەراستیدا توانیومانە لەپێش پلینۆمو دوای پلینۆمو دواتریش هەندێک هەنگاوی گرنگ بنێینو بـەردەوامـین، ئەگەر بەئارەزوو بوایە، لـەدوای هەفتەیەک لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حەزمان دەکرد هەموو کێشەکانمان چارەسەر بکەین، ئەگەر بەمانگێکیش بێت، گۆڕانکاری تەواو بەدیبهێنین، بەڵام بۆمان دەرکـەوت ئەو نوشستە بکەینە مایەی گۆڕانکاری، پێویستی بەکات هەیە، پێویستی بەبەرنامەو کۆششی زۆر هەیە.

**دەســتــوور:** ئــەو رێگرییانە چین کە وا دەکــات ئێوە نەتوانن دەستکراوە بن لەراستکردنەوەی هەڵەو شکستەکەتان؟

**مــەلا بەختیار:** رێـگـری زۆرن، یەکەم: کێشە سیاسییەکانی ناوچەکەو عێراق، ململانێو پیلانەکان، دووەم: پێشینەیەکی دەسەڵاتدارێتیو بنەماو کلتورێکی دەسەڵاتدارێتی کوردستانیمان نییە، تابتوانین چاک بەخراپ بەراورد بکەینو زوو چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە لەم چەند ساڵەدا هەموومان لێی بەرپرسیارین، دەبێت ئەزمونێک بەئەزمونێکی دیکە تێپەڕێنین، ئەم تاقیکردنەوەیە تازەیە بەنیسبەت ئێمەوە.

مـەسـەلـەیـەکـی دیـکـە کـە زۆر گرنگە، ئەوەیە لەناو ئێمەدا بەهەزاران تەکنۆکرات، بـەهـەزاران پرۆفیسۆرو خەڵکی بەتواناو قاڵبوو، شارەزا، لــەدەزگـا نییە، وڵاتـێـک چەندین دەزگــای دیـاریـکـراوی هەیە دەیان کەسایەتی شـــارەزای هـەیـەو ئەو مامۆستاو پرۆفیسۆرانەی کە هەمانە بەشی زانکۆکانی خۆمان ناکات، بۆیە لەئێستادا ناتوانین بەئارەزوو بۆ گۆڕانکاری بڕیاربدەین، بەپێی تواناکانی ئێستامان دەتوانین بڕیاربدەین بۆ گـۆڕانـکـاری، گـۆڕانـکـاری بەشێکە لەمێژووی دیموکراسی، دیموکراسی ملکەچ نییە بۆ گۆڕانکاری، گۆڕانکاری ملکەچە بۆ پرۆسە مێژوویەکەی دیموکراسی، ناکرێت گۆڕانکاری زاڵ بکەیت بەسەر پرۆسەی دیموکراسی، پرۆسەی دیموکراسی پرۆسەیەکی مێژوویە، ئەم پرۆسەیەک زەمان، هەلومەرج، زەمینە، قۆناغ، پاشکەوتنو سەرکەوتن، پێشکەوتنو شکست، دژو پیلانگیری، پەرۆشو تێکۆشەری هەیە.

**دەستوور:** هێندە گۆڕانکاریتان کــردووە، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، دۆخەکە هاوسەنگ بکاتەوە؟

**مەلا بەختیار:** ئەو سەرئێشانەی لــەهــەڵــبــژاردنــی پــەرلــەمــانــی کوردستان هەمانبوو، بەشێکیمان لەکۆڵکردووەتەوە، دڵنیاییەکی بەرچاو لەناو ریزەکانی ئێمەو دۆستەکانو جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتوەتەدی، دەتوان بڵێم هاوکێشەکە تاڕادەیەک پێچەوانە بووتەوە، لەشەش مانگی رابردوودا خەڵک بۆی دەرکەوت بـەدروشـمو بەرنامەی پڕوپاگەندەو رۆژنـامـەکـان ستراتیژی گۆڕانکاری نـایـەتـەدی، خەڵک بـۆی دەرکــەوت گۆڕانکاری بەڕاستی کاتی دەوێت، زەمینەو هەناسەی دەوێت، ئێمە ئێستا باشتر لەجاران هەنگاو دەنێین، ئێمە ناتوانم بڵێین هەموو کێشەکانمان چارەسەرکردووە، بایی ئەوەی پلینۆم بەرپرسیارێتی خستووەتە سەرشانمان، هەنگاوی باشترمان ناوە، بەڵام پلینۆم لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکەی دیاریکراوە، باقـی چـارەسـەرەکـەی بەکۆنگرە سپێردراوە کە لەناوەڕاستی مانگی (٥)ی ئەمساڵ دەبەسترێت، ئەوکاتە بێگومان کێشەو گرفتی زۆرترمان چارەسەر دەکەین.

**دەستوور:** بەشێک لەو هەنگاوانەی کە نـراوە دروستکردنی ئەنجومەنی ناوەند بوو کە شێوازی کارکردنیان زۆر روون نەبوو، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی جارێک دەیانوت، ئەمە وەک پەرلەمانێک وایە، جارێکی تـر دەیـانـوت وەک ئەنجومەنێکی راوێژکارییە، پێتوابوو دروستبوونی ئەو ئەنجومەنە شتێکی زەروری بێت؟

**دەســتــوور:** شتێکمان داهێنا، سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی پەیوەستە بەئەدای ئەنجومەنەکە، ئەزمونی تازە ناتوانرێت فاڵی بۆ بگرینەوە، بزانین ئایا ســەردەکـەوێـت یـاخـود نـا، با لێیگەڕێین ئەو ئەزمونە تاقی بکرێتەوەو بچێتە ناو بوارەکانی ژیانی حیزبایەتی ئێمەوە، دوای کۆنگرە شەنو کەوێکی دەکەینەوە، لایەنی گەشی زۆربوو گەشتری دەکەین، لەم کۆنگرەیەدا ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، بەڵام لەکۆنگرەی داهاتوودا ئەگەر لایەنی کەموکوڕی زۆرتربوو، ئەوا بڕیارێکیتر دەدەین.

**دەســتــوور:** بـاسـی ئەوەتکرد لەئەنجومەنەکە دەگـەڕێـن ئیش بکات، بەڵام لەدوای شکستی حیزب لــەدوای ٧/٢٥ ئــەو ئەنجومەنە بۆ چارەسـەرکـردنـی کێشەکانی ناو یەکێتیو لەچوارچێوەی هەنگاوە بەپەلەکاندا دروستکرا، ئەگەر ئێوە لێیبگەڕێن بزانن ئەنجومەنەکە چۆنە، چۆن دەتوانێت بەشێک لەو بارە گلاوە بگرێتە ئەستۆو چاکی بکاتەوە؟

**مەلا بەختیار:** نەمانوتووە لێی ئەگەڕێین، ئەنجومەنەکە بەشێکە لەپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، ئەو ئەنجومەنە راستەوخۆ پەیوەندی بەبەڕێز سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە هـەیـە، ئێمە لێیناگەڕێین، کارلێکێکی تـەواو لەنێوان سەرکردایەتیو ئەنجومەنەکەو مەکتەبی سیاسیو لەپێش هەموویاندا سکرتێری گشتی هەیە، هەوڵدەدەین بەپێی دەسەڵاتەکانی پەیڕەوی ناوخۆ ئەرکەکانی جێبەجێبکاتو سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

**دەستــوور:** ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتی ئامادەن لـەلایـەن ئـەو ئەنجومەنەوە لێیان بپرسێتەوە؟

**مەلا بەختیار:** پەیڕەوی ناوخۆ هەرچی وتبێت، هەموو کەسێک دەبێت ملکەچی بێت بەبێجیاوازی.

دەستوور: لەو بڕوایەدایت ئەندامانی ئەنجومەن بتوانن ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبەکان ببەنە بەردەم ئەنجومەنەکەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن؟

**مەلا بەختیار:** بەئاسانی.

**دەستوور:** قسەیەکی زۆر لەدانانو دەستنیشانکردنی ئەندامەکان دەکرێت، دەوترێت ئەمە بۆیە دانراوە (٨٠) بنەماڵە لــەدەوری یەکێتی زیزبوون، بەهۆیەوە ئاشتیاندەکەنەوە، دەوترێت کوتلەکانی یەکێتیو مەکتەب سیاسییەکان پشکیان هەبووە لەئەنجومەنەکە؟

**مــەلا بەختیار:** ئـەگـەر لەمن دەپرسیت خۆم کارگێڕی مەکتەبی سیاسیمو هیچ پشکێکم نەبوو، قسەشمان لەسەر هەموو کاندیدەکان کردووە، پێموایە ئەوەی پێش پلینۆم قسە دەکرا لەسەر هەڵبژاردنی خەڵک ئێستا تاڕادەیەک بنەمایان نەماوە، بۆ نمونە گرنگترین شت هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقە، بـەدوو فلتەری هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانو فلتەری راپـرسـی رێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵی مەدەنی تێپەڕیوە، دەتوانم بڵێم زیاتر (٩٠٪) کاندیدەکانی یەکێتی بەو دوو فلتەرەدا تێپەڕیون، دواتر بەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیدا تێپەڕیون، ئەندامانی ئەنجومەن لەئێستادا نەدەکرا بەهەڵبژاردن بیکەین، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ وا نالێت، بەڵام دڵنیام کۆنگرە میکانیزمێک بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن دادەنێت، بڕواناکەم حزب هەبێت لەسەر دیاریکردنی کاندید بۆ پۆستە گەورەکان بیروڕای جیاوازی تیانەبێت، لـەڕوانـگـەی دەزگاکانو ئـەنـدامـانـی مـەکـتـەبـی سیاسی حیزبەکانەوە هەوڵنەدرێت شیاوترین کەس دیاریبکرێ، زۆرتر هەوڵ بۆ ئەو کەسەش نەدرێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە لەحیزبدا.

**دەستوور:** تۆ دڵنیایت کە هیچ تەکەتولو هیچ باڵێک لەسەر دانانی کەسەکانەوە نەبووە؟

**مــەلا بەختیار:** نـاتـوانـم بڵێم ئـاسـەواری تەکەتول نەماوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم لەدوای پلینۆمەوە، ئەو پێوەرانەی پێشتر کـاری تیادەکرا بەشێکی بـەرچـاوی لەچەند مانگی رابردوو کاریان پێنەکراوە.

**دەستوور:** یەکێکیترلەوهەنگاوانەی کە بۆ رێکخستنەوە ناوتانە، گۆڕینی شێوازی کارکردنی راگەیاندنی یەکێتییە، بەتایبەتی لەکوردستانی نوێ، ئایا یەکێتی پێیوایە ئەو شکستەی پێشتر تووشی بووە، لەهەڵای راگەیاندنەکانی کۆمپانیای وشەبوونو ئێستا دەتانەوێت ئێوەش لەڕێگەی راگەیاندنەوە دۆخەکە هاوسەنگبکەنەوە؟

**مەلا بەختیار:** هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەگۆڕانو کۆمپانیای وشە لەمەکتەبی سیاسییەوە بۆچوونی جیاوازی تیابوو، بەڵام لەجەنابی مام جەلالەوە تا زۆربەی مەکتەبی سیاسی دەیانزانی کە کۆمپانیای وشە چ زیانێک بەیەکێتیو ئەزمونەکە دەگەیەنێت، بەڵام ئەوپەڕی دانیان بەخۆیاندا گرت بۆئەوەی بتوانن بەئاراستەیەکی ترو بەئارامتر ئەو کێشەیە چارەسەربکەن، ئێـمـە لـەمـەکـتـەبـی سـیـاسـی کە دانیشتووین هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هەستناکەم بەهەڵەچووبن بـەرامـبـەر گــۆڕان، بەڵکو هەندێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەناو مـەکـتـەبـی سـیـاسـی کـە قسەیان کردووە، لەرۆژنامەنووسەکان رۆشنتر هەڵسەنگاندنیان بۆ گـۆڕان هەبوو، بـەڵام ئەزمونی کێشەکانی مێژووی کورد پاڵنەربوون بەرامبەر کێشەیەکی دیکەی ناو یەکێتیی بەشێکمان بەو ئارامییە رەفتاربکەن، بـەڵام لەدوا سەرەنجامدا دەرکــەوت سیاسەتی خۆپارێزی راگەیاندنی یەکێتی ناتوانێت دەستەبەری جیانەکردنەوەی گۆڕان بێت لەیەکێتی نیشیتمانی کوردستان، سەرەنجام هەرجیابوونەوەو سووریش بــوون لــەســەری، دەشتـوانـم بڵێم: سوودیان لەو نەرمییەی مام جەلالو ئـەنـدامـانـی مـەکـتـەبـی سیاسیو خۆپارێزییەی بەشێکی راگەیاندنی یەکێتیش بینی.

**دەستوور:** ئێستا دەوترێت چۆن رێکخستنەکان مەکتەبی سیاسییان بەهەڵەدا برد، ئەمجارە راگەیاندنی یەکێتی خەریکە هەمان هەڵە دەکاتەوە، بۆ نمونە لـەبـارەی گەڕاوەکانەوە، دەوترێت ئەوانەی کوردستانی نوێ دەڵێت گەڕاونەتەوە، کۆیان بکەیتەوە لەو (٢٥) کورسیەی گۆڕان زیاترە؟

**مەلا بەختیار:** بۆم باس کردیت لەپێش پلینۆمو دوای پلینۆمیش یەکێتی بڕیاریدا بۆ مـاوەیـەک راستییەکان رۆشنتربکاتەوە، راگەیاندنی ئێمە کەوتە خۆی زۆر شتی رۆشنکردەوە، بەداخەوە پێشتر نەرمی راگەیاندنی یەکێتی بەوەلێکدەدرایەوە کە یەکێتیی نایەوێت دابەزێتە ئـەو ململانێیە، لەبەرئەوەی بەحساب بەڵگەنامەیەکی زۆرمان بەدەست لایەنی بەرامبەرەوە هەیە، یاخود هۆیەکی دیکەی بەدواوە بێت، بەڵام دەرکەوت کە یەکێتی قسەی هەیەو زانیاری هەیەو دەتوانێت زۆر فراوانتر لەوەی کە بیری لێدەکرێتەوە هەڵمەتی راگـەیـانـدن بـۆ بەرگری لەحزبەکەی دەستپێبکات.

ســەبــارەت بەهاتنی ئەوانەی دەنگیشیان بەگۆڕان داوە، بێگومان پێشوازیەکی گەرم لەهەموو ئەوهەڤاڵانە دەکەین کە دێنەوە ریـزی یەکێتی، خەڵکێکی زۆر باشیش هاتوونەتەوە، بەڵام لەئاستی ئەو رێژەیەدا نییە کە تۆ دەیڵێیت، گۆڕان زیاتر لە٤٠٠ هەزار دەنگی هێناوە، تا ئێستا پێشوازیمان لــە (١٠) هــەزارو (٢٠) هــەزار کەس کــردووە، نازانم ئەو بــەراوردە چۆن کــراوە، جگەلەوەش بیرتان نەچێت رێژەیەکی زۆرکەمی یەکێتی چوونەتە ناو گۆڕانەوە، ئەو دەنگانەی کە گۆڕان هێناویەتی تەنها دەنگی یەکێتی نییە، ئەگەر گــۆڕان تەنها دەنگی کادیرو ئەندامانی یەکێتی ببردایە، رەنگە دوو کورسیشی نەبردایە لەپەرلەمانی کوردستان، دەنگی خەڵکی بێلایەنیان بــردووە، دەبێت ئــەوەش بیرنەچێت لەپێنج ساڵی رابــردوودا چەند هەزار کەسێک مافی دەنگدانیان هەبووەو شمولی دەنگدانیان کردووە، دووەمیش هەمیشە لەهەموو هەڵبژاردنەکانیشدا (٣٠٪ بۆ ٤٠٪) خەڵک دەنگ نادات، ئاڵوگۆڕ لەدەنگدەردا لەناو هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەردەوامە.

**دەســتــوور:** بەقسەکانتدا دەردەکەوێت بەشێکی زۆری ئەوانەی دەنگیان بەگۆڕان داوە گەنجن، پێتوایە رێکخراوەکانو رێکخستنەکانی یەکێتی نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی گەنجان بکەن؟

**مەلا بەختیار:** دەتوانم بڵێم ئەو ئاڵۆزییەو ئەو بیروبۆچوون بەهەڵە چــوونــە، هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی گرتووەتەوە، ناتوانین بڵێین تەنها لاوی گرتووەتەوە.

**دەستوور:** پێتوایە خەڵک بەهەڵەدا چووە؟

**مەلا بەختیار:** بەش بەحاڵی خۆم پێموایە بەشێکی ئەو خەڵکانەی دەنگیان بەگۆڕان داوە، بەهەڵە لەکێشەو پڕوپاگەندەکان تێگەیشتون یان هیچ تاقیکردنەوەیەکیان لەگەڵ جەمسەرو کەسایەتیەکاندا نەبووەو لەدورەوە هەواڵو پڕوپاگەندەیان بیستووە یان هەندێک زانیاریان هەبووە، یان چەواشەکراون یان مەغدوور بوون.

ل٥

نەوشیروان مستەفاو هاورێکانی بۆیە جیانەبوونەوە بەیەکجاری تا هەڵبژاردن، بۆئەوەی یەکێتی لەقەیراندا بمێننەوەو قازانج لەو دۆخە بکەن

یەکەمین کەس کە نامەی بۆ جەنابی مام جەلال نووسیوە بۆئەوەی کاک نەوشیروان بکرێتە سکرتێری کۆمەڵە من بووم

# "چاوەڕێ دەکەین ڕووداوەکانی ٢٠٠٥ی دهۆك، لەم هەڵبژاردنەدا دووبارە بێتەوە"

## سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: سیزار سەلیم

**دیندار نەجمان دۆسکی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەگفتوگۆیەکی دەستووردا باس لەبەشداربوونی یەکگرتوو بەلیستی سەربەخۆ لەپەرلەمانی عێراق دەکات، پێشبوایە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە دەبنەوە بەرامبەر یەکگرتوو بەتایبەت لەبادینان، وەکو بەرپرسێکی باڵای ناو یەکگرتوو گلەیی لەئەندامانی یەکگرتوو لەپەرلەمانی عێراق هەبوو کەوا نەیانتوانیوە وەکو پێویست بن.**

.................................


دیندار نەجمان دۆسکی

**دەستوور:** ئێوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بەلیستی ژمارە ٣١٥ بەشداری دەکەن چاوەڕێی چ ئەنجامێک دەکەن؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** لەئێستادا ئێمە تەواوی ئامادەکارییمان کردووە بۆئەوەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن ئێمەش بانگەشەی خۆمان بکەین، هەوڵبدەین سەرکەوتنێکی باش بەدەستبێنین، بەگوێرەی پێشبینیەکانی ئێمەش لەو هەڵبژاردنەدا (٣-٤) کورسی دەهێنین.

**دەستوور:** بەشداری ئێوە وەکو لیستێکی سەربەخۆ، تاچەند پەیوەندی بەهەڵوەشاندنەوەی لیستی ٥٩ی چوار حیزبەکەوە هەبوو؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەبووە، چونکە ئەو هاوپەیمانیەی کەوا بۆ هەڵبژاردنی کوردستان کردبوومان بۆئەوەمان نەکردبوو کەوا لەپەرلەمانی عێراقیش پێکەوە بین، تەنها بۆ پەرلەمانی کوردستان بوو، دواتر ئێمە لەپەرلەمانی عێراق کوتلەی خۆمان هەبوو، ئەو لیستەی ئێمە کە لەساڵی ٢٠٠٥ بەسەربەخۆ بەشداری کرد تووشی چەندین ناخۆشی بووین‌و ئێمە چەندین شەهیدمان لەو ڕێگایەدا، تاوەکو پێکمانهێنا، بڕیاری ئێمەش ئەوە بووە کەوا بەتەنها بەشدار بین.

**دەستوور:** لەساڵی ٢٠٠٥ کە لەسەر ئەوەی بەلیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنتان کرد، لەبادینان هێرشکرایە سەر بارەگاکانتان، سەرۆکی لیستەکەتان لەگەڵ چەند کادرێکی ترتان کوژرا، ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکەن کەوا تووشی هەمان کێشە ببنەوە، یان بارودۆخ گۆڕاوە؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** ڕووداوی ٢٠٠٥، لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان دووبارە بووەوە، وەکو بینیتان کەوا چۆن هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی ئێمەو چەند لایەنێکی تر لەهەولێر، لەدهۆکیش هەڵیانکوتایە سەر بارەگانمان، ئەوەی کرا بۆئەوەبوو ترسێکمان پێبدرێت تاوەکو سەربەخۆ بەشدارنەبین، چاوەڕێش دەکەین کەوا ئەوە لەم هەڵبژاردنەشدا ڕووبداتەوە، حەزناکەین ئەوە ڕووبداتەوە، چونکە ڕوویەکی ناشیرینی دەسەڵاتی کوردی پیشانی وڵاتانی دەرەوە دەدات، بەڵام چاوەڕێی ڕوودانەوەی لێدەکرێت.

**دەستوور:** ئەو کێشەیە تاوەکو ئێستا لەڕووی قەزاییەوە چارەسەر نەکراوە، کەوا قەرەبووکردنەوەی قوربانیانە؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** وەکو لایەنی زیانە ماددیەکەی بارەگایەکانمان تارادەیەک دراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ماوە ئەویش قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی کەسەکانە، تاوەکو ئێستا هەندێ لایەنی دادگایی ماوە، ئەوکات لایەنی پۆلیس کەمتەرخەمبووە کەوا کەسی دەستبەسەر نەکردووە، چەندین جاریش داوامان لەسەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتی پێشوو نێچیرڤان بارزانی کردووە، بۆ چارەسەری ئەوە لەگەڵ ماڵی شەهیدەکان دابنیشن، بەڵام تاوەکو ئێستا دانەنیشتوون، خاوەنی شەهیدەکان داواکارییەکیان داوە بەسەرۆکی هەرێم کە بێتە ناو مەسەلەکەوەو چارەسەری بکات، تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێک نییە، ئومێدێکی وام نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانە، بەڵام دەبێت ئەو حەقەش بدرێتەوە بۆئەوەی لایەنگرانی ئێمەش ئاسوودە بن، ئەوە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیشمان باش دەبێت.

**دەستوور:** هەندێک ڕەخنە لەیەکگرتوو دەگیرێت، گوایە کاری ئیسلامییەکان تێکەڵ بەبەرژەوەندی دونیایی بووە؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** دین پەیامێکە بۆ دونیا هاتووە، نەک بۆ ڕۆژی دوایی، کاتێک دێین باسی خەمی خەڵک دەکەین ئەوە لەناو دیندا هەیە کەوا دەبێت خزمەتی خەڵک بکرێت، ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسین‌و لەگۆڕەپانەکەدا کاردەکەین تاوەکو زیاتر خزمەتی خەڵک بکەین، یەکێک لەجوانییەکانی دین خزمەتکردنی لایەنی دونیاییە، بەتێگەیشتنی ئێمە دین‌و دونیا تێکەڵی یەکن، مەبەستی ئێمەش لێرەدا خزمەتکردنی زیاتری خەڵکە.

**دەستوور:** چۆن بوو لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنتان نەکرد کە هەردووکتان حیزبی ئیسلامین؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** ئێمە لیستی سەربەخۆمان هەیە لەبەغدا کە تاوەکو ئێستا چەندین قوربانیمان داوە لەسەر ئەو لیستە، بۆیە دەبوایە بەسەربەخۆ دابەزین، ئێمە کە دوو حیزبی ئیسلامین مانای ئەوەنییە کەوا ئێمە لەهەموو بیروبۆچوون‌و کارێکدا وەکو یەک بین، لەوانەیە ئەوان لەهەندێ بیروبۆچووندا لەئێمە جیاواز بن، ئێمەش هەروا، لەبەرئەوە دەبوایە ئێمە لەسەر ئەو قسەیەی خۆمان بین کەوا بەتەنها دابەزین، شتێکی تریش کە لەسەرەتا یەکگرتوو دامەزرا ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبووە کەوا لەگەڵ هەموو لایەنە ئیسلامییەکان یەک بین‌و ببینە جڤاکێکی ئیسلامی بەرامبەر بەئەوانی تر کە عەلمانین، ئێمە نەماندەویست لیستێکی هاوبەش دروستبکەین، ئەوانیش پێشنیاری ئەوەیان نەکردبوو کە پێکەوە بین.

**دەستوور:** تا چەند پەیوەندی بەوەوە هەیە کەوا کۆمەڵی ئیسلامی بەئەندازیاری هەڵوەشاندنەوەی لیستی ٥٩ دەزانن؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** بەڵێ پەیوەندی هەبووە بەوەی کەوا ئەوان ئەندازیاری هەڵوەشاندنەوەی لیستی ٥٩ بوون، بەڵام وەکو پێشوتریش وتم ئەوە بڕیاری یەکگرتوو بوو کەوا دەبوایە بەسەربەخۆ بەشداربێت.

**دەستوور:** سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کە کاندیدی پارتییە، دەڵێت سەرجەم کورسییەکانی دهۆک بۆ ئێمەیە، ئێوە کە ڕکابەری پارتی‌و لیستی هاوپەیمانین چ دەڵێن؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** ئەو ئازادە هەرچییەک دەڵێت، بەڵام پێشبینی دەکەین کەوا ئێمە ١ کورسی بێنین لەشاری دهۆک.

**دەستوور:** لەهەڵبژادنی ٢٥ی تەموزدا بەشێک لەلایەنگرانی ئێوە دەنگیان بەلیستی گۆڕان دا بەتایبەت لەدهۆکو دەڤەری بادینان، ئەندامان‌و لایەنگرانی ئێوەش باس لەوە دەکەن کەوا لەلایەن پارتیەوە ڕێگری لەچالاکی حیزبیان دەکرێت، ئەی بۆچی ئێوە وەکو یەکگرتوو نەتانتوانیوە کار بۆ لابردن‌و نەمانی ئەو پێشێلکارییانە بکەن؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** لەسلێمانی‌و چەند ناوچەیەکی تر لایەنگرانمان دەنگیان بەگۆڕان داوە، بەڵام لەدهۆکو بادینان لایەنگرانمان دەنگیان بەئێمە داوە، ئەوەی دەنگیان بەگۆڕان دابوو ئەندامانی یەکێتی بوون نەک یەکگرتوو، ناڕەزاییەک هەبوو بەرامبەر ئەوەی بۆچی لەگەڵ حیزبی تر بەشدار بووین لەوانە زەحمەتکێشان‌و سۆشیالیست، چونکە ئەو حیزبانەی کەوا لەگەڵمان بوون دەنگی باشیان نەبوو لەو دەڤەرە، بۆ لایەنی ڕێگریش تا ڕادەیەک ڕێگری دەکرێت ئەوە ئێستا باشتر بووە، ئەوەش بەوەی کەوا لەگەڵ لایەنی ئیداری وەکو پارێزگارو چەند لایەنێکی تر دانیشتین، لەگەڵ برادەرانی لقی یەکی پارتیش هەوڵدراوە ئەو ڕێگریە نەبێت، تارادەیەکی باش توانراواە ئەوە چارەسەر بکرێت، ئەوەش زیاتر لەڕێگای جەنابی پارێزگارەوە بووە.

**دەستوور:** گلەییەکی تری لایەنگرانتان ئەوەیە کەوا یەکگرتوو سەرکەوتوو نەبووە لەدیاریکردنی ئەندامانی چالاک بۆ پەرلەمانی عێراق؟

**دیندار نەجمان دۆسکی:** دەکرێت ئەو گلەییە لەلایەکەوە ڕەوا بێت، دەکرێت لەلایەکی تر ڕەوا نەبێت، چونکە ئەوانەی دانراون تەنها مەکتەب سیاسی‌و سەرکردایەتی داینەناوەن، بەڵکو ئەندامانی ئێمە لەمەڵبەندەکان دەنگیان پێداون، منیش گلەییم هەبووە لەهەندێ برادەرانی ناو لیستی یەکگرتوو، چونکە لەڕاستیدا هەندێکیان وەکو پێویست نەبوون، هیوادارم ئەوانەی ئەمجارە دامانناون، بتوانن سەرکەوتوو بن.

---

# "تا سەرژمێری نەکرێت، بەشێک لەهاووڵاتیان بێبەشدەبن لەدەنگدان"

## فەرەج حەیدەری بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات تا سەرژمێری نەکرێت کێشەی نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەران‌و بێبەشبوونیان دەمێنێت، حەیدەری دەڵێت ناتوانن هەڵبژاردنێکی بێخەوش بەڕێوەبەرن تا قەوارە سیاسییەکان پابەندنەبن بەبڕیارەکانی کۆمیسیۆنەوەو هوشیاری هەڵبژاردن لای هاووڵاتیان نەگاتە ئاستێکی بەرز.**

.................................

**دەستوور:** مەسەلەی دوورخستنەوەی کاندیدەکان بەکوێ گەیشتووە؟ ئایا تائێستا ناوی چەند کەس دراوە بەکۆمیسیۆن کە ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟

**فەرەج حەیدەری:** ئەوانەی پەیوەندییان بەدەستەی لێپرسینەوەو دادوەرییەوە هەیە لەسەرەتادا ٥١٢ ناویان بەکۆمیسیۆن داوە، بەڵام دواتر گۆڕانکاری لەناوەکاندا کراوەو دوا لیستیش نزیکەی ٤٦٠ ناو دەبێت، قەوارە سیاسیەکان دەتوانن کەسیتر لەبری ئەوانە دابنێن، یان بچنە دادگای تەمیزو بڕیارەکە تەمیز بکەنەوە، ئەوکاتە بڕیار لای دادگای تەمیزە، بڕیاری ئەوان لەبڕیاری کۆمیسیۆن‌و دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریی زیاترە.

**دەستوور:** زۆرێک لەلایەنەکان دوورخستنەوەی کاندیدەکانیان بەتەسفیەکردنی خۆیان دادەنێن، ئێوە چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانن؟ بۆچی لەهەڵبژاردنەکانی پێشودا ئەو کارە نەکراوە؟

**فەرەج حەیدەری:** وەک کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لایەنی جێبەجێکارین، پەیوەندیمان بەو مەسەلەیەوە نیە، تەنها ناوەکانمان لەدەستەی لێپرسینەوەو دادوەرییەوە بۆ دێت، هەروەها لەوەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی بەرگریشەوە ناومان بۆ دێت ئەوانەی تۆمەتیان دراوەتە پاڵ، جگە لەوانەش وەزارەتی خوێندنی باڵا ناوی ئەو کەسانەمان بۆ دەنێرن کە بڕوانامەی ساختەیان هەیە، ئەوەی تەنها لەسەر ئێمەیە ئەوەیە ناوەکانیان دیاریبکەین‌و ڕەوانەی دەستەکەی بکەین.

ئەوەندەی ئێمەش زانیاریمان هەبێت دەستەکە دەڵێن لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بۆیە ئەم کارە نەکراوە، چونکە بواری ئەوەیان نەبووە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستەکە کەوتووە لێپرسینەوە لەناوی کاندیدەکان دەکەن.


فەرەج حەیدەری

**دەستوور:** دوورخستنەوەی کاندیدەکان هەموو قەوارەکانی گرتووەتەوە یان چەند قەوارەیەکە؟

**فەرەج حەیدەری:** ناوی دوورخراوەکان لەناو هەموو قەوارەکاندا هەیە، بڕواناکەم یەک قەوارە هەبووبێت ناوی تێدا نەبێت، شیعەو سوننەو کوردو تورکمان‌و مەسیحیشی تێدایە.

**دەستوور:** بەڵام لیستەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێن لەدوورخستنەوەی کاندیدەکاندا هیچ ناوێکی ئەوانی تێدانیە؟

**فەرەج حەیدەری:** ناوی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی‌و گۆڕانیشی تێدایە، بەهۆی ئەوەی ئەوان کاندیدیان لەپارێزگاکانی موسڵ‌و بەغداو سەلاحەدین‌و دیالەو هەندێک شوێنیتر هەیە، ئەوان کاندیدی عەرەبیان لەو پارێزگایانەدا هەیە کە ناویان هەیە، جگەلەوەش لەناو کاندیدەکانی پارێزگاکانی هەرێمیشدا ناوی کاندیدی ئەو لیستانەی تێدایە.

**دەستوور:** پرۆژە یاسای ئاکاری هەڵبژاردن بەکوێ گەیشتووە، ئامانجی یاساکە چییە؟

**فەرەج حەیدەری:** بەپێی پرۆژە یاساکە ئەوانەی لەکاتی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا خروقات دەکەن، سزایەکی توندیان بۆ دانراوە کە لەغەرامەوە دەستپێدەکات تا بێبەشبوونی ئەو لیستانە لەهەڵبژاردن، یاساکەش هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردووی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، لایەنەکان کۆمیسیۆنیان بەوە تۆمەتباردەکرد کە کەمتەرخەم بوون، بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە هیچ ڕێوشوێنێکی واتان گرتۆتەبەر تا ئەو کەمتەرخەمییانەی لایەنەکان باسیدەکەن دووبارە نەبێتەوە؟.

**فەرەج حەیدەری:** کۆمیسیۆن ئەوەی لەتوانایدا بووبێت کردوویەتی، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیە بەتەنها کۆمیسیۆن بەرپرس نییە، ئەگەر هەڵبژاردنێکی تەواو بکەیت، دەبێت هەموو بنەماکانی هەڵبژاردن دەستەبەر کرابێت، لەوانەش کۆمیسیۆنی باڵاو قەوارە سیاسیەکان، چونکە ئەگەر قەوارە سیاسیەکان پابەندنەبن بەبڕیارەکانی کۆمیسیۆنەوە ئەوا کەموکوڕی دەبێت، هەروەها دەوری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و دواتریش خودی هاووڵاتیان کە بزانن دەنگ بەکێدەدەن‌و نرخی دەنگی خۆیان بزانن، ئەگەر ئەوەکرا، ئەوکاتە کەموکوڕی کەمتردەبێت.

**دەستوور:** یەکێکیتر لەو کێشانەی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا دروستدەبێت، مەسەلەی بێبەشبوونی هاووڵاتیانە لەدەنگدان، بەهۆی ئەوەی کە ناویان نەهاتووەتەوە، هیچ چارەسەرێکتان بۆ ئەو کێشەیە هەیە؟

**فەرەج حەیدەری:** لەبەرئەوەی ئێمە ئامارێکی ڕەسمیمان لەبەردەستدا نیەو پشتمان بەئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی بەستووە، کە ئەویش لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراکەو بەردەوام گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، بۆیە بەردەوام کێشە لەتۆماری دەنگدەراندا دەبێت، تا سەرژمێرییەکی دروست نەکرێت نەهاتنەوەی ناوی دەنگدەران کێشەی تێدا دەبێتو بەچەند هەڵبژاردنێکیش ئەو مەسەلەیە چارەسەرناکرێت.

**دەستوور:** بانگەشەی هەڵبژاردن چەند ڕۆژ دەخایەنێتو کەی دەستپێدەکات؟

**فەرەج حەیدەری:** تا مەلەسەی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری کۆتاییبەیەت، بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێناکات، لەبەرئەوەی کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن نادیارە.

# ململانێ کۆنەکانی یەکێتیو پارتی، لەکەرکوک سەرهەڵدەداتەوە

## مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتی لەناکۆکییەکانی نێوانیان لەشاری کەرکوک، دەکۆڵنەوە

دەستوور لەکەرکوک

پارتیو یەکێتی لەشاری کەرکوک دەست بەراکێشانی ئەندامانی یەکتر دەکەنەوە، ململانێو دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی دەچنەپاڵ حیزبەکەی ترو ڕفاندنو چەند کێشەیەکی تر سەریهەڵداوەتەوەو مەکتەبی سیاسی هەردوولاشیان لەو کێشانە ئاگاداربوونەتەوە.




**ڕاکێشانی ئەندامانی یەکتر دەستپێکرد**

دوای ئەوەی نەقیبێکی پارتی بەناوی جیهاد جەبار وەلی بەخۆیو ٥٢ ئەفسەر ڕیزەکانی پارتی جێدەهێڵێت، لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتییەوە ڕادەکێشرێتو دێتە ڕیزەکانی ئەو حیزبەوە، ئەوەش ناکۆکی دەخاتە نێوان ئەو دوو حیزبەوەو هاوشێوەی دوای ڕاپەڕین، هەردوولایان دەست بەراکێشانی ئەندامی یەکتر دەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئەو نەقیبە لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتییەوە بەڵێنی پێدانی فەوجێکی پێدراوە، بەڵام دوای چوونی بۆ ناو یەکێتی، چەند ڕۆژێک لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەڕفێنرێتو دواتر ئازاد دەکرێت، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور دوای ئازادبوونی ئەو نەقیبە، پارتی بەتۆمەتی ڕفاندنی، تۆمەتبار کردووە، بەڵام لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک وتی "ئاگاداری ئەو بابەتە نیمو هیچ زانیارییەکم لەبارەیەوە نییە". سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە بەدەستووری وت "دوای ئازادبوونی ئەو نەقیبە، برازایەکی چووەتە ناوچەی لەیلانی پارتیو تەقەی لێیان کردووە، چونکە پێیوابووە پارتی لەپشت ڕفاندنی مامەکەیەتی". لەلایەکی ترەوە، موقەدەمێکی یەکێتی کە ئێستا ئامر فەوجە بەناوی موقەدەم سوبحی، لەلایەن پارتییەوە ڕاکێشراوە، ئەوەش کێشەکانی نێو ئەو دوو حیزبەی گەورەتر کردووەو گەیشتووەتە ئاستی مەکتەبی سیاسی هەردوولا. ئەو سەرچاوەیەی دەستوور کە ئاگاداری وردەکاری ناکۆکییەکانی پارتیو یەکێتییە لەو شارە، وتی "مەکتەبی سیاسی پارتی بەراکێشانی ئەو نەقیبەیان زۆر نیگەران بوون، چونکە لەئێستادا پارتی دەیەوێت لەکەرکوکدا خۆی بسەپێنێت کەیەکێتی بەجێنفوزی خۆی دەزانێت".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور دوای ئەوەی موقەدەم سوبحی دەبێتە پارتی، لەگەڵ کۆمیتەی داقوقی یەکێتی دەبێتە شەڕەتەقەیان، بەڵام پۆلیس دەکەوێتە نێوانیانەوە، دەستوور ئەوەی زانیوە کەئاسایشی پارتیش لەقەزای داقوق هاتۆتە ناو کێشەکەوە.

حەسەن مالیک بەرپرسی کۆمیتەی ناوشاری یەکێتی، بەدەستووری وت "کێشەکەمان لەگەڵ موقەدەم سوبحی چارەسەر کردووە"، بەڵام ئامادەنەبوو لەبارەی هۆکاری کێشەکەوە هیچ لێدوانێک بدات.

دەستوور ئەوەی زانیوە ئەندامێکی ئەو کۆمیتەیە ڕفێنراوەو دواتر ئازادکراوە، یەکێتی گومانی لەپارتی کردووە لەڕفاندنی ئەندامەکەیان. لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کاتێک موقەدەم سوبحی بەرەو هەولێر دەڕوات، لەگەڵ پۆلیسدا دەبێتە شەڕەتەقەیانو تەقە لەیەکتر دەکەن.

لیوا جەمال بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "موقەدەم سوبحی تەقەی لەپۆلیسێکی هاتوچۆ کردووەو شەڕ دروستبووە، ئەو کێشەیە ڕوویداوە، بەڵام لەلایەن ناوچەی پردێی پارتییەوە، کێشەکە یەکلاکراوەتەوەو هیچ کەسێکیش بەوهۆیەوە دەستگیرنەکراوە".

دەستوور ئەوەی زانیوە لەو کێشەیەدا مەکتەبی سیاسی پارتی ڕاستەوخۆ ئاگادارکراوەتەوەو ڕێکخستنەکانی پارتی لەو ناوچەیە خۆیان خستۆتە ناو قەزییەکەوە.

لیوا جەمال وتی "دەبوو ڕێوشوێنی یاسایی بگیرایەتەبەر، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە کێشەکە چارەسەرکراوەو لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە پێکهێنراوە".

دەستوور ویستی پەیوەندی بەموقەدەم سوبحییەوە بکات، بەڵام خزمێکی نزیکی ناوبراو، وتی "بەهۆی ئەوەی دووجار بووەتە شەڕی نایەوێت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکات".

**ململانێکانیان لەراگەیاندنەکانی خۆیان ڕەنگدەداتەوە**

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی لەشاری کەرکوک، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان تادێت زیاتر دەبێت، کار گەیشتووەتە بڵاوکردنەوەی هەر چالاکییەک لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە کەسەر بەحیزبەکەی خۆی نەبێت.

لەماوەکانی ڕابردوودا، دوای ئەوەی هێزەکانی دژە تیرۆر باندێکی گەورەی منداڵڕفاندنیان دەستگیرکردوو ئاشکرایان کرد، بەڵام تەنها ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی بایەخیان بەو چالاکییەدا کە لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆری سەر بەیەکێتییەوە دەستگیرکران. ئەگەرچی ئەو باندە چەند ئەفسەرێکی کوردی تیادابوو، بەڵام ڕاگەیاندنی پارتی گرنگیان پێنەدا.

لەلایەکی ترەوە دوای ئەوەی باندێکی تری منداڵ ڕفاندن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانەوە دەستگیر دەکرێتو منداڵەکە بۆ خاوەنەکەی دەگێڕنەوە، بەهەمانشێوە ڕاگەیاندنی یەکێتی گرنگی بەو مەسەلەیە نەدا، چونکە بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان پارتییە. بەپێی زانیارییەکانی دەستوور مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتیو یەکێتی ئاگاداری ئەو وردەکارییانەن، لەلایەن ڕاگەیاندنەکانیانەوە، بەڵام بێدەنگ بوون، بۆیە گومان دەکرێت خۆیان ئەو ڕێنماییانەیان ئاراستەی دەزگاکانیان کردبێت.

**ململانێ حیزبییەکان زیان بەکورد دەگەیەنین**

ئائێستا لەشاری کەرکوک، بەهۆی ململانێیەکانەوە کورد لەوەرگرتنی چەند پۆستێک بێبەشبووە، بەبێئەوەی سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی گوێ بەوە بدەنو وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانەیان کردووەتە قوربانی ململانێ سیاسییەکانیان.

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەدەستووری وت "بەهۆی ناکۆکی نێوان پارتیو یەکێتییەوە، ماوەی ٥ ساڵە چەند لیژنەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک سەرۆکی نییە، چونکە ئەندامانی پارتیو یەکێتی سازش بۆ یەکتر ناکەن". سەرچاوەکە وتی "ئەو دووبەرەکییە تائێستا لەلایەن لیستی برایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە بەردوامە". سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کەدوو لەو لیژنانە، لیژنەی هەستیارن، لەوانە هەریەکە لەلیژنەی ئەمنیو لیژنەی بەرگری.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لیژنەی داکۆکیکردن لەژنانو منداڵان کەدەبوو سەرۆکی لیژنەکە بدرایەتەوە کورد، بەڵام بەهۆی ململانێکانی پارتیو یەکێتییەوە، لەنێوان ٧ ئەندامی ئەو لیژنەیەدا، هەر مانگێکو کەسێک سەرۆکی لیژنەکەیە. جگە لەوە، دوای ئەوەی بەبڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوتی باکوور دوورخرایەوە، داوا لەبەرپرسانی کورد لەوشارە کرا، کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانبکەن، چونکە مافی کوردبوو، بەڵام بەهۆی ململانێیەکانی یەکێتیو پارتییەوە، ئەو پۆستە نەدرایە کەس، تا وەزارەتی ناوخۆ عەرەبێکی بەسەر کورددا سەپاند بۆ ئەو پۆستە.

# پارتی جیگۆرکێ بە بەرپرسی ناوچەکانی دەکات

## دەرنەچوونی مەسعود بارزانی لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥، لەسنووری سلێمانی، دەبێتەهۆی گۆڕینی چەندین بەرپرسی ناوچە

تایبەت بەدەستوور

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، نارەزایی زۆر لەنێو کادیرانی ڕێکخستنەکانی پارتیدا دروستبووە، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕیانەی پارتی لەنێو ڕێکخستنەکانیدا کردوویەتیو ژمارەیەکیشی پەراوێزخستووە، دەیان کادیری ئەو حیزبە هەڕەشەی وازهێنان دەکەن.

دەستوور لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتی نێو ڕێکخستنەکانی پارتییەوە هەندێک زانیاری نوێی دەستکەوتووە کە نارەزاییو ناکۆکی نێوان ڕێکخستنەکانی پارتی لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەخاتەڕوو.

زۆرێک لەناکۆکییەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەپارتی بەهۆی دەرنەچوونی مەسعود بارزانی لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ لەسنووری پارێزگای سلێمانی، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، چەندین بەرپرسی ناوچەی ئاڵوگۆڕ پێکردووە، ئەمەش نیگەرانی لای کادیرانی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە دروستکردووە.

ژمارەیەک کادیری پارتی بەتایبەت لەنێو لقەکانی دەوروبەری سلێمانیو هەڵەبجەو خانەقین، هەڕەشەی وازهێنانو دوورکەوتنەوە لەحیزبەکەیان دەکەن، ئەگەر مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان بەزووترین کات کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، تەنها لەسنووری لقی ٢١ لەماوەی مانگێکدا، پارتی هەردوو بەرپرسی ناوچەی قەراغو بازیانی ئەو حیزبەی گۆڕیوەو کەسی تری لەناو لقی ٢١ەوە بۆ شوێنەکەیان گواستووەتەوە، جگە لەئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک لەناو لقەکەدا.

بەپێی وتەی کادیرێکی پارتی لەنێو ڕێکخستنەکانی ئەو لقە، ئەو چەند گۆڕانکارییەی لەو لقەدا کراوە، کێشەی خستووەتە نێو ئەندامانی ڕێکخستنەکانییەوەو ئەوانیش نارەزایی خۆیان گەیاندووەتە مەکتەبی سیاسی، "ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە شوێنی تر هەیە بۆی بڕۆینو ئاوەڕمان لێبداتەوە" ئەو کادیرەی پارتی وای وت.

لەلایەکی ترەوە تەنها لەسنووری لقی خانەقیندا پارتی بڕیاری گۆڕینی چوار بەرپرسی ناوچەی داوە، ئەوانیش بەرپرسی ناوچەکانی سەعدییە، قۆرتوو، مامۆستایانو مەیدانە، بەڵام تائێستا هیچکام لەو بڕیارانە جێبەجێنەکراوە.

دیاری حسێن بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی، بەدەستووری وت "لەناو لقدا هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام نادرێت". لەسنووری لقی ١٩ی چەمچەماڵیشدا، ئاڵوگۆڕی تەواوی بەرپرسی ناوچەکان کراوە.

بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵ گوازراوەتەوە بۆ تەکییە، بەرپرسی ناوچەی تەکییە بۆ سەنگاو، بەرپرسی ناوچەی سەنگاو بۆ قەرەهەنجیر، بەرپرسی ناوچەی ئاغجەلەر بۆ شۆڕشو بەرپرسی ناوچەی شۆڕشیش بۆ چەمچەماڵ گوازراوەتەوە.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانو دەرکەوتنی نەبوونی قورسایی پارتی لەسنووری پارێزگای سلێمانی، مەکتەبی سیاسی پارتی چەند ڕاپرسیو لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی کەمی لایەنگرانی لەسنووری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بەشێکی زۆری ئەو ئاڵوگۆڕانە بەهۆی دەرنەچوونی مەسعود بارزانییەوەیە لەو سنوورانە، چونکە لەسنووری پارێزگای سلێمانی د.کەمال میراودەلی یەکەمی دەنگەکانی هێناو پێش مەسعود بارزانی دایەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی وتەی چەند کادیرێکی ئەو حیزبە، پارتی پێیوایە هۆیەکانی کەمبوونەوەی لایەنگرانیان بۆ لاوازی ڕێکخستنەکانی دەگەڕێتەوە.

کادیرێکی پارتی لەلقی ٢١، بەدەستووری وت "سەرکردایەتی پارتی ئەوەی بیرچووە کەکێشەکە ئەوانن نەک ئێمە". هەروەها وتی "پەراوێزخستنی ئێمە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی ئەندامانو لایەنگرانمان".

ئەو ئاڵوگۆڕانە کادیرانی پارتی نیگەرانو تورە کردووە، بۆیە بەشێک لەکادیران لەلقو ناوچەکان هەڕەشەی وازهێنانیان لەڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە کردووە.

دەستوور ئەوەی زانیوە کە لەسنووری لقی هەڵەبجەی ئەو حیزبەدا، پارتی ساڵح محەمەد بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجەی گۆڕیوەو سەیدا ئەحمەد عەبابەیلێیی داناوە، هەروەها لەهەڵەبجەی تازەش فاروق مەلا مستەفا لابراوەو سەروەت محەمەد شەمێرانی لەجێگەی دانراوە، لەوارماواش دوای گواستنەوەی سەروەت محەمەد شەمێرانی بۆ بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجەی تازە، حسێن ناوێک بۆ بەرپرسی ناوچەی وارماوە دانراوە.

لێپرسراوی ناوچەی سورێن کە پێشتر حسێن بووە گۆڕاوە بۆ ئیسماعیل، سەید ئەحمەد لێپرسراوی ناوچەی سەید سادق گۆڕاوە بۆ عینایەت ناوێک.

ئەو گۆڕانکارییانەی پارتی لەلقو ناوچەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیو لەهەمانکاتدا پەراوێزخستنی چەندین ئەندامو لایەنگرانیان بووەتەهۆی دابەشبوونی پارتی بەسەر دوو بەرەدا.

دەستوور پەیوەندی بەسەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی ٤ی پارتییەوە کرد، بەڵام وتی "ئەو گۆڕانکارییانەی کەکراوە، هیچی پەیوەندی بەلقی ٤ەوە نییە، ئەوە پەیوەندی بەلقەکانی ترەوە هەیە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور مەکتەبی سیاسی پارتی دوای تێگەیشتن لەو ناکۆکییانەو لەترسی گەورەنەبوونی کێشەکان، لەهەمانکاتدا بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانیان بڕیاریداوە نوسینگەیەکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە لەسلێمانی بکاتەوە.

دەستوور پەیوەندی بەفازڵ میرانی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە کرد، بەڵام پەیوەندییەکە دروستنەبوو.




پارتی دەیەوێت لاوازی ڕێکخستنەکانی بە گۆڕینی کادیرەکانی چارەسەربکات

# قەیرانی هەڵبژاردنەکانی عێراق تاقیکردنەوەیەك دەخاتە بەردەم ئەمریکا




**لیز سلای**

بەلاوەنانی سەدان کاندید (زۆرتر سوننەکان) بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا، رادەی رۆڵی ئەمریکای لەو وڵاتە خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە هێزەکانی ئەمریکا لەساڵی داهاتوودا عێراق بەجێدەهێڵن.

دیپلۆماسیی ئەمریکا لەهەوڵی داسەپاندنی گوشاردا بۆ سەر دەوڵەتی عێراق لەپێناو دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ ئەم قەیرانە کەوتۆتە هەوڵەوە، زۆر کەس لەوە نیگەرانە کە ئەم قەیرانە ببێتە هۆی ناسەقامگیری وڵاتەکە، چ پێش هەڵبژاردنەکانو چ دوای هەڵبژاردنەکان.

٥١٥ کاندیدە بێبەشکراوەکە زۆرتر پێکهاتوون لەعەرەبی سوننەو عیلمانیو نەیاری دەسەڵاتداری حیزبە شیعەکان کە ئێستا لەسەر دەسەڵاتن، وەلانانی ئەوان، مەترسی زیندووبوونەوەی ناکۆکی تایفی لێدەکەوێتەوە، ناکۆکییەک کە وڵات نوقمی کێشمەکێشی شیعەو سوننە دەکاتو دواجار دەبێتە هۆی کشانەوەی سوننەکان لەفەزایی سیاسیی وڵاتەکەدا.

هۆکاری وەلانانی ئەم کاندیدانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ پەیوەندیان بەحیزبی لەسەرکارلابراوی بەعس کە لەسەردەمی سەدام حوسێندا حوکمڕانی دەکرد، دەستووری عێراق بەدەستەوەگرتنی پلەوپایەی دەوڵەتی لەلایەن بەعسییە کۆنەکان یاساغکردووە.

هەرچەندە ئەم کاندیدانە دەتوانن لەدادگاکاندا بەگژ ئەو بڕیارەدا بچنەوەو پێداچوونەوە بکەن، بەڵام زەحمەتە لەم ماوە کەمەی تا ٧ی ئازاردا دادگا بتوانێ ئەرکی پێداچوونەوەی سەرجەمی کاندیدەکان جێبەجێ بکات.

بەرپرسانی ئەمریکا لەکاردانەوەیاندا بەرانبەر ئەم قەیرانە رایانگەیاندووە: سەرکردەکانی ئەو وڵاتەیان ئاگادار کردۆتەوە، پێدەچێت نەسەلماندنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەئەگەری درێژەی بێبەشبوونی کاندیدەکان بێتەئاراوە، ئەم بێبەشکردنە هەموو هەوڵەکانی رێبەری ئەمریکای لەعێراق بۆ بەدیاریهێنانی دیموکراسی لەو وڵاتە خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق رۆژی پێنجشەممە بڕیاریدا لیستی کاندیدە بێبەشکراوەکان ئاشکرا نەکرێت، ئەم هەوڵە بەجێگەی هیوا لەبارودۆخی ئێستادا لەقەڵەمدەدرێت، وتەبێژی کۆمسیۆن رایگەیاند کە تەنیا ناوی ئەو کاندیدانە رادەگەیەندرێت کە شیاوبوونیان ئاشکرا بوویێت، دواکەوتنی راگەیاندنی ناوی کاندیدە بێبەشکراوەکان لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاوە وەک نیشانەیەکی باشو وەک هەلێک بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک لەقەڵەمدراوە.

ژەنەراڵ ئێستفان لێنزا، وتەبێژی سوپای ئەمریکا وتی "من لەو بڕوایەدام تەنیا هۆکاری دواکەوتنی سەرکردەکانی عێراق ئەوەیە کە پاشەکشەیان کردووە، لەبەر خۆیانەوە دەڵێن کە دەبێ سەرنج بدەینە ئەم بابەتە".

بەڵام دۆزینەوەی کەسێک لەدەوڵەتی عێراق کە راشکاوانە بڵێت بڕیاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری بۆ بێبەشکردنی کاندیدەکان لەلایەن دووکەسایەتییەوە کە بەگومانی ئەمریکییەکان بەرژیمی ئێران نزیکن، کارێکی دژوارە.

ئەحمەد چەلەبی بەرپرسی دەستەی ئاماژە پێکراو لەدوای هێرشکردنە سەر عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ کەسێکی جێ سەرنجی پنتاگۆن بوو بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە، بەڵام ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٤ بەرادەستکردنی زانیاری بەئێران تۆمەتبارکرا، عەلی لامی بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی دەستەکە لەساڵی ٢٠٠٨ بەتۆمەتی پەیوەندیکردن بەمیلیشیا چەکدارەکانی لایەنگری ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە، ئەو لەمانگی ٨ رابردوو لەگەرمەی رێککەوتنێک لەگەڵ ئەندامانی بزووتنەوەی (سوپای ئەلحەق) ئازاد کرا.

چەلەبی خۆی لەوە لاداوە لێدوان بدات سەبارەت بەبێبەشکردنی ئەو کاندیدانە، عەلی لامی هەرچەشنە پەیوەندیەک لەگەڵ ئێرانو گروپە چەکدارەکان رەتدەکاتەوە، ناوبراو وتی "سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ساڵێک ئەوی لەگرتووخانەدا راگرتووە، لەبەرئەوەی کە ویستوویانە ناچاری بکەن بۆ بەدەستەوەدانی زانیاری لەبارەی چەلەبییەوە."

زۆربەی عێراقییەکان گومانیان لەوە هەیە کە ئێران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر رەوتی سیاسیی ئەو وڵاتە دانێ تا لەبردنەوەی شیعەکان لەهەڵبژاردنەکاندا دڵنیا بن، ناوی چەلەبیو عەلی لامیش لەنێوان کاندیدەکانی هاوپەیمانی گەورەی شیعەکان، ناسراو بەهاوپەیمانی میللی عێراق، دەبیندرێت کە لەژێر پشتیوانی ئێران چالاکی ئەنجامدەدەن.

میسال ئالوسی نوێنەری سەربەخۆی سوننە لەئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت "ئێران کاریگەرییەکی گەورەی لەم رەوتەدا هەیە، ئێران بەهۆکاری تایبەتی خۆی خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووی دیموکراتی نییە لەعێراقدا."

بەرپرسە ئەمریکییەکان دەڵێن سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان زیاد لەرادە بەمەترسییەکان لەلایەن بەعسییەکانەوە سەرقاڵبوون، ئەوان یا لەکاریگەری ئێران دەترسن یان لەوە نیگەرانن کە مۆرکی بەعسیبوونیان لێبدرێت.

ئەو کاتەی پەرلەمانی عێراق لەرۆژی سێشەممە بووە جێگای باسو مشتومڕ لەمبارەیەوە، مەحمود عوسمان نوێنەری سەربەخۆی کورد تەنیا کەسێک بوو کە رەخنەی لەبێبەشبوونی کاندیدە سوننەکان گرت، سەبارەت بەهەڕەشەکان لەدژی ئاشتەوایی نەتەوەیی هۆشداریدا.

عوسمان وتی "زۆربەی خەڵک لەگەڵ ئەم بڕیارە نین، بەڵام نیگەرانی نیشاندانی هەرچەشنە پەرچەکردارێکن، لەبەرئەوەی پێدەچێت بەپەیوەندی لەگەڵ بەعسییەکان تۆمەتبار بکرێن، سوننەکانیش لەترسی بێبەشبوون هیچ ناڵێن، شیعەکانیش هیچ ناڵێن لەبەرئەوەی کە دەیانەوێ دژە بەعسی بنوێننو پشتیوانیی جەماوەریی لەدەستنەدەن."

ساڵح موتڵەگ ناسراوترین کەسایەتی سوننە کە لەکاندیدەکانی هەڵبژاردن بێبەشکراوە، دەڵێت "ئەمریکییەکان بەجدی لەهەوڵدان، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە کەسێک لەدەوڵەتی عێراق گوێ لەقسەی ئەوان بگرێت، لەو بڕوایەدا نیم سەرکردەکانی سیاسی بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک هەست بەبەرپرسیارێتی تەواو بکەن، لێرەدا فشاری ئەمریکا پێویستە."

**وەرگێڕانی هیوای سەلیمی**
**سەرچاوە: لۆس ئەنجلس تایمز**
http://www.latimes.com/news/nation-and--world/la-fg-iraq-ban٢٠story.٢٠١٠jan٢٠, ٠, ٣٥٢٩٧٧٩

# یادێك لەدووی رێبەندان


عەبدوڵڵای موهتەدی

کۆماری مەهاباد لەسەردەمو هەلو مەرجێکی تایبەتی جیهانیو ناوخۆییدا رەخساو هاتەبەرهەم، لەئاستی جیهانیدا دەسەڵاتی ئەڵمانی شکستی هێنابوو، سێ دەوڵەتی گەورەی هاوپەیمانی ئەوکات کە لەدژی فاشیزم شەڕیان دەکرد، یانی ئەمریکاو سۆڤیەتو ئینگلیز، پێشتر لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە دەبێ رەزاشا لەسەر حوکم نەمێنێ، رەزاشا کە لەسەرەتادا پەروەردەی دەستی داگیرکاریی ئینگلیزو لەخزمەت سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتەدابوو، لەجەنگی دەسەڵاتی هیتلەر لەئەڵمانیاو سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمدا، جۆرە نیزیکایەتییەکی لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیا پەیداکردبوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نارەزایەتیی دەوڵەتی ئینگلیز، ژمارەیەک کارناسی ئەڵمانیی بۆ ئێران بانگێشت کردبوو. لەرۆژی ٢٠ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا، (١٩٤١ی زاینی) هێزەکانی ئینگلیزو روسیا بەهاوکاری لەگەڵ یەکتری لەخوارو ژووری ئێرانەوە، هێرشیان کردو هاتنە نێو ئێرانەوە.

سوپای ئینگلیز لەخوارووی ئێرانەوە بەبێئەوەی تووشی بەرەنگارییەکی ئەوتۆی هێزەکانی ئێران بێ، لەرێگای کەندوای عەرەبەوە هاتەناوەوەو لەباکووریش سوپای سۆڤیەت لەپێشدا بەناردنی یەک دوو فڕۆکەو بڵاوکردنەوەی هەندێک راگەیاندن بەجارێک ورەی دەوڵەتی رەزاشاو کاربەدەستانی رووخاند، سوپاو دەزگای چەکداری رەزاشا کە بەشێکی زۆری داهاتی ئێرانی هەڵدەلووشیو لەئازارو ئەزیەتی خەڵکی بێتاوانی ئێرانو رووتاندنەوەیاندا وەها دڕو بێباکبوو، لەبەرابەر هێزێکی دەرەکیدا کە بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەیان هاتبوو، بەحاڵ فریای هەڵاتنو خۆدەربازکردن کەوتن.

رژێمی رەزاشا، رژێمێکی دیکتاتۆرو داپڵۆسێنەرو چەوسێنەربوو کە قازانجی گەورە سەرمایەدارانو موڵکدارانو کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی دەپاراستو لەباری سیاسەتی دەرەوەشەوە سەر بەئینگلیزو سیاسەتی جیهانیی ئەو وڵاتە بوو. رەزاشا لەماوەی دەسەڵاتیدا رژێمێکی ناوەندیی سیاسیو ئیداریی پێکهێناو زەبروزەنگو تۆقاندنو کوشتوبڕی کرد بەکاری سەرەکیی حکومەت، بەرتیل خواردنو پەروەندەسازی لەو رژێمەدا شتێکی ئاساییبوو، سەربازگیری کە ئەوکات لەکوردستان خەڵک لەرووی نەفرەتەوە پێیان دەگوت ناچاری، گیروگرفتێکی دیکەی رژێمی رەزاشا بوو بۆ ژیانی خەڵک، ژیانی خەڵکی کرێکارو جووتیار لەوپەڕی مەینەتیدا بوو، ئازادیی سیاسی ئاسەواری نەمابوو، رووناکبیرانو شاعیران یا بەتیرۆرو رەشەکوژی لەناودەبران یان دەخرانە بەندیخانەو بێدەنگ دەکران.

لەراستیدا رژێمی رەزاشا بوو کە بۆ یەکەمینجار ستەمی نەتەوایەتیی بەمانای ئەمڕۆیی ئەم وشەیە، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەئێران دامەزراند، بەدروستکردنی دەوڵەتی ناوەندیی (سێنترالی)، بەسەندنەوەی هەموو جۆرە ئەگەرێکی ناوخۆییو کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتێک لەدەست دەوڵەتی ناوەندیدا، بەدروستکردنی سوپای نوێو دامەزراندنی سیستمی سەربازگیری، بەدامەزراندنی سیستمی خوێندنی سەرەتایی یەکجۆر بەزمانی فارسی لەئێرانداو قەدەغەکردنی خوێندنو نووسین بەهەموو زمانێکی دیکە کە خەڵکانی ئێران قسەیان پێدەکرد، بەقەدەغەکردنی جلوبەرگی ناوخۆیی خەڵکو داسەپاندنی زۆرەملێی بەرگی فەرەنگیو کڵاوی پەهلەوی، بەپەرەپێدانی فەرهەنگێکی شۆڤێنستیو رەگەزپەرستانەی مەزنخوازیی ئێرانیو شێوەی دیکەی لەم بابەتە، رەزاشا لەپاڵ هەموو چەوساندنەوەو زوڵمێکی چینایەتیو سیاسیو فەرهەنگی، ستەمی نەتەوەییشی لەئێران داسەپاند، هەر بۆیە کاتێک رەزاشا لەژێر فشاری روسو ئینگلیزدا رووخاو ناچاربوو ئێران بەجێبێڵێ، لەهەموو ئێرانو لەوانە لەکوردستانیش بوو بەشایی لۆغانو جەژنو خۆشیو بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەورەیەکی نیمچە ئازادی لەوڵاتدا زاڵبوو.

لەبەرەنگاریو وەڵامدانەوە بەوەها هەلومەرجێکدا بوو کە "کۆمەڵەی ژێ کاف"، یان "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"، لە٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویدا (١٩٤٢ی زاینی) لەکوردستان سەریهەڵدا.

"کۆمەڵەی ژ.ک"یش دواتر بوو بەمایەو هەوێنی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد.

دوای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی کە حیزبە سیاسییەکان لەئێران سەریانهەڵدا، کاری رۆژنامەنووسیی پەرەیسەند، رێکخراوو یەکێتییە کرێکارییەکان کە ساڵەهابوو لەژێر سەرکوتی رژێمی دیکتاتۆریدا قەدەغە کرابوونو هەڵوەشابوونەوە، سەرلەنوێ بەتوانایەکی زۆرترەوە دەستبەکاربوونەوەو لەکوردستانو ئازەربایجانیش جووڵانەوەیەکی فیکریو رۆشنبیریو سیاسی، خۆی دەرخست، ئەو ساڵانە لەکوردستان، ساڵانی گەشەکردنی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیو بڵاوبوونەوەی زۆرتری هەستی نەتەوەیی لەناو رووناکبیرانی کوردبوو، رەزاشا هەوڵی لەناوبردنی ئاسەواری زمانو فەرهەنگی نەتەوە ژێردەستەکانی دابوو، ئێستا کە نیمچە ئازادییەک لەئێران پێکهاتبوو، رووناکبیرانو تێکۆشەرانی سیاسی کەڵکیان لێوەردەگرت، "کۆمەڵەی ژێ. کاف" کە لەگەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا، بەنهێنی لەمەهاباد پێکهاتبوو، گەشەکردنو بەهێزبوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیو لەبەشێک لەکوردستان ناوی کەوتە سەر زمانان.

ئەم بارودۆخە تا ساڵی ١٩٤٥ی زاینی درێژەی هەبوو، لەم ساڵەدا لەژێر کاریگەری هەلو مەرجی جیهانیو سیاسەتەکانی حکومەتی شورەویی ئەوکاتدا، هەروەها لەژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسیی ئێران کە رێگای بۆ هەنگاوێکی سیاسیی گەورەتر خۆش کردبوو، لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی کوردستاندا، کۆمەڵەی ژێ کاف جێی خۆیدا بەحیزبی دیموکراتی کوردستان، لەئازەربایجانیش "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" دروستبوو، لەم ساڵەدا بوو کە لەئازەربایجانو لەکوردستان بەدەستی ئەو دوو حیزبە سیستمی کۆماری راگەیەندرا، کۆماری مەهاباد لەرۆژی دووی مانگی رێبەندانی ئەو ساڵەدا لەشاری مەهاباد راگەیەندراو قازی محەمەد وەکو رابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەناوی "پێشەوا" بوو بەسەرۆک کۆمار. تەمەنی کۆماری کوردستان لەنزیکەی یازدە مانگ زۆرتری نەخایاندو لە٢١ی ئازەرمانگ، یانی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥دا (١٩٤٦ی زاینی) بەهێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێمی محەمەد رەزاشای پەهلەوی، کوڕی رەزاشا، رووخاو کۆتاییپێهات.

دواتریش رژێمی پەهلەوی هەوڵیدا بەلەسێدارەدانی قازی محەمەدو ژمارەیەک لەرێبەرانو هەڵسوڕاوانی ئەو ئەزمونە، ئاسەواری ئازادیو هیوا بەدوارۆژ بسڕێتەوەو جارێکی تر خەفەقانو بێدەنگی لەو وڵاتە بەرقەرار بکاتەوە، بەڵام دوای داگیرکردنەوەی سەرلەنوێی کوردستانیش، خەباتی چینایەتیو سیاسیو فەرهەنگی لەئێرانو لەکوردستان هەر درێژەی هەبوو، تا کاتی کودەتای بیستو هەشتی مورردادی ١٣٣٢ (١٩٥٣ی زاینی) هەر روو لەپەرەسەندن بوو کە ئەمە خۆی باسێکی دیکەیە.

ئەگەرچی تەمەنی ئەزمونی کۆماری مەهاباد لەیازدە مانگ تێنەپەڕیو نەیتوانی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ لەکوردستان پێکبێنێ، بەڵام وەکو قۆناغێک لەخەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد، شوێنی خۆی کردەوەو ئێستاش جێگای باسو لێکۆڵینەوەیە.

# تێبینی ئەوەتان کردووە کوردەکان بەکۆمەڵ دەستگیردەکرێن؟

تۆراڵ چالشلار

هەمووان پیلانی باڵیۆز (پیلانی کودەتا) بەترسو خرۆشو ئومێدەوە تەماشادەکەین، دەترسین، چونکە هێشتا کودەتاچییەکان لەسەر کارەکانیان، لەسوچە تاریکەکاندا هەوڵی دۆزینەوەی کارێک دەدەن، "پیلانی باڵیۆز" بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، بەڵام "پیلانی قەفەس" هی ساڵی ٢٠٠٩یە، دەخرۆشێین، چونکە ناوەڕۆکی پیلانەکان ئاشکرا دەبن، دڵڕەقیو نیازڕەشی کودەتاچییەکانیش رامانەدچڵەکێنێت، ئومێدمان هەیە، چونکە تورکیا لێپرسینەوەیەکی جدی لەو کودەتاچییانە دەکات کە دیموکراسیەکەمانیان لەڕێی میلیشیاوە بریندارکردووە، ئەوانەی کە سیاسەتی مەدەنیو پەرلەمانی هەڵبژێردراو وەک دوژمن تەماشادەکەن، لایەنگرانی فەرمانڕەوایی سەربازی کە بڕیارەکانی میللەت بەمەترسی دەزانن، هەر لەو سوچو پەنایانەدا کە سەرگەرمی پیلانەکانی کودەتان، هەڵدەکوترێتە سەریانو دەستگیردەکرێن، لەکاتێکدا کەچەندین شیکردنەوە بۆ ترسناکی "باڵیۆزییەکان" دەکرێ، داوادەکرێ رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، لەباشووری رۆژهەڵات دەستگیرکردنی سیاسییەکانی دەتەپە (کە ئێستا بووەتە بەدەپە) بەبێوەستان درێژەی هەیە، هەندێک ئامار ئاماژە بەوەدەکەن کە ژمارەی دەستگیرکراوەکان ١٠٠٠ کەسی تێپەڕاندووە، ئایا هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە زیاتر لە١٠٠٠ سەرۆکی شارەوانیو سەرۆکی یەکەی ئیداری سەر بەیەک پارت دەستگیربکرێن، چی دەگەیەنێت؟



دەستگیرکردنی بە کۆمەڵی کوردان ناکۆکە لەگەڵ پرۆسەی کرانەوە بەڕووی دیموکراتیدا

ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆک شارەوانییانەی دەستگیرکراون لەو ناوچانە لەسەدا ٦٠ی دەنگی خەڵکیان بەدەستهێنابوو، ئەوە کە لەئارادایە جگە لەدەستگیرکردنی بەکۆمەڵێ نوێنەرانی خەڵک هیچی دیکە نییە، سیستەمو تێگەیشتنێک لەو ناوچانەی کوردەکان بەچڕی تێیدا بوونیان هەیە، باڵادەستیو هەیمەنەی خۆی درێژە پێدەدات کە مافەکانی پێشێلکردووەو ئیرادەی خەڵکی ناوچەکەی لەجێگەی هیچ داناوە، هەڵمەتەکانی پۆلیسو دەستبەسەرکردنو دەستگیرکردنەکان لەرۆژهەڵات بەبێئەوەی بزانێ وەستان مانای چییە، بەردەوامە.

لەرۆژنامەکاندا گەرچی لەسوچو پەناشەوە بێت وێنەیەکی نوێ بڵاوبۆیەوە، هەستتان پێکرد؟ باس لەو وێنەیە دەکەم کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی شاری ئیغدر کەلەپچەی لەدەستکراوەو بەرەو دادگا دەبرێت، یەکێک لەوانەی کە"رێزمان دەگرت"و "هەڵبژێردراو"بوو لەلایەن چەند کەسێکی پشتیوانی لێکراوەوە، کەلەپچە کرابوو، هەموومان دەزانین ئەوەی کە ئەم چەتە کودەتاچییانەی پەروەردەو گەورە کردووەو وای لێکردووە ببێتە هێزێکی چالاک ئەو جەنگە بەرێژە کەمچڕەیە کە٢٥ ساڵە باشووری رۆژهەڵات پێوەی گیرۆدەیە.

ئەو میلیتاریستانەی هەوڵدەدەن کێشەی کورد بەردەوام وەک کێشەیەکی ئاسایی ببینرێ، بەبنبەست گەیاندنی رێککەوتنەکانو رێگاچارەکانی ئاشتی فشارو چالاکییەکانی سەر ئەنقەرە درێژە پێدەدەن، لەوێ هێشتا (ژیتەم) بوونی هەیە، هەروەک کەسانێک کە حەز بەرژێمی سەربازیو سیستەمی ئۆتۆریتار دەکەن تا ئێستاش لەوێ ماون، دادگاکانی ئەوێ لەهەوڵی ئەوەدان ئەو پۆلیسانە بێتاوان دەربخەن کە لەمناڵە چکۆلەکان دەدەن، لەوێ هێشتا "دەوڵەتێکی تۆقێنەر" فەرمانڕەوایی دەکات. سەرچاوەی سەرەکی ئەوچەتانەی لایەنگری توندوتیژینو لەناو دەوڵەتدا خۆیان رێکخستووە باشووری رۆژهەڵاتەو ئەو ناوەندەیە کە لەدەرەوەی سیستەمی دادوەرییە. ئەوانەش پێکهاتەی سیاسی تورکیا تێکدەدەن لەوێ پەروەردە بوون. ئەو سیاسەتەی بەرگری لەناسنامەی کورد دەکات لەنێوان شاخو خەباتی رەوادا دێتو دەچێت، لەقۆناغێکی لەوجۆرەدا بینینی دەرەنجامی بەکۆمەڵ گرتنی ئەو سیاسییە کوردانەی خەباتی یاساییان هەڵبژاردووەو کەسانی دیارن، هیچ قورسییەکی تێدا نییە، ئەوەی کە یەکێک دەیەوێت دووبارە کوردەکان وا لێبکات ئیختیاری چوونە شاخ هەڵبژێرنەوە، یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە لەپلەی یەکەمدا بەمێشکماندا دێت، گەر بێتو هەڵبکوتنە سەر تەواوی شوێنە یاساییەکانو ئەو کوردانەی لەڕێی یاساییەوە کاردەکەن رەوانەی زیندانەکان بکەنو زیندانەکانیان لێپڕکەن، پێویستە ئەو کاردانەوەیەش لەبەرچاو بگرن کە کوردەکان بەرامبەر بەمە دەینوێنن یان پێتانوایە کوردەکان دەڵێن "چوونە شاخ باری ئێمەی گران کرد، مانەوەو کارکردن لەڕێی یاساییشەوە بۆتە نەکردە، بۆیە با هەموومان بچینە ناو ئاکەپەوە" یان "با سەر بۆ دەوڵەت شۆڕ بکەینو واز لەداواکارییەکانمان لەبارەی ناسنامەوە بهێنین"؟

وەیسی ساری سۆزەن لەرۆژنامەی گیونلوکدا باری رۆحی خەڵکی ناوچەکەو ئەو کاردانەوانەی ئەگەری روودانیان هەیە، بەمشێوەیە باس دەکات "ئێستا کێشەکە روونە ئیتر شەرمەزارکردنی ئەو کودەتایەی رێگری لەئەنجامدانی کرا، هەنگاوێکی دیموکراتییە"، بەڵام لەبەرچاو نەگرتنی خودی کودەتاکە مانای هێنانە خوارەوەی هەموو ئەم هەنگاوانەیە بۆ خاڵی سفر، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو هێزە دیموکراتییانەی لەرۆژئاوا رێگرییان لە"کودەتایەکی پیلان بۆ داڕێژراو" کرد، بریتییە لەڕاگرتنی ئەو "کودەتا بەردەوامە"ی ئێستا لەڕۆژهەڵات هەیە، سەرەڕای ئەو هەزارەها تاوانە گەورە بکەرنادیارانەی ساڵی ١٩٩٠و ئەو توندوتیژییە زۆرەی کە عەقڵ نەیدەتوانی وێنای بکات، کۆمەڵگەی کوردی سەری دانەنەواند، ئەو هێرشانەی ئەمڕۆ دەکرێتە سەریان سوکایەتی پێکردنێکی گەورەیە، مەبەست لێی نەهێشتنی ئارامی ئەوانەی شاخە، نەهێشتنی کۆمەڵە مەدەنییەکانی خەڵکە، ناچارکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردییە، بەوەی هەرکاتێک ویستی جەنگ بەرپا بکات، ئاژاوە بنێتەوە، بەسوودوەرگرتن لەمەش باری نائاسایی رابگەیەنرێو ئیتر ئەودەمە ئەو پیلانی کودەتایانەی کە تا ئێستا جێبەجێنەکراون بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش پیلانێکی کودەتایە، لەڕۆژئاوا "کودەتای مردوو" لەڕۆژهەڵاتیش "کودەتای زیندووە".

لەبارەی کێشەی کوردەوە درەوشاوەترین کۆبوونەوە، بریتییە لەوەی ئەو کوردانەی هەڵبژێردراون بەشێوەی کۆمەڵ بیانخەیتە زیندانەوەو هیچ حسابێک بۆ ئیرادەی ئەو میللەتە نەکەیت، لەئەنجامی ئەمەشدا ئایا ئەو پێکهاتە عەقڵانییەی پێیوایە کوردی میانڕەو دێتە ئاراوە، جگە لەکودەتاچییەکان دەکرێ کەسێکی دیکە بێت.

**و: محەمەد عەلی کەمال**
**رۆژنامەی رادیکاڵ ٢٤، ٠١، ٢٠١٠**

# حکومەتی تورکیا لەدەستگیرکردنی هاووڵاتیانی کورد بەردەوامە

## تا ئێستا لەشارەکانی کوردستان زیاتر لە١٠٠٠ کەس زیندانی کراون

محەمەد عەلی خەفاف

لەچوارچێوەی هەڵمەتەکانی پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانی دیکەی تورکیادا، تا ئێستا چەندین سیاسیی دیاریی کورد لەباکووری کوردستان دەستگیرکراونو چەندینی دیکەش لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە، حکومەتی تورکیا کە بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەو نەهێشتنی پەکەکە پرۆسەی کرانەوەی دەستپێکردووە، ئایا ئەم رەشبگیرییەی بۆ دەچێتە سەر؟ ئایا دەستگیرکردنی ژماریەکی زۆر لەسەرۆک شارەوانییەکانو بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی سەر بەپارتی ئاشتیو دیموکراسی کە هەڵبژێردراوی خەڵکنو لەڕێی یاساییەوە هەڵبژێردراون چارەسەری کێشەکان سادەتر یان ئاڵۆزتر دەکات؟

### سەرۆکی شارەوانی ئیغدر دەستگیرکرا

لەهەڵمەتێکی هێزەکانی جەندرمەی تورکیدا لەشاری ئیغدری کوردستانی تورکیا ١٢ کەس بەتۆمەتی ئەندامێتی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکران، لەنێویشیاندا مەهمەت نوری گیونەشی سەرۆکی شارەوانی شارەکەی تێدایە کە سەر بەپارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)یە، دوای دادگایی کردنیان ٤ کەسیان ئازاد کرا، ٨کەی دیکەشیان کە سەرۆکی شارەوانی تێدایە بەرەو زیندان رەوانەکران، هەر بەو بۆنەیەشەوەو بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی بڕیاری دەستگیرکردنی گیونەشو بەرپرسی ریکخستنەکانی بەدەپەو ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی پارتەکە، زۆرینەی دوکاندارانی شارەکە رۆژی دووشەممە دوکانەکانیان نەکردەوەو دواتریش روونکردنەوەیەکی رۆژنامەوانی پێشکشکرا.

### بەرپرسی لقی شاری ئادیامانی بەدەپە دەستگیرکرا

مەهمەت واڕۆڵ بەرپرسی لقی بەدەپە لەشاری ئادیامانی باکووری کوردستان، بەهۆی سکاڵایەکەوە کە لەدژی تۆمارکرابوو دەستگیرکراو دوای لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی، دەرکەوت سکاڵاکەی لەشاری مەسین لێکراوەو بەوهۆیەشەوە بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، سەرچاوەکانی هەواڵ هۆکاری دەستگیرکردنی ناوبراویان بڵاونەکردەوە.

### لەسیرتو ئاگری، ١٨ کەس رەوانەی زیندان کران

لەشارۆچکەی دۆغوبەیازیتی سەر بەشاری ئاگری، بەتۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە ٣٩ کەس دەستبەسەرکران، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، ٢٨ کەسیان ئازادکرانو ئەوانەی دیکەش بەبڕیاری دادگا تۆمەتەکانیان بەسەردا ساغبوویەوەو راپێچی بەندینخانە کران، هاوکاتو لەشاری ئەروحی سەر بەشاری سیرت بەتۆمەتی هێرشکردنە سەر بینای ئاکەپە لەشارەکە، هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ٢٥ کەسو دەستبەسەریان کردن، پاش لێپێچینەوە لەگەڵیاندا ١٨ کەسیان ئازادکرانو ٧یان دەستگیرکران.

### لەباتمان ژمارەی دەستگیرکراوان بۆ ٤٢ بەرزبۆوە

لەو ٧٨ کەسەی هێزە ئەمنییەکان لەشارەکانی وانو دیاربەکرو باتمانو ئەستەنبوڵ دەستبەسەرکرابوون، ٣٨یان دەستگیرکران، بەمەش ژمارەی دەستگیرکراوەکان لەشاری باتمان بەرزبوویەوە بۆ ٤٢ کەس.

هەڵمەتەکان لەنیوەشەودا ئەنجامدرانو دوای دەستگیرکردنیشیان بەماوەیەکی کەم، دادگاییکران، لەو ٧٨ کەسە ٣٨یان بەتۆمەتی هاوکاریکردنی پەکەکەو ئەندامێتی لەپارتەکەداو ئەنجامدانی چالاکی دەستگیرکران، رۆژی پێشتریش لەکۆی ١٥ کەس ٨یان لەلایەن دادگاوە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووبوو.

### سێ ئەندامی دەتەپە دە مانگ زیاتر زیندانی دەکرێن

سێ ئەندامی دەتەپەی داخراو کە یەکێکیان پلەیەکی ناوەندی لەپارتەکەدا هەیە، بەتۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکەو هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی تاوان، دادگای تاوانە گەورەکانی شاری وان، سەرو دە مانگ زیندانی بەسەردا سەپاندن، پێشترو لەساڵی ٢٠٠٨دا هەریەک لەو سێ کەسە بەهۆی ناوهێنانی عەبدوڵڵا ئۆجالانو بەرزڕاگرتنی ناوەکەی لەو دادگایە سکاڵایان لەسەر تۆمارکرابوو.

### نیگەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارت بەڕەشبگیرییەکە

نزیکەی ٣٣٠ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری دیاربەکر، لەڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشدا نیگەرانی خۆیان لەبارەی دەستگیرکردنەکانی ئەم دوایەی ئەندامانی بەدەپە دەربڕیو حکومەتی ئاکەپەشیان لەوە ئاگادارکردەوە کە بەگرتنەبەری سیاسەتی نکوڵی لێکردنو سڕینەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتە ئاکەپە بەوێنەی پارتەکانی پێش خۆی بەرەو نەمان دەچێت.

رێکخراوەکان لەشارەکانی دیاربەکرو باتمانو وانو دەرسیمو شرناخو ئەلازیغو ماردینەوە هاتبوونو بریتی بوون لەپلاتفۆرمی دیموکراسی ٢١ شارو شارۆچکە، لەڕوونکردنەوەکەدا بەتوندی ئیدانەی هەڵمەتی هێزە ئەمنییەکانیان بۆ دەستگیرکردنی بەدەپەییەکان کردو هەزاران هاووڵاتی دیاربەکریش کە لەوێ ئامادەبوون، پشتیوانی خۆیان بۆ وتەکانیان دەربڕی.

لەو چوارچێوەیەدا سەرۆکی یەکێک لەڕێکخراوەکان رایگەیاند: ماوەی هەشت مانگە هەڵمەتەکان بۆ سەرمان بەردەوامەو لەو ماوەیەشدا کودەتایەکی رانەگەیەنراو دژی کوردەکان درێژەی هەبووە،لەبەرامبەر ئەو کودەتایەشدا کە لەدژی کورد دەکرێ، نە رۆژئاوای وڵاتو نە وڵاتە دیموکراتەکان دەنگیان لێوە نایەت، بەڵام ئێمە دێینە سەرشەقامەکان بۆ ئەوەی بڵێین ئەو کودەتایەی لەدژمان ئەنجامدەدرێ، قبوڵ ناکەینو لەدوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠وە خەڵک لەم ناوچەیەدا قەڵایەکی بەرەنگاری دروستکردووە، بۆیە ئەو کودەتایەی لەدژمان لەئارادایە چۆکمان پێدانادات.



ڕەشبگیرییەکانی کوردستانی تورکیا، کورد تووڕەدەکات

# برایەتی ئایینی یان برایەتی سیاسی؟

نەجمەدین حەمەعەلی



لەپەنای سیاسەتدا چەمکە ئایینییەکان بارگاوی دەکرێن!

هەمیشە لەناو ئایینەکاندا بەتایەتی لەناو ئایینی ئیسلامدا، گفتوگۆو قسەکردنێکی زۆر لەئارادایە لەسەر چەمکێک کەباوەڕداران لەسنوورێکدا کۆدەکاتەوەو ناسنامەیەکی ئیمانییان پێدەبەخشێ کە ئەویش بەچەمکی (برایەتی ئایینی یان ئیمانی) دەناسرێتو ناودەبرێت، واتا هەموو ئەوانەی خۆیان بەباوەڕدار دەزانن و پەیڕەوی لەئاینێکی دیاریکراو دەکەن (کە ئێمە زیاتر مەبەستمان لەئایینی ئیسلامە)، خۆنەویستانە دەچنە ناو بازنەی ئەم برایەتییە ئایینیە یان ئیمانییەوە، واتە بەدەر لەبازنە مرۆییەکە، بازنەیەکی تری ئیمانیش بەرمەبنای پرەنسیپو ئایدیاکانی ئایین سەرهەڵدەداتو دەبێ کەسی باوەڕدار پارێزگاری لێبکاتو گوێڕایەڵی بنەماکانی ئەم برایەتیە ئیمانیە بێت، هەروەک قورئانی پیرۆزیش لەچەند شوێنێکدا ئاماژەیەکی راستەوخۆ بەم برایەتیە ئیمانیە دەکات، هەروەک دەفەرموێ (.. انما المؤمنون اخوة فاصلحوا بین اخویکم..)، واتا لێرەدا گەر مرۆڤ نەیتوانی بەسروشتی خۆی بەبرایەتی مرۆیی بگاتو بەرمەبنای پرەنسیپە مرۆییەکان (ئەوانەی هاوڕێکن لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا) کردار بنوێنێ، ئەوا ئایین بۆ مرۆڤ بەتایبەتی بۆ مرۆڤی باوەڕدار، یەکێکە لەسەرەکیترین ئەرکو پرەنسیپەکانی برایەتی لەدروستکردنو بونیادنانی برایەتی ئایینی یان (برایەتی ئیمانی) لەنێوان باوەڕداراندا، هەر لەناو خودی ئایینیشدا ئەم برایەتییە ئایینیە دەتوانێت لەچەند ئاستێکی جیاوازدا وێنای بکەین، بەڵام رەسەنترینو بەماناترینیان بریتیە لەو برایەتیە ئایینییەی کە لەدەرەنجامی ئەقڵو بیرکردنەوەو تێڕامانی ئەقڵانیو فەلسەفیانە لەدەقی پیرۆزەوە بەرهەمدێتو زیاتر چاوی لەپرەنسیپەکانی مرۆڤبوون بڕیوەو دەیەوێت لەرێگەی ئەم گوتارو پرەنسیپە ئیمانییانەوە بەگوتارو پرەنسیپە مرۆییەکان بگاتەوەو هەموو ئەو جیاوازیو پرەنسیپە نارەسەنانە بخاتەلاوە کە زیاتر مرۆڤ بەرەو نارەسەنبوونو نائیمانیبوونو نامرۆڤبوون دەبەن، چ لەناو چوارچێوە ئیمانییەکەدا بێت یان لەدەرەوەی ئەم بیرکردنەوە ئیمانییەوە بێت، چونکە لەمجۆرە بیرکردنەوە ئایینیەدایە کە هەردوو چەمکی مرۆڤبوونو باوەڕداربوون یەک دەگرنو تێکەڵاو دەبنو سەرەتاو کۆتا ئامانجیان لەگەڵ یەکتردا هاوڕێک دەبێت، ئایینیش لەناو ئەم گوتارەدا دەتوانێت خۆی بەیانکات، چونکە لەناو ئەم گوتارەدا هەوڵدانێک هەیە بۆ سوودوەرگرتن لەچەمکی پیرۆزی ئایین.

واتا ئەو برایەتییە ئیمانییەی کە لەدەرەنجامی ئەقڵو بیرکردنەوەی ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەتوانێت دەستو پەنجە نەرمکات لەگەڵ ئەو بنەما رەسەنە مرۆییانەی کەلەناو ئاییندا بوونیان هەیەو لەراستیشدا ئایین لەفۆرمە رەسەنەکەیدا تەنها دەتوانێت لەم پانتاییەدا بوونی هەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بیرکردنەوە یاخود ئەم برایەتییە ئیمانییە لەم ئاستەدا دەبێتە هۆی سەیڤکردنو بەپیرۆز راگرتنی خودی ئایین، چونکە لەم ئاستەدا ئەم برایەتییە هەڵگری هیچ بەرژەوەندییەکی ماتریاڵیو زەمینیو ناپیرۆز نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندییەک ئەم ئاستە چاوی لێدەبڕێت خودی برایەتییە نەک شتێکی تر! لەم ئاستەدا ئیمان یاخود باوەڕ لەجەوهەری بوونیا دەردەکەوێتو فۆرمی رەسەنی خۆی تەواودەکات، بەڵام کاتێک ئایین دادەبەزێنرێت لەئاسمانەوە بۆ سەرزەوی، لەمیتافیزیکەوە بۆ فیزیکو دواجاریش تێکەڵ بەبەرژەوەندیو چێژە زەمینییەکانی مرۆڤ دەکرێت، لەکۆتاییشدا هەموو ئەو دەرکەوتانەی کە لەئایین دەکەونەوە زۆر سادەییانەو موزەیەفانە دەردەکەونو شوێنی خۆیان لەناو چوارچێوەی ئاییندا دەکەنەوە، بۆنموونە کاتێک حیزبێکی سیاسی ئایینی دەردەکەوێتو دەبێتە نوێنەری ئایین لەگەیاندنی چەمکە ئاینییەکانداو هەموو ئەو چەمکە ئایینیانەی کە لەگوتاری ئەم حیزبە ئایینیانەوە دەردەکەون، ناتوانن مانای تەواوی خۆیان وەرگرن، وەک ئەوەی کە هەن لەفۆرمە بنەڕەتییە لاهوتییەکەدا (سیۆلۆجی)ەکەی ئاییندا.

یەکێک لەو چەمکانەی کە لەئەنجامی گوتاری سیاسی ئەم حیزبە ئایینیانەوە بەموزەیەفی دەردەکەوێت بریتیە لەچەمکی برایەتی ئیمانی یان برایەتی ئایینی، راستە ئەم چەمکە لەمانا رەسەنە سیۆلۆجییەکەیدا چەمکێکی باڵایەو بەموقەدەسی باسی لێوە دەکرێت، بەڵام کاتێک ئایین تەسلیم بەحیزب دەکرێت وەک رێکخستنێکی دنیایی، ئەوا هەموو چەمکو میتۆدو ئایدیاکان، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بێگومان ئەم چەمکەش یەکێک دەبێت لەو ئایدیایانەی کە موزەیەف دەبێت.

کاتێک چەمکی برایەتی ئیمانی بەرمەبنای ئایدۆلۆژیای حیزبی سیاسی ئایینی لەبەرچاو دەگیرێتو مامەڵەی پێوەدەکرێت، ئەوا هەروەک چۆن ئایین کاتێک بەسیاسی دەکرێت مانای خۆی لەدەستدەدات، بەهەمانشێوەش برایەتی ئایینی لەم فەزایەدا سادە دەبێتەوەو برایەتی سیاسی شوێنی دەگرێتەوە، بێگومان چەمکی برایەتی سیاسیش لەناو حیزبدا ناتوانێت بوونی هەبێتو شتێکی لەمشێوەیە مەحاڵە لەگەڵ ستراکچەرو بەرنامەی حیزبی سیاسیدا بێتەوە، چونکە لەناو حیزبی سیاسیدا مانایەک نییە بۆ برایەتی ئایینی؟ ئەوەی کە بەهەند وەردەگیرێت بریتیە لەبنەماکانی بەرژەوەندی سیاسی، چ لەنێوخۆی خودی حیزبدا بێت یان لەدەرەوەی ژینگەی حیزب،

> هەروەك چۆن ئایین كاتێك بەسیاسی دەكرێت مانای خۆی لەدەستدەدات، بەهەمانشێوەش برایەتی ئایینی لەم فەزایەدا سادە دەبێتەوەو برایەتی سیاسی شوێنی دەگرێتەوە

بۆیە ئەم برایەتییە ئیمانییە هەر لەگەڵ ئەوەی کە تێهەڵکێش کرا بەحیزبو سیاسەت، رووبەڕووی کێشە دەبێتەوەو ئەوەی کە برایەتی ئایینی داخوازی دەکات بەهیچ شێوەیەک لەناو حیزبو سیاسەتدا ناتوانێت بەدەستی بهێنێتو رێگەی نابێتەوە، ئەمەش زۆر بەڕوونی لەناو حیزبو رێکخراوە ئیسلامییەکاندا بەئاشکرا دەبینرێت، ئەم حیزبانە بەردەوام جەخت لەسەر ئەم برایەتییە دەکەنەوەو لەبەرنامەو کۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا زۆر گرنگی پێدەدەن، تەنانەت لەهەندێ لەو حیزبانەدا بووە بەدروشمی یەکەمی کاری سیاسیو حیزبیان، بەڵام ئەمە وای نەکردوە کە ئەم چەمکە فۆرمە ئاینییەکەی خۆی ون نەکاتو بەبازاڕی نەکرێ، سەرەڕای هەموو ئەم گرنگی دانە بەم چەمکە، بەڵام دەبینین حیزبە ئیسلامییەکان چ لەناو ئەندامانی خۆیاندا چ لەگەڵ ئەندامو لایەنگری حیزبە ئیسلامییەکانی تردا، بەهیچ شێوەیەک ئەم برایەتییە ئیمانییە لەبەرچاو ناگرن، زۆر بەئاشکرا دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەوەندەی ئەندامێکی کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامی رقیان لەیەکترەو قەڵسن بەیەک، زۆر کەمتر لەوە رقیان لەئەندامانی حیزبە عەلمانییەکان دەبێتەوە لەکاتێکدا کە ئەوان بەمورتەدو مولحیدیان ناودەبەن؟ ئایا ئەمە برایەتی ئیمانییە؟ ئایا ئەمە ئەوەمان پێنالێت کە پێویستە ئاینو چەمکە ئایینیەکان بۆئەوەی بێمانا نەکرێنو لێیان نەدرێت، پێویستە تێکەڵ بەبەرژەوەندی حیزبیو سیاسی نەکرێن، ئایا ئەمە بەڵگەیەکی بێپاساو نییە، بۆئەوەی ئایین بەپیرۆزی بمێنێتەوە پێویستە تێکەڵ بەبەرژەوەندییەکانی مرۆڤ نەکرێت؟ بەروونی دەردەکەوێت کەئایینو چەمکە ئایینیەکان بەکاردەهێنرێن، لەراستیشدا ئەم بەکارهێنانە بووەتەهۆی ئەوەی کە چەمکە ئایینییەکان تەنانەت لەناو کۆمەڵگەو خەڵکی ناسیاسی ئاینیشدا نەتوانن ماناو شوێنی خۆیان بگرن، ئەم بەکارهێنانە نادروستە بووەتەهۆی ئەوەی کە گومان لەناو کۆمەڵگادا دروستبکات بەرامبەر ئەم چەمکانەو لەکۆتاییدا بەکارهێنانیان بووە بەخوو بەهیچ شێوەیەک ناتوانن کاریگەری خۆیان لەسەر پەیڕەوکەرانی ئایین دابنێن. هەروەک چۆن کە مەلاکانیش رۆڵی سەرەکیان هەیە لەسووککردنو سادەکردنەوەو لەبەرچاوخستنی چەمکە ئایینیەکان لەناو کۆمەڵگادا، لەرێگەی دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەم چەمکانەدا، چونکە گەر شتێک بەردەوام دووبارە کرایەوە بەبێ ئەوەی وشەیەکی بۆ زیادبکرێت، ئەوا لای مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایيو دواجاریش تێدەپەڕێنرێتو تەنها لەقسەدا قەتیس دەبێ.

لەناو حیزبەکانیشدا هەندێ لەسیاسییەکان رۆڵی مەلا دەبینن و توانیویانە ئەم چەمکانە بەتایبەتی چەمکی برایەتی ئایینی بەکاربێنن بۆ دەمکوتکردنو خەساندنو سەرکوتکردنو فریودانی ئیماندارە شوێنکەوتووەکانیان؟ بەجۆرێک تابتوانن بەسەریاندا زاڵبنو لەبەرژەوەندی سیاسیانەی خۆیاندا بەکاریانبهێنن، واتا لێرەدا چەمکی برایەتی ئایینی وەک رێگەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ پەردەپۆشکردنی مەرامو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان، بۆیە دەبینین ئەو کەسانەی کەهەست بەم دیماگۆجیەتەی خۆیان دەکەن راستەوخۆ ئەم گوتارە سیاسییە ئیمانییەو ئەو "برایەتییە ئیمانییە" رەتدەکەنەوەو چیدی ئایین بەسیاسەتو برایەتی ئیمانی بەبرایەتی سیاسی ناگۆڕنەوە.

najmhak@yahoo.com

# سوهرەوەردی، قوربانی دەستی فەقیهەکانی نائەقڵانیەتی ئایینی

د. ئەحمەد خەلیل

بەشی سێیەمو کۆتایی

### بەرهەمی زیرەکیو ئازادیەتی

بوێری زانستی لەسوهرەوەردیدا شتێکی سروشتیبوو، ئەو بوێرییەش زۆر لەڕادەبەدەربوو، هەندێ کات دەگەیشتە رادەی هەڵەشەبوون.

شێخ سەدید کوڕی رەقیقە، ئاماژە بەو خەسڵەتە دەکات لەسوهرەوەردیداو دەڵێت:

"شەهابەدینی سوهرەوەردی زۆرکات دەڕۆیشت بۆلایو هاوڕێیەتیش لە نێوانیاندا هەبوو، شێخ فەخرەدین پێمی دەوت ئەم لاوە زۆر زیرەکو زمانپاراو بووەو تائێستا کەسم نەبینیوە وەکو ئەو بێت، لەو هەڵەشەییو توانا زانستییەی ئەترسم، هەر ئەوەش بووەهۆی لەناوبردنی".

فەخرەدینی ماردینی دەڵێت "کاتێک شەهابەدینی سوهرەوەردی لەرۆژهەڵات لێمان جیابوویەوەو رووی کردە شام، چوو بۆ حەلەبو لەوێ رووبەڕووی فەقیهەکان بوویەوەو لەگەڵیاندا کەوتە مونازەرەوە، زۆر قسەیان لەسەری دەکرد، پاشان بردیان بۆ لای سوڵتان مەلیک زاهیری کوڕی سەڵاحەدین، ئەویش کۆمەڵێک لەموتەکەلیمینو مامۆستاو زانا ئاینییە گەورەکانی بانگکرد بۆئەوەی بزانێت لەنێوانیاندا چی روودەدات، قسەیەکی زۆریان لەگەڵ کرد لەبەرئەوەی سوهرەوەردی زانستێکی زۆرو فراوانی پێبوو، شوێنیشی لای مەلیک زاهیر باشبوو نزیکبوو لێیەوە، ویستیان ئەو پلەو پایەیەی کەمبکەنەوە، هەر بۆیە قسەی زیاتریان لەسەر کردو لەکۆتاییدا فەتوای کافربوونیان بەسەردا دا.

پاشان بەڕێیان کرد بۆ دیمەشق بۆ لای سەڵاحەدینو وتیان ئەگەر ئەمە بمێنێتەوە بیرو باوەڕی مەلیک پوچ دەکاتەوەو لەهەر ناوچەیەکی وڵاتیشدا بێ، تێکیدەداتو شتی زۆری لەمجۆرەیان بۆی زیادکرد".

ئیبن ئەبی ئەصەیبعە لەکتێبی (عیون الانبیاء فی طبقات الارض) باس دەکات کە"شەهابەدین لەگەڵ فەقیهەکانی هەموو مەزهەبەکانیتر گفتوگۆو مونازەرەی دەکردو لاوازی کردبوون، ئەوجا ماوەیەکی زۆر لەحەلەب مایەوەو قسەی زۆری لەگەڵ کردن بۆئەوەی بزانێ کامیان بەتواناترن، هەر بۆیە فەقیهەکان زۆر دەمارگیربوون لێیو فەتوای رشتنی خوێنو کوشتنیان دەرکرد".

### کۆتاییە مەرگەساتبارەکە

بەمشێوەیە بەدبەختی فەقیەو پیاوانی ئاینی ئەبینین بەرامبەر سوهرەوەردی، ئەوەش لەبەرناکۆکی فیکری نەبووبەتەنها، بەڵکو لەبەرئەوەبوو کە سوهرەوەردی لای مەلیک زاهیر نەزانی ئەوانی خستەڕوو، هەروەها لەگەڵی کێبڕکێیان دەکرد لەسەر هاوڕێیەتیو دانیشتنی لەگەڵ مەلیکدا، بۆیە دەیانزانیو گومانی تێدا نەبوو لایان ئەگەر سوهرەوەردی لەناو دڵی مەلیکدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەمان شوێنو پلەو پایەکانیان لەلای ئەو لەدەستدەدەن، هەر بۆیە بڕیاریاندا، وەک چۆن فەخرەدین روونیدەکاتەوە، ویستیان رزگاریان بێت لێی، نەک بەتەنها لەڕووی هزرو بیرەوە، بەڵکو بیکوژن لەرووی جەستەو فکریشەوە.

لەوکاتەشدا سەڵاحەدین پێویسترین کەسبوو بۆ یەکخستنەوەی دەوڵەتە بەشبەشەکەیو رووبەڕووبوونەوەی لەدژی فەڕەنسییەکان لەرۆژئاواوە، هەروەها ململانێیەکی نهێنی لەدژی زەنگیەکان لەموسڵو دەوروبەریو لەدژی سەلجوقییەکان لەئەنادۆڵدا هەبوو.

هەندێ کاتیش ناکۆکی نهێنی لەگەڵ خەلیفەی عەباسی بەغدا سەریهەڵدەدا، بۆ رووبەڕووبوونەوە ناوخۆییەکانیش فەقیهەکانو زاناکانو مەلاکان سوپای بوون بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، چونکە ئەوان خەڵکیان لەهەردوولاوە کۆکردوەتەوە لەهەموو سەدەیەکداو هەرکەسێکیان بویستایە بۆلای خۆیان پەلکێشیان دەکرد.

سەڵاحەدین سوڵتانێکی سونی شافیعی ئەشعەری بوو، هەموو ئەو قسانەی کە فەقیهەکان بۆیان کرد لەسەر مەترسی سوهرەوەردیو هەموو ئەو بەرهەمو دەسکەوتانەی کە بەدەستی هێنابوون بەهەند وەرگرتو نووسراوێکی بەدەستو خەتی قازی نارد بۆ مەلیک زاهیری کوڕیو تێیدا وتبوی "پێویستە ئەم گەنجە کە ناوی سوهرەوەردییە بکوژرێتو نابێت بەهیچ شێوەیەک بمێنێتەوە".

بۆیە فەرمانی کوشتنی سوهرەوەردی دەرکرا، بەڵام ئەم فەرمانی کوشتنە چۆن جێبەجێکرا؟! ئەو گێڕانەوانەی لەم رووە باسدەکرێن جیاوازن، باشترینیان ئەوەیە کە ئیبن ئەبی ئەصەیبعە دەیڵێت "کاتێک سوهرەوەردی زانی کە دەکوژرێتو هیچ رێگایەک نییە بۆ ئازادبوونی، داوایکرد لەشوێنێکی تەنیادا بیهێڵنەوەو خواردنو خواردنەوەی لێ قەدەغە بکەن، تاکو بەدیداری خودا شاد دەبێت.

بەوشێوەیە داواکەیان جێبەجێ کردو تا لەکۆتایی ساڵی ٥٨٦ کۆچیدا لەتەمەنی سیو شەش ساڵیدا لەحەلەب کۆچی دوایی دەکاتو دەبێتە قوربانی دەستی فەقیهە ستەمکارەکانی نائەقڵانیەتی ئایینی."



ئارامگەی سوهرەوەردی

و: عومەر عەبدولکەریم قادر
omerteno@yahoo.com

حەسەن یاسین

## بەخۆداچوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

یەکێک لەو مەسەلانەی کە پێویستی بەقسە لەسەرکردنو شیکردنەوەیەو یەکێکە لەو کێشانەی لەنێو بزووتنەوەو حزبو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستانو ناوچەکەدا هەیە مەسەلەی ملنەدانو پشتگوێخستنی پێداچوونەوەیە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژایەتیکردنی ڕەخنە لە خۆو هاندانی نوێکردنەوەیە. لەکاتێکدا ڕەخنەلەخۆگرتنو نوێکردنەوە سەرچاوەی هەموو هەڵسانەوەو ڕابوونێکن!

بێگومان پێداچوونەوەو بەخۆداچوونەوە بەبیرکردنەوەی زانستییانە دەکرێت. بیرکردنەوەی زانستییانەش بریتییە لەوردبوونەوەی قووڵ لەهەر دیاردەیەک. وردبوونەوەش لەدیاریکردنی ئەو کێشەیە یان ئەو دیاردەیەوە دەستپێدەکات. پاشان شیکردنەوە دەبێتە هەنگاوی دووەمو هەنگاوی سێیەمیش کە دوا هەنگاوە خۆی لەخستنەڕووی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە یان دیاردەکە دەبینێتەوە.

بەگوێرەی چاوپێکەوتنێک کەلە ژمارە (٩)ی (٢٠)ی کانونی دووەمی (٢٠١٠)ی گۆڤاری (ڕێگا مەگەزین)دا کە لەگەڵ عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستاندا کراوە،بڕیار وایە کۆمەڵی ئیسلامی لەمانگی (٣)ی ئەمساڵ (٢٠١٠)دا، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراق، کۆنگرەی ( ٢ )ی خۆی ببەستێت. بەپێی لێدوانی سەرانی کۆمەڵ، لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ ئەو کۆنگرەیە کـراوە، چونکە وەک خۆیان ڕایانگەیاندووە" ئێستا گۆڕانکاری زۆر خێرایە"، ئەمەش وایکردووە ئەگەر کۆمەڵ" مامەڵەکردنی خۆی لەگەڵ واقیع نەگۆڕێو چاوی پێدانەگێڕێتەوە" ئەوا دووچاری ستەمکاری دەبێت. ئەم ستەمکارییەش، بەقسەی عەلی باپیر، لەدوو ڕووەوە دەبێت.ڕووی یەکەمی ستەمکاری دەبێت بەرانبەر بە دینی ئیسلام، چونکە"دینێکی حەق بەهۆی بەکارهێنانێکی ئامرازی کۆنو بەسەرچوو" دێتە بەرچاوی خەڵک. ڕووی دووەمی ستەمکردنەکە بریتی دەبێت لەستەمکردن لەئەندامانی کۆمەڵو کۆمەڵگای کوردیش، کە" ناتوانن سودی پێ بگەیەنن".

ئەو گۆڕانکارییانەی کە کۆمەڵ بەتەمان لەنێوخۆی حزبەکەیاندا بیکەن، وەک ئەمیری کۆمەڵ بۆیچووە، هەر لە بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامەوە، هەر لەقیادەو شێوازەکانی کار، ئامانجە نزیکەکان..هتد دەگرێتەوە، چونکە" هەموو شتێک قابیلی گۆڕانە".

ئامانجی دوورو کۆتایی کۆمەڵ، وەک ئەمیرەکەیان دەیڵێت، ئەوەیە کە دینی خوا لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەرپا بکات.ئەگەر سادەترین لێکدانەوە بۆ ئەم وتەیەی عەلی باپیر بکەین دەکرێ بڵێین ئەمە مانای وایە کۆمەڵی کوردی کۆمەڵگەیەکە دوورە لەئیسلامو پێویستی بەئیسلامکردن هەیە، ئەمەش وای لە کۆمەڵی ئیسلامی کردووە بەئەرکی خۆی بزانێت کە شان بداتە بەر ئەم ئەرکە!

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای قسەو باسەکەمان، کە مەسەلەی پێداچوونەوەیە، ئەوا دەڵێین ئایا بەرنامەو پلانی گروپو حزبەکانی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەو جیهان بەگشتیو لەکوردستاندا بەتایبەتی، ئامانجی ئاشکراو ڕوونیان دیارە؟ هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئەگەرچی تەماوینو ڕوون نین، تا چەند هاتوونەتەدی؟ ئەدی تا ئێستا قسەیەکیان کردووە لەسەر ئەوەی کە ڕێژەی کەمتەرخەمییان لە بەدینەهێنانی ئامانجەکانیان، بۆ هەموو لایەک، بخەنەڕوو؟

ئایا ئەو گروپە ئیسلامییانە، بە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیشەوە، بایی پێویست کادیری بەتواناو لێکۆڵیاری لێهاتوویان پێگەیاندووە کە بتوانن بارودۆخی ناوخۆیی حزبەکەیان شیبکەنەوەو ڕێگای داهاتوویان دیاری بکەن؟

ئەم پرسیارانەو کۆمەڵێ پرسیاریتر، هی ئەوەن کە کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرکردایەتیو کادرو ئەندامانەوە، بەقووڵی نەک هەر بیری لێبکەنەوە، بەڵکو دیراسەی بکەنو لەکۆنگرەدا ئەنجامەکانی بەیەکتر بسەلمێننو پاشان بۆ هەموو لایەکیشی ئاشکرا بکەن، تا هەموو لایەک ببەنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوان، وەک کۆمەڵی ئیسلامی،جیدی بوون لەوەی دروشمی ئەنجامدانی گۆڕانکارییان لەنێوخۆی حزبەکەیان بەرزکردەوە!نەک وەک ئێستایان کە نەک هەر نکوڵی لەناکۆکییە ناوخۆییەکانیان دەکەن، بەڵکو تروسکایی کرانەوەو شەفافییەتی زانیارییە ناوخۆییەکانیان لێ بەدیناکرێت.

ئایا لەو کۆنگرەیەدا هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو پرسەدا دەکەن کە ئایا لەماوەی ئەو (٩ ) ساڵەی ڕابردووی حزبەکەیاندا چ سودێکیان بە کوردەواری گەیاندووە!

ئەوەی لەکۆتایی بابەتەکەمدا دەمەوێ بەخوێنەرانی بگەیەنم ئەوەیە کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەو چاوپێکەوتنەی گۆڤاری (ڕێگا مەگەزین)دا، کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ڕێکخراوی قاعیدە بە (برایانی قاعیدە) ناودەبات، بۆیە دەمەوێ پرسیاری ئەوە لەئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بکەم ئایا لەو کۆنگرەیەی داهاتوویاندا هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەقاعیدە ڕوون دەکەنەوە؟ یان کۆمەڵ هەر لەسەر ئەو هەڵوێستەی ئێستای ئەمیرەکەیان بەردەوام دەبنو ڕێکخراوی قاعیدە بە ( برا )ی خۆیان دەزانن؟

> ئامانجی دوورو کۆتایی کۆمەڵ، وەك ئەمیرەکەیان دەیڵێت، ئەوەیە کە دینی خوا لەکۆمەڵگەی کوردیدا بچەسپێنێت. ئەگەر سادەترین لێکدانەوە بۆ ئەم وتەیەی عەلی باپیر بکەین دەکرێ بڵێین ئەمە مانای وایە کۆمەڵی کوردی کۆمەڵگەیەکە دوورە لەئیسلام

# لەسیستمێکی سیکۆلاردا بیری ئایینی جێی ڕێزە

## بەیان عەزیزی بۆ دەستوور

سازدانی: نەجمەدین حەمەعلی
بەشی دووەم

**بەرمەبنای ئەو ئیشکالیەتەی کە لەنێوان هەریەک لەچەمکی ئایینو دەوڵەتو سیاسەتو سیکۆلاریزمدا هەیەو ئەو گفتوگۆو دیالۆگانەی کە بەردەوام لەسەر ئەم بابەتانە دەخرێنەڕوو، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چەمکانە لەچ پانتاییەکدا دەتوانرێ ڕاڤەیەکی تەندروستیان بۆبکرێتو لەکوێدا دەتوانن خۆیان مانیفێست بکەن، بەوپێیەی کە هەریەک لەوان بەمانا پۆزەتیڤەکانی خودی خۆیان ئاشنابنو لەحاڵەتێکی پاسیڤەوە بەرەو حاڵەتێکی ئەکتیڤ ئاراستەبکرێن، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئیشکالیەتانە ڕۆژنامەی دەستوور گفتوگۆیەکی لەگەڵ خاتوو بەیان عەزیزی مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین سازداو بەسوپاسەوە بەڕێزیان سەرنجەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامەکەمان خستەڕوو. هەروەها لەبەرنامەماندایە هەر لەسەر ئەم بابەتە لەداهاتوودا درێژە بەم گفتوگۆیە بدەینو ڕووناکبیرو کەسانی تری خاوەن بیروڕای جیاواز بدوێنین.**

.................................

**دەستوور:** لەو ڕوانگەیەوەی کە ئاینی مەسیحی جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئاینی ئیسلام، بەوپێیەی کە ئاینی مەسیحی پێچەوانەی ئاینی ئیسلام، ئاینێک نییە بۆ یاسادانان، ئایا ڕووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزمو مەسیحیەت جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینی ئیسلام بەرامبەر بنەماکانی سیکولاریزم؟

**بەیان عەزیزی:** دیارە کە ئایینی مەسیحی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا هەیە، بەڵام پۆینتێکی گرنگ هەیە کە لەهەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا هاوبەشە، ئەویش جیاکردنەوەو دابەشکردنی جیهانە بەپیرۆزو ناپیرۆز، دیاردە پیرۆزەکان، دیاردە ناپیرۆزەکان، کەسە پیرۆزەکان، کەسە ناپیرۆزەکان، ئایین سیستمێکی یەکپارچە (Integration)یە لەباوەڕ، کردارو دابونەریتی پەسەندکراو کە لەبابەتە ئاساییەکان جیادەکرێتەوە، ئەمجۆرە کارپێکردنە هەموو ئەوکەسانەی باوەڕیان بەو ئایینە هەیە دەخاتە کۆمەڵێکەوە، کۆیەکی ئەخلاقی یان بازنەیەکی تایبەتەوە، شوناسی ئایینی تاکەکان کۆدەکاتەوەو بەشوناسێکی هاوبەشەوە سنووری خۆی لەگەڵ کافر، مورتەد یان پەیڕەوەکانی دیکەی باوەڕەکان جیادەکاتەوە، بۆ پارێزگاریی لەسنوورەکەش جەنگو شەڕکردن دەبنە ئەرکێکی ئایینی.

لێرەدایە کە بەوتەی (هانتیگتۆن) سەرلێواری سنوورەکان هەمیشە خوێناوییە. چ جوگرافیایی بێتو چ مەعریفی، کاتێک ئایینەکان دەگەنە سەرسنوور واتە نزیکترین جیاکەرەوە، قورسترین جەنگەکان ڕوودەدات، شەڕە سەلیبییەکان باشترین وێنەیە، بەپێچەوانەی ئایینی یەهوود کە لەوێدا ئاشکرا فەرمانی جەنگ دەدرێتو کوشتنی ئەوانەی هەڕەشە لەکیانی یەهوود دەکەن لەئایینی مەسیحیدا فەرمانی جەنگو دامەزراندنی حکومەتو دانانی یاسای دەوڵەتی نادرێت، لەئینجیلی مەتا، بابی ٥ ئایەتی٣٩دا لەزمانی عیسا مەسیحەوە وتراوە: من پێتان دەڵێم لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا شەڕ مەکەن، هەرکەس دای لەلای ڕاستی ڕووخساری تۆ، لای چەپیشت وەرگەڕێنە بۆ ئەو.

بەگشتی لەخودی ئایینی مەسیحیدا فەرمانی ڕاستەوخۆ نادرێت بۆ بەرپاکردنی حکومەتو یاسای دەوڵەتی دانان، بەڵام واقعییەتە مێژووییەکان پیشاندەری شتێکی دیکەن، ئەویش مەیلی بێکۆتایی پاپو باوکانی کلێسایە بۆ حکومەتداریی کە هەموو ئەرکە ئایینییەکانی ئینجیلیان فەرامۆشکردو جەماوەریان لەژێر چەتری کلێسادا ئامادەی خوێنڕشتن کرد.

لەئیسلامدا هەر لەسەرەتاوە یەکێک لەگرنگترین مەبەستو ئامانجەکانی ئایین، دامەزراندنی حکومەتی ئایینیو دانانی یاسای ئیسلامییە، بانگەشە بۆ ئەم ئایینەش زۆرکات بەئامێری شمشێربووە، گرنگترین فەرمانەکانی جەنگ لەئایەتەکانی ١٩٠ تا ١٩٥ی سورەی بەقەرەدا هاتووەو مافی کوشتنی دوژمن دراوە بەموسوڵمانان.

دوژمنیش پێناسەکراوەو لەسورەی ٩ ئایەتی ٢٩دا هەندێ لەدوژمنان ئاوا پێناسە دەکرێن: لەگەڵ ئەوکەسانەی ئیمانیان بەخواو ڕۆژی قیامەت نییە، ئەوانەی ئەو شتانەی خواو پێغەمبەر بەحەرامیان زانیوە بەحەرام نازانن شەڕ بکەن، لەگەڵ ئەهلی کتێبدا کە دینی حەق قبوڵ ناکەن شەڕ بکەن، تا ئەوکاتەی بەدەستی خۆیان جەزیە بدەن یان تەسلیم ببن شەڕ بکەن.

لەپاش سەردەمی نەبووەتو خەلافەت زۆرێک لەسیلسیلەکان بۆ مانەوەی خۆیانو مەشروعیەت وەرگرتن داوای یارمەتییان لەپیاوانی ئایینی کردووەو لەدانووستانێکی بەرابەردا ئایینو حکومەت سامانو پارەو مەشروعیەتیان بەشکرد، لەمینبەرەکانەوە پیاوانی ئایینی نافەرمانیی لەحکومەتیان بەنافەرمانیی لەخواو پێغەمبەر زانیوەو بۆ سەلامەتی خەلیفەو مانەوەی بیلادی ئیسلامی دوعایان کردووە.

ڕووبەڕووبوونەوەی دوو ئایینی مەسیحیەتو ئیسلام بەو خاڵە جیاوازییە گرنگەوە لەبارەی دامەزراندنی حکومەت، گەورەترین شەڕەکانی لێبووەوە، لەبەرئەوەی پاپو پیاوانی کلێسا تەنیا یاسای کۆمەڵایەتیان دانەدەنا، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەشداریی حکومەتو خاوەنی یەک لەسێی هەموو سامانی وڵاتەکان بوون، هەربۆیە لەبەرابەر زڵلەی موسوڵمانەکاندا لاکەی تری ڕووخساریان نەهێنایە پێشو بەناوی ئایینەوە هەزاران کەسیان بۆ جەنگ ئامادەکرد، فەتحی بەیتولموقەدەسو پاشان ئەسکەندەریەو ئەنتاکیە لەلایەن موسوڵمانەکانەوە ماندوویی‌و غەرامەیەکی گەورەی لێکەوتەوە.

کوشتنی هەزاران کەسو ئەسیرکردنی هەزاران هەزار کەسی مەسیحی بەناوی فەتح دەستکەوتی موسوڵمانان بوو، بەدرێژایی مێژوو ئایینو پاشان ڕەگەزو زمان ئەو فاکتەرانە بوون کە شوناسیان دروستکردووەو توانایی هەژاندنی جەماوەرو کۆکردنەوەی خەڵکیان بووە، بەتێپەڕبوون لەو فەزایەو دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنو ئەندێشەی سیکۆلاریزم سەرەتا پێناسەی ئایین گۆڕدراو پاشان شوناسی تاکی بەبابەتی بڕیاردەر ناسرا، بۆ وێنە (ئاگۆست کۆنت) کە لەتیۆریسییەنەکانی هیومانیزم یان مرۆڤخوازییە، باسی لەوە دەکرد کەژیانی مرۆڤ سێ قۆناغی هەیەو دین لەقۆناغی سەرەتایی ژیانی ئەودایە کە سەردەمی منداڵییەو لەوێدا مرۆڤ توانایی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای نییە. ڕاسیونالیزم یان عەقڵخوازیی، تاکخوازیی، زانست باوەڕیی‌و ریفۆرمخوازیی هەموویان مرۆڤیان لەپەڕاوێزەوە هێنایە سەنتەرو ئەو سەرچاوە وشکبوو کە بۆ ژیانی ئاساییو کۆمەڵایەتی، بۆ جەنگو ئاشتیو ئیدارەکردنی جیهان ڕووی دەکردە فەرمانی ئیلاهیو هەرجۆرە شکو گومانلێکردنێکی بەکوفر دەزانی.

سیکۆلاریزم لەلایەکەوە بەستوونە قورسەکانییەوە هەم مرۆڤی کرد بەیاسادانەر بۆخۆیو توانای بڕیاردانی پێبەخشی هەم لەلایەکیترەوە چۆنیەتی پەیوەندی ئەوی لەگەڵ دیکەی ئایینو باوەڕو ئیدەکان پۆزەتیڤ کرد.

**دەستوور:** دەکرێ ئاینی ئیسلام وەک مەسیحیەت نێچیرێکی ئاسان نەبێت تاسیکۆلاریزم دەستەمۆی بکات، پێتوانیە ئەمە ببێتە هۆکارێک بۆئەوەی کە سیکۆلاریزم لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بگۆڕێت بەئایدۆلۆژیاو فۆرمێکی توندڕەوانە بپۆشێت؟

**بەیان عەزیزی:** مەسیحییەت نێچیرێکی ئاسان نەبوو بۆ سیکۆلاریزم، جیابوونەوەی ئایینی مەسیحی لەحکومەت پرۆسەیەکی درێژخایەنبوو کە چەندین سەدەی گرتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی وەها پرۆسەیەکو بەتایبەت سیکۆلاریزاسیۆن لای ئێمە ڕووینەدا، هەروەک پێشتر باسی لێکرا، بۆیە هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی ئێمە پێوانەیەکە لەنێوان مەسیحییەتو ئیسلامو جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکام لەوانە لەگەڵ فاکتۆرەکانی سیکۆلاریزمدا.

تیۆرییەکی کلاسیک دین (و ئیسلامیش) بەکۆیەک لەبابەخە ئیلاهییەکان دەزانێت کە لەوەحییەوە دێت، ئەو بابەخانەش تایبەتمەندی کۆنتراکتییان (Conventional) نییە، بەڵکو جەزمی (Dogmatic)ن، هەربۆیە ناگۆڕدرێنو بەدەمارگرژییەوە هەربابەتێکی دەرەکی هەڵدەسەنگێنن، دیارە لەبازنەی کارکردن بەم تیۆرەدا ئیسلام ڕووبەڕووی سیکۆلاریزم دەبێتەوەو بەهەموو هێزییەوە ڕەتیدەکاتەوە، بەڵام هەندێکیتر لەتیۆرە کۆمەڵناسییەکانی دین لەبەستێن (Context)دا موتالادەکەنو هەرلێرەوە پەیوەندی ئەم نیهادە لەگەڵ دیکەی نیهادەکانی ناو کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنن. تیۆرەکانی ئێمێل دورکەیم لەبارەی ئایینەوە دەتوانێ یارمەتیمان بدات، دورکەیم باس لەوە دەکات کە مانەوەی دین پێویستی بەم قۆناغانە هەیە: هەبوونی بابەتی پیرۆز، ڕێکخستنو دیسیپلین بەخشین بەو باوەڕە پیرۆزانەو هەروەها کردەوەو ڕێورەسمگەلێک کە بەشێوەیەکی لۆژیک لەو باوەڕانەوە هاتبێت.

ئاساییە کە لەهەرکام لەم قۆناغانەدا دین هەم لەژێر کاریگەریەتی فەزای دەوروبەری خۆیەتیو هەم کاریگەریەتی دادەنێت، ئایین لەپرۆسەی مانەوەی خۆیدا چەندین بارودۆخی بڕیوەو لەڕابردووەوە هەتا ئێستا دەتوانین بەراوردی ئەوە بکەین لەکوێدا دین لێبوردەیی بووەیان لەکوێدا بەزەبرو زەنگەوە بەرەوڕووی ئەویدی بۆتەوە. پەرچەکرداری ئایین لەبەرابەر سیکۆلاریزمدا لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەویدی دەگۆڕدرێتو بەپێی تیۆرەکەی دورکەیم پتەوبوونی هەرکام لەوسێ قۆناغەیە کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا شێوەڕەفتاری تایبەت لەبەرابەر جیاکردنەوەی حکومەت لەدینو سیکۆلارکردنی ژیانی خەڵک دەردەکەوێت، ئەگەر بابەتی پیرۆز لەشوێنێکدا بابەتی سەنتەرو بڕیاردەری کۆمەڵگا بێت، دیارە بابەتی سیکۆلاریزم بەهەموو ستوونو دەستکەوتەکانی هەڕەشەی لێدەکرێت.



ئایینەکان پێکەوە هەڵدەکەن، بەڵام سیاسەت دەیانکات بە دوژمن

> ئەگەر بابەتی پیرۆز لەشوێنێکدا بابەتی سەنتەرو بڕیاردەری کۆمەڵگا بێت، دیارە بابەتی سیکۆلاریزم بە هەموو ستوونو دەستکەوتەکانی هەڕەشەی لێدەکرێت

# ئەشکەوتی پۆست مۆدێرنێتی

## ئایا ئەم زیندانییانە، جگە لەو سێبەرەی کە ئاگرەکەی دەرەوەی ئەشکەوت خستویەتە سەر دیــواری ناوەوەی ئەشکــەوت، هیچی تر دەبینــن؟

کۆماری ئەفلاتون - کتێبی حەوتەم

ئازاد عەلی ساڵح
بەشی دووەم و کۆتایی



### مـــــاڵ

ئێمە ئەم ماڵەمان وەک گشتێک، وەک کۆیەک خۆشناویێ، بەڵکو ئەو ڕووبەرەو ئەو ژوورەمان لەو ماڵەدا خۆشدەوێ کە لەوێدا مەشقی دەسەڵات دەکەین، گرتنەدەستی دەسەڵات بەهێزترین ئامانجو تاکە ئارەزووی ئێمەیە، گەر پراکتیزەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەئەشکەوتێکیشدا بێت، چ دەسەڵاتێک؟ ئەو دەسەڵاتەی بوونی ئێمە دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی خۆلێگۆڕاوو هەمیشە هەڵچوو، بۆ دەسەڵاتدارێکی "نەرجسی"، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات پەیوەندی بەگرێ دەروونییەکانی تەمەنی منداڵیو هەرزەکاریو گەنجیمانەوە هەیە، کێ لەئێمە لەنێو خێزانو لەنێو خێڵو لەنێو کۆمەڵگاو لەنێو قوتابخانەکانو لەشوێنی کارو لەشوێنەکانیتر، سەرکوتو دەمکوت نەکراوەو ئارەزووەکانی نەچەپێنراوە؟ هەرچەندێ گرێ دەروونییەکانی وەک: ڕقو کینەو توندوتیژیو ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەو شەهوەتی دەسەڵاتی ڕەها گەورەبێت، ئێمەش ئەوەندەیتر لەگەڵیدا بچوک دەبینەوە. گەورەیی ئێمە لەوێدا دەردەکەوێت کە ئەو گرێ دەروونییانە لەڕەگەوە هەڵکێشینو باری لاسەنگی دەروونیمان هاوسەنگ بکەینەوە، تەنهاش عەقڵو هۆشمەندیو خود-ئاگاییە، ئاڕاستەی وەها کارێکمان دەکات.

ئێمە پراکتیزە بەتواناکانی عەقڵو بەدەسەڵاتی کۆهەستو بەدەسەڵاتی ئیرادەمان ناکەین، بۆیە لەڕاستیدا زۆر بێدەسەڵاتین، ئێمە بۆگەیشتن بەژوورێکی بچوک بۆ دەسەڵاتگەرایی، لامان ئاساییە پەنجەرەو دەرگای ماڵەکەمان بشکێنین، لامان مەحاڵ نییە لەپێناوی هەبوون، بوونی یەکدی بسڕینەوەو لەسەر لاشەی بوونی خۆمان تەقەی خۆشی بکەین! ئێمە خەون بەنیشتیمانێکی ئازادەوە نابینین کە ژیانو بەهاو نرخو شکۆو ئایندەی مرۆڤی ئەم دەڤەرەی تیا پارێزراو بێت، بەڵام لێبڕاوانە پارێزگاری لەژوورە چکۆلەکانی دەسەڵاتو لەڕووبەرە تەسکەکانی ژێرپێی خۆمان دەکەین. ئەوەندەی شەیدای دەسەڵاتی ئۆتۆکراسیو کۆکردنەوەی ژمارەین، ئەوەندە بیر لەنەخشەیەک، لەڕێگاچارەیەکی ژیرانە ناکەینەوە، تا تێکڕای ڕووبەرە کەرتکراوەکانی جەستەمان تێکەڵ بکەینەوەو مێژوویەکی نوێی ڕاستەقینە سەرڕێگا بخەین.

سەرتاپای مێژووی ئێمە لەکۆستو هەرەس هەڵکێشراوە، کەچی وانەیەکی تازەی لێفێرنەبووین! کۆستو پرسە ئێمەی شیتاڵ شیتاڵ کردووە، کەچی هەست بەئازارەکانی ڕۆحمان ناکەین، گەر ئازارو خەمی هاوبەش کۆمان نەکاتەوە، ئاخۆ بۆ دەبێت ئێمە تەنها لەگۆڕستانەکان بەمردوویی پێکەوە هەڵکەینو هەر لەوێدا بەختەوەر بین !؟

ئەمڕۆش پشکۆی گوتارەکانی "خــۆمــــان" فــوو لــێـدەکـرێـنو شمشێرەکانی "ئەوانی دی"ش لەوێوە دەمەزەرد دەکرێنەوە، وەختە دوودڵ نەبین لەنمایشکردنەوەی دیمەنە تراژیدییەکانی ناو ڕابردووی نزیکمانو ڕاڕاش نەبین لەسەر ڕێگاخستنی گێژەلوکەی هەڵوەشاندنەوەی بنەما لەرزۆکەکانی "بوون"ی خۆمان، لەم دەڤەرە سنووری خۆشەویستیوئەڤینو ئینتیماو بەتەنگەوەهاتنو هاوخەمیو هاوکاریو هاوهەستیو هاوڕێیەتی بەردەوام بەرتەسک دەبێتەوە، لێرە پەیوەندییە وجودییەکان لەگرێژنە دەرچوونەو گرێبەندییە ڕۆحییەکان لێکترازاون، خواستی خۆپەسەندیو کۆنە کەڵکەڵەی پەنگخواردووی نێو خەیاڵدانمان گەورە بووەو بۆ ڕووداوو کارەساتی ئێسکشکێن پاڵمان پێوەدەنێ.

ئێمە ئێستاش ڕانەچڵەکیوینو بەخۆشبەختییەوە بەشانو باڵی دۆخی ئێستاماندا هەڵدەدەین، بەڵام "ئەو دیوی ئێستامان" دیارنییەو کەسیش دان بەنەبینینیدا نانێت، ئەوەی کە وەک ڕاستییەک دیارە تەنها سێبەری ئەو ئاگرەیە کە لەدەرەوەی دەروازەی ئەشکەوتەکەدا دەسووتێت، ئاخۆ ئەو سێبەرە حەقیقەتی ئاگرەکەیە؟ پێویستە ئەو ئەشکەوتانە جێبهێڵینو ئەو بتانە بشکێنینو ژیانی نێو ئەشکەوت ڕەتبکەینەوە، پشت لەسێبەرو تاریکیو وێنە ساختەو درۆزنەکان بکەینو بێینەدەرێو بەدوای حەقیقەتی شتەکاندا، چەمکەکاندا، ماناکاندا بگەڕێین، بەدوای بوونو ئازادیو ناسنامەی ڕەسەنی خۆماندا عەوداڵ بین.

بۆ بەرخورد لەگەڵ گرفتەکانمان، ئەمڕۆ ئێمە پێویستە کاکڵە بگرینو ناوەڕۆکی خۆمان پڕبکەینەوەو گەشەبکەینو پێبگەینو هەستینەوە، پێویستە لەئێستای خۆماندا ڕابمێنینو بەقوڵی بیربکەینەوە، بینایی بۆچاومانو وزە بۆ ڕۆحمانو کارایی بۆ عەقڵمان بگێڕینەوەو لەنێو ئەم تاریکییەدا هزرو دڵو چاوەکانمان دابگیرسێنینو بەگژ لاوازیدا بچینەوە، سڕینەوەی وێنەو ئایدیا تەڵخەکان، ناخمان نۆژەن دەکاتەوەو هێزمان پێدەبەخشێ، کاتی ئەوە هاتووە بەدنیابینیو دیدگایەکی ترەوە بگەڕێینەوە نێو ماڵی خۆمانو پێ لەسەر خاک گیربکەینو نرخو هاوسەنگی خۆمان بپارێزین، قوڵتر بەناخی خۆماندا ڕۆبچینو خۆمان بناسینەوەو یەکتری قبوڵ بکەین، لانیکەم تا شکست بەهەرەس بهێنین؟

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کۆستو هەرەس ژانێکی بەسوێ لەڕۆحی ئەو گەلانە جێگیردەکات کەڕێز لەبوونی خۆیان دەگرن. لەچرکە ساتێکی مێژوویی گونجاودا هەرەسو ژانی دەستەجەمعی دەگۆڕێن بۆ کرداری داهێنەرانەو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە وجودییانەی کە بەریان کەوتووە، مرۆڤە لاوازەکان ئازاد نابن، چونکە ئەوە ئیرادەی کردارنواندنو ئیرادەی هێزە، پاڵت پێوە دەنێت بۆ هەستانەوەو بۆ ئازادبوون.

ئێمەو ئازادی:

ئازادی موڵکێکی تایبەتی هەموو مرۆڤێکە، ئازادی مافێکی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە لەهەر شوێنێکدا بێتو سەر بەهەر کلتورو زمانو نەژادێک بێت، لەنێو هەموو بوونەوەرەکاندا، ئەوە مرۆڤە چەمکو مانای ئازادی داهێناوەو وەک پێداویستییەکی وجودیو ژیانی، خۆی لەگەڵدا سەرقاڵکردووەو کردوویەتی بەبابەتێکی پڕبەها بۆ ڕامانو مێشک وروژاندنو گفتوگۆو تاقیکردنەوە، توند بەستوویەتیەوە بەبوونو بەژیانی خۆیەوەو بگرە ژیانی خۆیشی لەپێناو پێشکەشکردووە، "بوونو ئازادی" دوو دیوی یەک ڕاستین (حەقیقەتن)، واتە بوون بێئازادی خۆی لەخۆیدا نەبوونە، بەدیوێکی تردا، کوشنی حەقیقەتی بوونە، بوونی ڕاستەقینە ئەو بوونەیە کە ئازاد بیتو خۆت خودی خۆتو چارەنووسی خۆت هەڵبژێریت، "بوونو ئیرادەی ئازادانەی هەڵبژاردن"، مەبەست لێرە هەڵبژاردن نییە، پێکەوە چوونەتە نێو یەکترییەوەو یەکدی تەواودەکەن (من خودی خۆم، ژیانی خۆم، چارەنووسی خۆم هەڵدەبژێرم، کەواتە من هەم).

ئازادی کردارێکی ڕۆحییە، گوزارشت لەتواناکانی مرۆڤ دەکاتو ئامادەی دەکات بۆ ڕزگارکردنی خود لەئەنگێزە ئاژەڵییەکانو ئارەزووە ناتەندروستەکان، لەهەمانکاتیشدا ئامادەی دەکات بۆ ناسینەوەی ماهییەتو ماناکانی بوون، دواجاریش ماهییەتی مرۆڤبوون، ئازادی کێشەیەکی کردارییە بەپلەی یەکەمو ئاخنراوەتە نێو کرۆکی بوونمانەوە، بۆ کردارنواندنو پراکتیزەکردنی ئازادی، مرۆڤ پێویستە لەبازنەی بوونێکی داخراوەوە بۆ بازنەیەکی فراوانتری بوونی کرداری جێگۆرکێ بکات.

بۆ نوێکردنەوەو پشکنینی چییەتی بوونو بۆ مانا بەخشینو دۆزینەوەی پێدراوە شاراوەکانی بوون، مرۆڤ پێویستە ئاکتیڤ بێتو بەبەردەوام کردار بنوێنێو لەسەر وێنەیەک لەوێنە هەمەجۆرەکانی بوون کرنەکەوێتو بەڕەهایی وەرینەگرێت، مرۆڤ بەو مانایەی کە مرۆڤە جگە لەدەرگیربوون لەگەڵ کێشە تایبەتییەکانی خۆیو ڕەنجکێشانی بۆ دابینکردنی پێداویستیو بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی، پێویستە لەقۆزاخەی خۆی بێتە دەرێو کێشەو پرسەکانی کۆمەڵگاکەشی بەهی خۆی بزانێت، مرۆڤ گەر بێجووڵەو ئۆقرەگرتوو بێت لەئاستی پرسی گشتیو دۆخی قەیراندا، بیزانێ یا نەیزانێ لەپێشمەرجەکانی بوونەوەرێکی مەدەنیو کۆمەڵایەتی هەڵدەگەڕێتەوەو جەوهەریی بوونی کۆمەڵایەتییانەی خۆی لەدەستدەدات.

ئێمەی مرۆڤ گەر بێپرسیارو نەزۆک بین لەبیرکردنەوەو خاڵی بین لەخەیاڵو هەژار بین لەدیدی ڕەخنەییو بێفەڕ بین لەڕامانو گومان، بێگومان زوو ملدەدەینو بەئاسانی چەواشەو دەستەمۆ دەکرێینو خاوەندارێتیو مافی ئازادیمان، لێزەوت دەکرێتو دەکەوینە بەر ڕەحمەتی دەستەمۆکاران.

دەستەمۆکارانیش دەمانخەنە ژێر چەپۆکو ژێر ڕکێفەوەو وەک ئامرازێک بەکارمان دەهێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیو دەسەڵاتی خۆیان، جا ئەوکاتە "بوونو نەبوونمان وەک یەکی لێدێت".

ئەو دۆخە چەند سەختە هەمیشە کارلەسەرکراو بیتو دەسەڵاتی کاریگەریشت نەبێت، چەند ئەستەمە هەمیشە تۆ کارلەسەرکراو بیتو لەنێو لابراتۆری تاقیکردنەوە ئایدیۆلۆژیو ئاینیو سیاسییەکاندا، پانتایی "بیرکردنەوەت کۆنکرێت" بکرێتو بتگۆڕن بۆ ئەو بوونەوەرە بێهەستەی کە ئەوان دەیانەوێت! چەند ئەستەمە بەکەرەستەکردنی خۆتت پێهەرس بکرێتو لێگەڕێیت بچوک بکرێیتەوە تا ئاستی خــواری خــوارەوە، لێگەڕێیت ناوەڕۆکت پوچبکەنەوەو بەتوێکڵەوە قبوڵت بکەن! چەند ئەستەمە لێگەڕێیت هزرو ویژدانت ژەهراوی بکەنو بتگۆڕن بۆ کەسێکی بێدەسەڵات، ئەی مەگەر "ویژدان" پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی نییە؟

مرۆڤ گەر لەئازادیو گفتوگۆکردن لەسەر ژیانی ئازاد ڕابکاتو ئازادبوونی خۆی لەهەنبەر ئەوانی دیو لەنێو ماڵی خۆی نەکرد بەئامانجێکی باڵاو یاخی نەبوو لەو ئەشکەوتو سیستمو کلتورەی کە ئازادی مرۆڤەکان درەوێنە دەکات، بێگومان ماناکانی مرۆڤبوونی خۆی نەخوێندۆتەوە، مرۆڤی ئازادی نەویستو ڕاکردوو لەئازادی، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە نابینرێتو لەلایەن مرۆڤە ئازادەکانەوە دەخرێتە ژێر پرسیاری "بوون"ییەوە. نەتەوەی بێخەونو خەیاڵو بەتاڵ لەخولیای ئازادیو بێ مۆتیڤ بۆ ژیانێکی چاکو ئازادو سەربەخۆ، لەوێرانەی دنیای ناوەوەی خۆیدا گۆڕ بۆ بوونی خۆی هەڵدەکەنێتو دواجار شتێک نامێنێتەوە پێیبگوترێ نەتەوە بەمانا مۆدێرنو چەمکە سیاسییەکەی.....، تێنەگەیشتن لەئازادیو تەمەڵی لەبیرکردنەوە لەخودی ئازادیو سستیو خاوی لەفێربوونو هەرسکردنی ماناکانی ئازادیو نەبزووتن ڕووەو وێستگەکانی ئازادیو فۆبیا لەپراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی ئازادیو سەربەخۆییو سەروەری، خۆی لەخۆیدا مانەوەیە لەنێو ئەشکەوتەکانو خۆبەدەستەوەدانە بەسیستمی کۆیلایەتیو دانپێدانانە بەلەشکری ستەمگەریو تاریکی، ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەدەستدانی (بوونو ماڵە).

azadalisalih@yahoo.com



هەمیشە هیوایەک هەیە بۆ ڕزگاربوون لە ئەشکەوت

> هەرچەندێ گرێ دەروونییەکانی وەك: ڕق و کینە و توندوتیژی و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و شەهوەتی دەسەڵاتی ڕەها گەورە بێت، ئێمەش ئەوەندەی تر لەگەڵیدا بچووك دەبینەوە

# هیگڵ، داهێنەری چەمکی ڕەها

برایان ماگی
بەشی دووەم و کۆتایی

**بەلای هیگڵەوە هەموو شتێکی ناو جیهانو مێژوو، وەک گەشەکردنی شتێکی نا ماتەرییە، پرۆسەیەکی مێژووییە، وەک لەفەلسەفەکەیدا باسی دەکات، بەخود هەستی دەگاتە لوتکە.**

### قۆناغەکانی ڕەوتی مێژوو

لەبەرئەوەی گۆڕانکاری بەرهەمی کاری هێزە مێژووییەکانە، ئەوا ئەو تاکانەی بەر ئەو گۆڕانە دەکەون، لەڕاستیدا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بۆ ئاراستەکردنی گۆڕانەکە، تاکەکان بەرلێشاو دەکەون، تەنانەت سەبارەت بەچالاکی تاکەکەس، کەسەکان دیلی ڕۆحی زەمانی خۆیانن (هیگڵ بەرامبەر وشەی ڕۆحی زەمان (Zeitgeist)ی داناوە) گەر بەهرەمەندێک لەساڵی ٢٠٠٠دا هەوڵبدات لەسەر شێوازی شکسپیر شانۆنامە بنووسێت یان وەک بیتهوڤن ئاوازی سەمفۆنیا دابنێت، ئەوا ئەم کارە بەڕەسەن دانانرێت، بەڵکو ئەوە لاساییکردنەوەیە، لاساییکردنەوەیەکی هونەری لەسەردەمێکی جیاوازدا.

ئەم کەسە هەرچەندە بەهرەمەندیش بێت نابێت سەردەمی خۆی لەبیربکات، بەوشەیەکیتر، مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری پرۆسەی دیالێکتیک بێت.

لەهەموو پرۆسەیەکی گەشەکردندا تەنیا شتێک کە بتوانێت ئەم نەخشەی گۆڕانە تێکبداتو ئازادی بەتاکەکان ببەخشێت ئەوەیە کە حاڵەتێکی بێناکۆکی بێتەئاراوە، گەر هیچ ناکۆکیەک نەما، ئیتر گۆڕان بەردەوام نابێت، گەر باسی ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی سەرتاپایی کۆمەڵگە بکەین، ئەوە کاتێک دێتەدی کە ناکۆکی لەکۆمەڵگەدا نەمابێت، واتا حاڵەتێکی نموونەیی دروستبووەو بەردەوامبوونی گۆڕانکاریی نە پێویستەو نە کەس هیوای بۆ دەخوازێت.

بەلای هیگڵەوە ئەم حاڵەتە وەک کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیک وایە، لەوێدا هەموو تاکێک بەشێکە لەگشتو بەجۆرێکی هارمۆنی کاردەکات، هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی گشت زۆر مەزنترە لەهی ئەو تاکە خۆی، بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگەیەکی وا بەهاکانی تاکگەرایی لیبراڵ تێدەپەڕێنێت، بەڵام گەر باس لەگەشەکردنی فیکر بکەین کاتێک حاڵەتی بێناکۆکی دروستدەبێت کە ڕۆحی جیهان خودی خۆی وەک بنەڕەتێکی واقیعی بناسێتو تێبگات، ئەوەی تائێستا بەلایەوە شتێکی بێگانەبووە لەڕاستیدا بەشێکە لەخودی خۆیو لەگەڵ خودی خۆیدا ناکۆک نییە، بەڵام هێشتا تاکەکان لەناو ناکۆکییەکاندا گیریانخواردووە، خودی خۆی ناناسێتو ئازادنییە، ئەم حاڵەتی نامۆییە بەردەوام دەبێتو دەبێتە وزەبەخش بۆ دروستکردنی گۆڕانی دیالێکتیکی نوێ.

گەر مرۆڤ بپرسێت "لەچ کاتێکی مێژوویی راستەقینەی فیکردا ڕۆحی جیهان تێدەگات کە خودی خۆی واقیعی بنەڕەتییە؟ وەڵامەکە دەبێت هەر بەمشێوەیە بێت، لەناو فەلسەفەی هیگڵدا.

لەمرووەوە هیگڵ لەناو فەیلەسوفە گەورەکانی تردا تاکە، چونکە ئەم خۆی وانابینێت کە هەر کلیلی تێگەیشتنی واقیع دەداتە دەستمان-زۆر لەفەیلەسوفەکان وایانکردووە، بەڵکو وەک بەرجەستەکردنی ئامانجی واقیع سەبارەت بەزانست، وەک خودی بەرجەستەکردنی ڕۆشنگەریمان خۆی دەبینێت.


هیگڵ

### بەپیرۆزکردنی دەوڵەت

گەر مرۆڤ سەرنجی بیری سیاسیو کۆمەڵایەتی هیگڵ بداتو بپرسێت ئاخۆ لەچ خاڵێکدا گەشەکردنی کۆمەڵگە دەگاتە حاڵەتی نەمانی ناکۆکی؟ وەڵامەکە ئەوەندە ئاشکرا نییە، هیگڵ خۆی پێیوابووە ئەو حاڵەتە لەڕژێمی مەلیکی دەستووری سەردەمی خۆی لەپروسیا هاتۆتەدی.

لایەنگرە دڵگەرمەکانی ئەم دەوڵەتە بەتوندی ئەم لایەنەی بیرکردنەوەی هیگڵیان قۆستەوەو کردیان بەبناغەیەکی فەلسەفەیی بۆ شێوازێکی دیاری ئەڵمانی بۆ بەپیرۆز سەیرکردنی دەوڵەت کە دواتر بووە خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژ، سەردەمانێک ئەم لایەنگرانە بەناوی هیگڵییە راستڕەوەکان ناسران، لەڕێگەی ئەمانەوە هیگڵ واناسرا کە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە راستڕەوییەی ئەڵمانیایە کە لەلوتکەی هەرە بەرزیدا هیتلەری بەرهەمهێنا، بەڵام جگە لەمان شوێنکەوتووانی تری هیگڵ هەبووە، کە ناسراو بوون بەهیگڵییە چەپڕەوەکان کە بەلای ئەمانەوە پروسیای ساڵانی ١٨٣٠ زۆر دوور بووە لەدەوڵەتی نموونەییەوەو بەلایانەوە گۆڕانکاریی رادیکاڵانە گەر نەگوترێ شۆڕشگێڕانە پێویستە بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەی نموونەیی، بەناوبانگترین ناو لەناو ئەم گروپی هیگڵییە چەپڕەوانەدا کارل مارکس بووە.

دووبەرەکی کەوتنە ناو هیگڵییە راستڕەوو چەپڕەوەکانەوە، شتێک ئاشکرا دەکات کە بۆ زۆر کەس بۆتە مایەی پرسیارو سەرسوڕمان، ئەویش ئەوەیە ئایا بۆ هەمان فەیلەسوف، واتە هیگڵ، بووە بەئیلهامبەخشی فیکری بۆ هەردوو لایەنی نازیو کۆمۆنیستی؟

### سێ بیرۆکەی سەرەکی

هەندێ لەو بیرۆکانەی هیگڵ لەسەردەمی خۆیەوە تاکو ئێستا ڕۆڵێکی گرنگیان لەپێکهێنانی فیکری ڕۆژئاواییدا بینیوە، یەکەمیان بریتییە لەو بیرۆکەیەی دەڵێت: واقیع پرۆسەیەکی مێژووییە کە لێتێگەیشتنی بەهۆی شیکردنەوەی چۆنیەتی بوون بەوەی ئێستا هەیەو ئێستا بەرەو چ گۆڕانێکو بوون بەچیتر دەبێت، بەواتایەکی تر، واتە لێتێگەیشتنی تەنیا بەهۆی ڕوونکردنەوەی کاتیگۆرییە مێژووییەکانەوە دەبێت، ڕەنگە بەلامانەوە سەیربێت، بەڵام ئەم ڕەهەندە مێژووییە لای هیچ فەیلەسوفێکی پێش ئەم نەبووە، فەیلەسوفەکانی پێش هیگڵ وا سەیری واقیعیان کردوە کە یەکجار ئاڵۆزە، بەڵام وەک حاڵەتێکی چەسپاو یان بڕیار لەسەردراوە، هەروەک بڵێیت ئەرکی ئەمان تەنیا ڕاڤەکردنی بێت.

بەڵام لەسەردەمی هیگڵەوە هەستی مێژوویی هاتۆتە ناو شێوازی تێڕوانینمانەوە بۆ زۆربەی زۆری شتەکان، دوو کەسایەتی گرنگی دوای ئەم، مارکسو داروین دەبنە هەرە بەناوبانگترین بیرمەندی سەدەی نۆزدەهەم، لای هەردووکیشیان لەبەرچاوگرتنی گەشەکردنی بەردەوام کرۆکی بیرکردنەوەیان بووە، مارکس خۆی ڕاستەوخۆ ئەم بیرۆکەیەی لەهیگڵ وەرگرتووە، بیرۆکەی دووەم کە بەرهەمی هیگڵە، ئەوەیە کە مێژووی جیهان ستراکتۆرێکی عەقڵانی هەیەو یاسای گۆڕان، واتە دیالێکتیک، کلیلی تێگەیشتنی ئەم ستراکتۆرەیە. مارکس ئەم بیرۆکەیەشی وەرگرت، بیرۆکەی سێیەمی هیگڵ کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بیرۆکەی نامۆییە، ناوەڕۆکی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی شارستانییەکەی خۆی دروستدەکاتو هەموو دامەزراوەو یاساو بیرە جۆراوجۆرەکانی بۆ دادەنێتو دواییش خۆی دەبێتە دیلی ئەو شتانە، ئەم شتانە گەرچی کردەی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام دەبنە شتی دەرەوەو بێگانە بەخودی مرۆڤ، بەجۆرێک لەخۆی ئاڵۆزکردووە کە خۆی لێیان تێناگات، بۆ نموونە دەربارەی ئایین، زۆر کەس ئەو سیفەتانەی کە حەزدەکەن لەخۆیاندا هەبێت دەیبەخشن بەخودا کە دواتر وەک هەقیقەتی ڕەهای بێکەموکوڕی، خاوەن هەموو زانینێک، ئەوپەڕی بەتوانا، سەیری دەکەنو لەبەرامبەردا بەپێچەوانەوە خۆیان وەک سوکو بێنرخ، نەزانو بێدەسەڵات دەبینن، ئەم بەدبەختە کڵۆڵە کە ئەمکارە دەکات، نازانێت کە ئەو خەسڵەتانە هەندێکیان خەسڵەتی مرۆڤنو دراون بەشتێکیتر، ئەم مرۆڤە وا لەخوا تێدەگات کە لەڕاستیدا بەتەواوی پێچەوانەی جۆری بوونی ئەمە، لەکاتێکدا هەم خواو هەم خودی مرۆڤەکان لەهەقیقەتدا خاوەن بوونێکی ڕۆحی هاوبەشن، یەکێک لەفەیلەسوفەکانی دوای هیگڵ، فیورباخ پێیوابووە، خواو خواوەندەکان هەموو زادەی مرۆڤنو هەر دەبێت لەو ڕوانگەیەشەوە تێگەیشتنمان بۆیان هەبێت، ئەم بیرۆکەیەی فیورباخ لەسەدەی نۆزدەدا کاریگەری زۆری هەبووە.

### شوێن پەنجەی هیگڵ دوای خۆی

گوتراوە مێژووی فەلسەفە لەدوای هیگڵەوە کەم تا زۆر بریتییە لەکاردانەوە بەرامبەر کارەکانی هیگڵ، هەڵبەتە دیارە لەمەدا زیادەڕەوی هەیە، بەڵام بەشێکی بچوکی ڕاستی تێدایە، فەیلەسوفی دانیمارکی، کیرکیگارد (Kierkegaard)١٨١٣-١٨٥٥ کە دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەراییە، بەدڵنیاییەوە نووسینە فەلسەفییەکانی کاردانەوەن بۆ فەلسەفەی هیگڵ.

بیرۆکەی گرنگی فەلسەفەی کیرکیگارد ئەوەیە کە هەرچی لەڕاستیدا بوونی هەیە، تاکی بێهاوتایەو لەبەرئەوەیە ناکرێت راستەقینەی واقیع لەبۆچوونو قسەی گشتیدا قەتیس بکەین، هەر لەبەرئەوە، هەڵەیە گەر سیستمی فەلسەفەیی ئەبستراکت پیادەبکرێت، کیرکیگارد دانی بەوەداناوە هیگڵ گەورە فەیلەسوفی ئەو سەردەمە بووە، بەڵام پێیوابووە هیگڵ هەڵەی کوشندەی هەبووە، لەلایەکی تریشەوە کارل مارکس لەگەنجێتیدا لەهیگڵیزمییە چەپڕەوەکان بووە، هەروەها بنەڕەتی فەلسەفەی مارکسی راستەوخۆ لەبیرۆکەکانی هیگڵەوە نەشونمایان کردوەو بەردەوام چەمکە فەلسەفییەکانی هیگڵی بەکارهێناوە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هیگڵیزم لەبەشی هەرەزۆری وڵاتانی ڕۆژئاوادا، تەنانەت لەوڵاتە ئینگلیزی زمانەکانیشدا، بوو بەبەربڵاوترین مۆدە، هەردوو فەیلەسوفی بەریتانی بیرتراند ڕەسڵو جی. ئی. موور بەم فەلسەفەیە پەروەردە کرابوون، بەڵام دواتر بەتوندی دژی وەستان، ئەم کاردانەوەو دژوەستانەبوو کە بوو بەدەستپێک بۆ هاتنەکایەی ترادیسۆنی شیکاری کە لەبەشی زۆری سەدەی بیستەمدا بوو بەڕەوتی هەرە بەناوبانگی فەلسەفە لەوڵاتانی ئینگلیزی زماندا، گەشەکردنی ئەو چوار لایەنە سەرەکییەی فەلسەفە، هیگڵیزم، مارکسیزم، بوونگەراییو فەلسەفەی شیکاری، لەڕاستیدا پانتاییەکی فراوانی مێژوویی فەلسەفەیان داگیرکردووە دوای هیگڵ.

جگەلەوەی باسکرا، هیگڵ کاریگەری هەبووە بۆ سەر فەلسەفەی سیاسی بزووتنەوە ناسیۆنالیزمەکانو هەروەها بۆ سەر ئەو شێوازە بیرکردنەوە سیاسییەی کە دۆستایەتییان لەگەڵ فاشیزم پەیداکرد، لەم ڕووەوە هیگڵ نموونەی هەرە سەرنجڕاکێش بووە بۆ بیری سیاسی ئەنتی لیبرالیزم لەجیهانی مۆدێرندا، لەو ڕوانگەیەوە کە هیگڵ پێیوابووە چەمکی ئازادی تاکەکەس سنوردارو بێ بایەخە، چونکە تەنیا لەڕێگەی تواندنەوە لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانیدا، تاک توانای دۆزینەوەی خودی خۆی هەیە، تا خۆی وەک یەکەیەکی ناوەندیو تاک ببینێت، ئەم خۆ دۆزینەوەیە مەحاڵە بۆی.

و: لەسویدییەوە عوسمان حەمەرەشید گۆرون

> مرۆڤ خۆی شارستانییەکەی خۆی دروستدەکاتو هەموو دامەزراوەو یاساو بیرە جۆراو جۆرەکانی بۆ دادەنێتو دوایش خۆی دەبێتە دیلی ئەو شتانە.

# مێژووی ئەندێشەی مۆدێرن

م.ج. ئەلبۆرز
بەشی یەکەم

پرۆفیسۆر "چارلز کرۆز" مامۆستای زانکۆی پەنسلڤانیاو کارناس لەمێژووی سەردەمی ڕۆشنگەریی، وانەی مێژووی ئەندێشەی مۆدێرن دەڵێتەوە کە یەکێکە لەوانەکانی زانستە مرۆییەکان، بابەتەکانی ئەو لەژێر ناوی "مێژووی ئەندێشەی مۆدێرن"و ڕەوتی گەشەو پتەوبوونی ئەندێشەی نوێ لەماوەی سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا بەوردی تیشکی خستووەتە سەر، پرۆفیسۆر هەوڵدەدا تاکو مێژووی سەرهەڵدانی بیری مۆدێرن باس بکاتو هۆکارە هزرییەکانی ئەو گۆڕانە ڕوونبکاتەوە، پرۆفیسۆر بەناساندنی سیما ناسراوەکانی بزاوتی هزریو ڕووناکبیری، بەکورتی باس لەڕۆڵی شوێندا نەرترین ئەو کەسایەتییانە لەبزاوتی ئەندێشەی مۆدێرن دەکا.

### مێژووی ئەندێشەو سەرەتای گۆڕان لەچەمکەکان

لەوانەیە یەکێک لەدژوارترین ئەرکەکانی مامۆستایەکی مێژوو ئەوە بێت کە فێری خوێندکارانی بکات کە میتۆدی بیرکردنەوەو شێوازی ناسینی خەڵک بەدرێژایی زەمەن جێگیرنەبووە، بەڵکو لەبنچینەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەواتایەکی دیکە تێگەیشتن لەچەمکی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوەندەش ئاسان نییە، بۆ توێژینەوەی مێژووی پەیوەندی مرۆڤەکان، بەشێوەی سروشتی ئەو پەیوەندییانە بۆ سەر بەشەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی دابەش دەکرێت. بەڵام وەها دابەشکردنێک بێکەموکوری نییە، چونکە هەموو گیاندارانیش، هەر لەمێروو، ئاژەڵەکان خاوەنی پەیوەندی بەهێزو لاوازن، سیستمی کۆمەڵایەتیان هەیە، کەرەستەکانی بەرهەمهێنانیان ڕێکدەخەن، لەگەڵ یەکتری تێکدەئاڵێنو بۆ درێژەدان بەژیانیان بەشەڕدێن. مرۆڤیش لەمڕووەوە لەگیاندارانی دیکە جیاواز نییە. بەڵام ئەو شتەی کە مرۆڤ لەئاژەڵان جیادەکاتەوە، تایبەتمەندی بیرکردنەوەیەتی، هێزی بیرکردنەوەی پلە بەپلە لەتایبەتمەندی تایبەت بەخودی مرۆڤە، لەتوێژینەوەی زیندەوەرزانی دەردەکەوێت کە مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریان لەپێنج سەد یان هەزار ساڵ یان دە هەزار ساڵی پێشوو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، لەکاتێدا لەلای مرۆڤەکان هەموو ئەو لایەنانە ژێروسەر بووە، بیرکردنەوەو تێگەیشتنی مرۆڤ پردێکە لەنێوان ئەوو سروشتدا، مرۆڤ لەمەڕ سیستمی سروشتی جیهانو لەمەڕ دەوروبەری جیهانیش بیردەکاتەوەو تێدەفکرێتو کارو ئاکارەکانی لەسەر ئەو بنەمایە دەگۆڕێت، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتو مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، چاوەڕوانییەکانی، هەستەکانی لەمەڕ ئەوەیکە چ کارێک مومکینەو چ کارێک نامومکیینە، هەروەها مرۆڤ لەتوانای چ کارێک دایەو لەتوانای چ کارێکدا نییە، هەموویان لەسەر بنەمای ئەو هزرە گۆڕانی بەسەر دێت، ڕوانینی مرۆڤ بۆ جیهان، پەیوەندی ئەو لەگەڵ جیهان ڕێکدەخا، ئەمە تایبەتمەندی مێژووی ئێمەیە، لەئاکامدا گەر بمانەوێت لەمێژووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو سەربازی مرۆڤ بگەین، لەکاتی خوێندنەوەی مێژوو، میتۆدی بیرکردنەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

گۆڕان لەشێوازی بیرکردنەوە، دەبێتە هۆی گۆڕانی بیری ئێمە لەژینگەو گۆڕانکاری لەپەیوەندییەکانمان لەگەڵ سروشت، شۆڕش لەشێوازی بیرکردنەوە بووەهۆی فراوانبوونو سانابوونی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەئەوروپادا.

دەرەنجامی شۆڕشی هزری لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدە زۆر قوڵترو بەربڵاوتر لەدەستکەوتەکانی دیکەی لەو سەردەمەدا بوو، سەردەمێک کە مێژوونووسان بەسەردەمی سەرەتای مۆدێرن ناوزەدیان کردووە، بۆ وێنە لەسەدەی حەڤدەدا لەئەوروپا، بوونیادە نەریتییەکان کەمڕەنگ بوونەوە، دواتر هەڵوەشانەوەی ئەوجۆرە بیرکردنەوانە هەر لەو سەدەیەدا دەستپێکردو ڕوانگەی ئەوروپیەکانی لەمەڕ بنەمای "مەرجەعییەت" گۆڕی، سەدەی حەڤدە سەردەمی دەرکەوتنو سەرهەڵدانی هێماو چەمکگەلێک بوون کە زۆربەیان بەتەواوەتی فیکریو فەلسەفی بوون، بیرمەندان کاتی خۆیان بۆ توێژینەوەو کارکردن لەبوارە هزرییەکاندا تەرخانکردبوو، بەتێپەڕبوونی کات ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە، شەڕێکی لێکەوتەوە کە دەستنیشانیکرد چ کەسانێک شیاوی ئەوەن ڕۆڵی مامۆستایانی شارستانیەت لەئەستۆ بگرن، خاوەنانی مەرجەعیەتی رابردوو یان بیرمەندانێک بەشێوازی نوێ؟ شەڕێک دەستپێکرد تاکو دیارییبکات چ وانەیەک بەفێرخوازان بوترێتەوە.

سەدەیەک دواتر واتە سەدەی هەژدەی زایینی، گورانکاری لەچەمکەکان، گۆڕا بۆ شۆڕشێکی کلتوریو ئەم گۆڕانە زیاتر لەئاستی تێگەیشتنی گشتیدابوو کە لەسەدەی حەڤدەدا سەریهەڵدابوو، چونکە لەو سەدەیەدا بابەتەکان زۆر بەزمانێکی ساکار ئەفرێندرابوون، لەهەمانکاتدا، شۆڕش لەبزووتنەوەی هزری، گۆڕا بۆ گۆڕەپانێکی بەرین لەچالاکی مرۆڤو بوو بەکلتورێکی زاڵ.

لەبەشەکانی دیکەدا باس لەسیستمە هزرییەکان کە سەدەی حەڤدە میراتگری بوو، دەکەین.

و: ڕەحمان ئەمیری

# عەبدولقەهار زاخۆیی بە ١٢ گۆرانیو ستایلێکی نوێوە



**سیزار سەلیم لەهەولێر**

هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی کار بۆ بەرهەمێکی نوێ دەکات کەستایلی کارەکەی جیاوازە لەبەرهەمەکانی رابردوویو لە١٢ تراک پێکدێت.

هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی لەو بەرهەمەدا کار لەسەر هۆنراوەو ئاوازەکانی هونەرمەندی خاوەن ئەزموونی شاری زاخۆ (عەبدولعەزیز سلێمان) دەکات کە هونەرمەند عەبدولعەزیز ماوەی ٤٠ ساڵ لەبواری مۆزیکدا کاری کردووەو ئاوازو هۆنراوەی داوە بەهونەرمەندان (ئەیاد زاخۆییو ئەردەوان زاخۆییو تەحسین تەها).

زاخۆیی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بۆ بەرهەمی ئەمجارەم قسەم لەگەڵ هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان کردووە تاوەکو پێکەوە بەرهەمێک ئامادەبکەین".

زاخۆیی ئەوەشی وت کەوا عەبدولعەزیز سلێمان رازیبوو کە لەدروستکردنی بەرهەمێکی نوێ هاوکاری بێتو وتی "بەرهەمی ئەمجارەم لە١٢ تراک پێکدێت کەستایلی کارەکانم جیاوازە لەکارەکانی پێشووترو تاوەکو ئێستا کاری ٥ تراکم تەواوکردووە، لەداهاتووشدا تراکەکانی تر بەکۆتادێن".

بۆ کاتی بڵاوبوونەوەش عەبدولقەهار زاخۆیی دەڵێت "کارەکانی بەرهەمەکەی درەنگ تەواو دەبن بۆیە کاتی بڵاوبوونەوەکەی دەکەوێتە ساڵی داهاتوو".

# بڵند بەردەوامە

**سیزار سەلیم لەهەولێر**



هونەرمەند بڵند ئیبراهیم نوێترین کاری خۆی کە بەرهەمێکی ١١ تراکییە بەکۆتاهێناوەو تەنها کاری وێنەگرتنی ڤیدیۆ کلیپی ماوەو ئەویش لەمرۆژانەدا دەچێتە ولاتی تورکیا بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.

هونەرمەند بڵند ئیبراهیم لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "بەرهەمە نوێیەکەم تەواوکردووە کەوا لە١١ تراک پێکدێتو هۆنراوەی گۆرانییەکانی هی شاعیران (سەلمان شێخ مەمیو زیاد ئەسعەد و غەریب قادرو ئەحمەد محەمەد)ن".

ئاوازەکانی ئەلبومەکەی لەلایەن خۆیەوە دانراوەو دوو لەگۆرانییەکانی بە زمانی سۆرانین.

بڵند وتی "کاری تۆمارکردنی بەرهەمەکەم لەشاری دهۆکو لەشاری ئەستەنبوڵ ئەنجامداوەو کۆمپانیای ڤین پڕۆداکشن بەکاری بەرهەمهێنانی هەڵساوە".

بڵند باسی لەوەشکرد کە تاوەکو ئێستا ناوی بۆ بەرهەمەکەی دانەناوەو بڕیاریشە پێش نەورۆز بەرهەمەکەی بڵاوبێتەوە.

# سرودێك بۆ هەڵبژاردنەكان ئامادەدەكات

**دەستوور لەسلێمانی**

چۆمان رەشید هونەرمەندی گۆرانیبێژی دوورە ولات کە لەولاتی سوید ژیان بەسەردەبات بۆ چەند کارێکی هونەری گەڕاوەتەوە کوردستانو بەنیازە سرودێک بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ئامادە بکات. چۆمان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی سرودێکم، بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە لەستۆدیۆ پیانۆ سەرقاڵینو تێکستەکەی هی جوانڕۆ عارفە". لەبارەی ئەم سرودەوە هونەرمەند چۆمان رەشید وتی "ئەم سرودەم بۆ خزمەتی هیچ هێزو لایەنێکی سیاسیو سەرکردەیەک نییە، بەڵکو بۆ خزمەتی گەلەکەم تۆمارمکردووە".



# هونەرمەندانی ئێستا کەسیان ئیمپراتۆری گۆرانی نین

## دیار دەرسیم بۆ دەستوور

**سازدانی: سیزار سەلیم**

**دیار دەرسیم کەزیاتر لە٢٠ ساڵە لەبواری گۆرانی کوردیدا خزمەت دەکاتو بەهۆی گۆرانییەکانی زۆرجار دادگایی کراوەو سزادراوە، نارەحەتی ئەوەیە کە تاکو ئێستاش لەهەرێمی کوردستان وێنەی هونەرمەندە بیانییەکان هەڵدەواسرێت، نارەحەتی ئەوەشە کەباسی ئیبراهیم تاتلّسی لەگەڵ بکرێت.**

..............................

**دەستوور:** کەمتر لەمیدیادا بەدیاردەکەوی، هۆکاری ئەوە چییە؟

**دیار دەرسیم:** ئەگەر وەکو میدیای بینراو باس بکەین من لەدەرەوەی ولات لەزۆرێک لەبەرنامەکاندا بەشداردەبم، بەڵام وەکو میدیای خوێنراو مەبەستم رۆژنامەو گۆڤارەکانە زۆرجار پرسیاری رۆژنامەنووسەکان زۆر دووبارەن، بۆیە کەمتر حەز بەدیداری رۆژنامەوانی دەکەمو کەمتر دەردەکەوم.

**دەستوور:** ئەی ماوەیەک لەولاتی تورکیا لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوویو رێگەپێدراو نەبووی ئەی بۆ ئەمە؟

**دیار دەرسیم:** هەندێک لەگۆرانییەکانم لەتورکیا قەدەغەبوون، ئەوانیش گۆرانی (ناترسم)و گۆرانییەکی تری شۆڕشگێڕی بوو کە بەزمانی تورکی گوتبووم، بۆیە لەسەر ئەمە لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کراو دووجار دادگایی کرام، بەڵام خۆشبەختانە هیچ شتێکم نەهاتە سەرو ئازادکرام.

**دەستوور:** کە لەژێر لێکۆڵینەوەی تورکەکان بووی، نارەحەت نەبووی؟

**دیار دەرسیم:** ئەگەر راستیت پێبڵێم، من زۆر دڵم خۆشبوو، چونکە پێموابوو توانیومە شتێک بکەم کە دوژمنی خۆم نارەحەت کردووە.


**دەستوور:** ئەی بۆچی لەبەرهەمەکانت گۆرانییەک یان دوو گۆرانی بەزمانی تورکین؟

**دیار دەرسیم:** ئەو گۆرانییانەی کەوا بەزمانی تورکی دەیانڵێم گۆرانی شۆڕشگێڕین، دەمەوێت لەرێگای ئەو گۆرانییانەوە تورکەکان لەخەباتی سیاسی ئاگادار بکەمەوە.

**دەستوور:** ئێوە جارێک بڕیارتان دابوو کەوا نەیەنە کوردستان، بەڵام لەساڵی رابردوو لەگەل هونەرمەند خەلیل خەمگین هاتنە کوردستانی ئازادو کۆنسێرتان ئەنجامدا ئەوە چۆن بوو؟

**دیار دەرسیم:** ئەوکاتەی کەوا ئەو بڕیارەماندا یەکێک لەهونەرمەندانی ئێمە بەناوی (دینۆ) لەفرۆکەخانەی هەولێر گەڕاندبوویانەوە، بۆیە ئێمە ئەو بڕیارەماندا، بەڵام دواتر هۆکاری ئەمە روونکرایەوە، بۆیە بڕیارماندا بێینە کوردستان.

**دەستوور:** کە دێیتە پارچەی ئازادکراو کە باشوورە، چ شتێک نارەحەتت دەکات؟



دیار دەرسیم

**دیار دەرسیم:** من جارێکی تریش گووتمە ئەو شتەی کەوا زۆر نارەحەتم دەکات هەڵواسینی وێنەی هونەرمەندانی بیانییە، بەتایبەت هونەرمەندانی تورکو عەرەبو فارس، کە هەمووومان دەزانین ئەوانە چەندین ساڵە زوڵم لەکورد دەکەن، دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئەو هونەرمەندانەی کەوا کوردەکانی باشور وێنەکانیان هەڵدەواسن لەولاتی خۆیان هیچ سەنگو کەسایەتییەکی ئەوتۆیان نییە.

**دەستوور:** ئەی وەکو لایەنی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەکاتی دیمانەکانیاندا چ نارەحەتت دەکات؟

**دیار دەرسیم:** بەکەمی دیمانە دەکەم، بەڵام ئەوەی کە لەدیمانەکانمدا زۆر پێی نارەحەت بووم، باسکردن بووە لەئیبراهیم تاتلّیساس کە هەموو رۆژنامەنووسەکان پرسیاری ئەویان لێکردووم.

**دەستوور:** بۆچی پێی نارەحەت دەبی؟

**دیار دەرسیم:** نامەوێت لەسەر کەسێک قسە بکەم کە لەمیللەتی خۆم نییەو نایناسم .

**دەستوور:** دەمەوێت باس لەوەبکەم لەکلیپەکانتدا زۆر بەکەمی ئافرەت بەکاردەهێنی؟

**دیار دەرسیم:** ئافرەت ئێستا بووەتە ئامرازێک هەرکەسێک بۆ مەبەستی خۆی بەکاریدەهێنێتو وای لێهاتووە زۆرجار بەسووکی سەیری ئافرەت بکرێت، من زۆرجار قسەم لەسەر مەسەلەی ئافرەت کردووەو بەرگریم لێیان کردووە، بۆیە پێموابێت ئەگەر ئافرەت بەکاربێنم دەبێت لەو جێگایە بەکاریبێنم کە لەبەهای ئافرەت کەمنەکاتەوە.

**دەستوور:** بەڵام تۆ گۆرانیەکت هەیە بەناوی (کەچێ) لەو گۆرانییەدا ئافرەتێکت بەکارهێناوە؟

**دیار دەرسیم:** راستییەکەی ئەو ئافرەتە من حەزم نەکرد لەکلیپەکەدا بێت، بەڵام دیاربوو دەرهێنەری کلیپەکە زۆر داوایکرد کارەکە وا ئەنجام بدرێت.

**دەستوور:** ئەگەر بڵێم کامە هونەرمەند بەلای تۆ لەهونەردا ئیمپراتۆر بووە؟

**دیار دەرسیم:** ئەوانەی ئێستا کەسیان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە کەوا ببنە ئیمپراتۆر لەهونەرەکەدا، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوانەی کەوا گیانیان لەپێناو ولاتدا بەخشی دەتوانین ئەوان ناوبنێین ئیمپراتۆر.

**دەستوور:** (دەنیس) خانی خێزانیشتان گۆرانی دەڵێت، ئێوە چەندە هاوکاری یەکتر دەکەن؟

**دیار دەرسیم:** ئەو زۆر هاوکارمە، ئەو زۆرجار رەخنەش لەکارەکانم دەگرێت، هەمیشەش هەوڵمداوە حەقی پێبدەم لەژیانماندا.

# تارا لە ١٩ ساڵییەوە کەسێك لەدڵیدایە

○ دەستوور لەهەولێر

**تارا رەسوڵ دەڵێت دوو هەفتەیە چاوەڕێی زەنگی کەسم نەکردووە، بەڵام رەنگە حەمە سەعید حەسەن چاوەڕێی زەنگی کەسێکی کردبێت کاتێک هۆنراوەکەی نووسیوە.**

**تارا کە بەسروودێکی هەڵەبجەی شەهید دەستی بەکارکردن کردووە، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت "له١٩ ساڵییەوە کەسێکم لەدڵدایە"، بەڵام ئامادەنەبوو ناوی ئەوکەسە بۆ دەستوور ئاشکرا بکات.**

...............................

**دەستوور:** خێزانەکەت رێگرنەبوون لەکارەکانت؟ سەرەتای کاری هونەریت دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک؟

**تارا:** لەساڵی ١٩٩١وە پەیوەندیم کرد بەتیپی مۆزیکی سلێمانیو ئێستاش ئەو تیپە بەماڵی دووەمی خۆم دەزانم، دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاش هەر خۆم بەئەندامی ئەو تیپە دەزانم.

وەکو خێزانەکەمان بەهیچ جۆرێک رێگرنەبوونو بەگشتی ئەندامانی خێزانەکەم زۆر یارمەتیدەرم بوون لەچوونم بۆناو بواری هونەرە.

**دەستوور:** کاریگەری چ هونەرمەندێکت بەسەرەوە بوو؟

**تارا:** لەسەرەتاوە پەیمان عومەر پێشەنگبوو بۆ من، ئەو هونەرمەندە سۆزێکی خۆش لەدەنگیدا هەیەو بەردەوام هەرماوە، ئەو هونەرمەندە وایکرد کەمن بچمە پێشەوە وەکو ئافرەتێک، لەڕاستیدا هونەرمەندی تریش هەبوو، بەڵام خاتوو پەیمان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەخۆشەویستبووەو هەمیشە لەیادمە، بەڵام ئەوەی کەکاریگەری هەیە لەسەر من وەکو کەسێکی بواری هونەرو کەسایەتیشی بۆمن گرنگە زەکەریا عەبدوڵڵایە.

**دەستوور:** یەکەم گۆرانی کەتۆمارتکرد ساڵی چەندبوو؟ لەگەڵ چ تیپێکدا بوو؟

**تارا:** یەکەم گۆرانی کەتۆمارم کرد سروودی هەڵەبجەی شەهیدبوو، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارمکرد، دوای ئەوەی لەفێستیڤاڵێکدا لەهەڵەبجە وتم، لەساڵی ١٩٩٣ تۆمارکرا.

**دەستوور:** گۆرانی (هەستێک) کەیەکێکە لەگۆرانییە جوانو خۆشەکانی ئەو ئەلبومە، ئایا تێکستی ئەو گۆرانییە تا چەند نزیکە لەژیانی تۆوە؟ ئایا لەسەر داوای تۆ کاک خالید نوسیویەتی؟

**تارا:** لەسەر داوای من نەبووە، کاک سەباحی سەنتور باسی ژیانی منی بۆ کاک خالید کردبوو، ئەوەبوو کاک خالیدیش بەو هەستە جوانەی خۆیەوە چووبووە قوڵاییەوە، هاتە ماڵەوەو تێکستەکەی بۆ هێنام، بۆ من شتێکی ئاوا لەناکاو زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەو کەبەو قوڵییە ژیانی منی نەدەزانیو منیشی نەدیبوو ئەو هەموو شتەی لەسەر من نووسیبوو هەستێکی زۆر خۆشبوو.

**دەستوور:** چ کاتێک زۆر پێدەکەنیت؟

**تارا:** پێمدەڵێن زۆر جدیتو رووخۆش نیت، ناشزانم وایە یان نا، بەپێکەنینەوە هیوادارم وانەبێت، بەڵام ئەوەش دەکەوێتەوە سەر کاتێکی دیاریکراو خۆم دەزانم کا تی کارکردن زۆر خوێن تاڵم، چونکە کاتی کارکردن کاتی کارە.

**دەستوور:** ئایا لەتەمەنی لاویدا خۆشەویستیت کردووە؟

**تارا:** خۆشەویستی یەک لایەنە هەر دروستدەبێت، تاکو تەمەنی ١٩ ساڵی رەنگە یەکلایەنی رووی دابێت، خەڵکم خۆ شو یستبێت ، بەڵام بێئەوەی بەرامبەر هیچ شتێک بزانێت، بەڵام لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا کەسێکم خۆشویست، بەردەوام لەدڵمدایەو ئێستاش خۆشمدەوێت، ئەو خۆشەویستییە یەکەمجار لەلای ئەوەوەبوو، بەڵام توانی خۆشەویستییەکە ئەوەندە قوڵبکاتەوە تاکو ئێستاش لای من بەردەوامبێت.

**دەستوور:** ئەو کەسە کێیە؟

**تارا:** بەپێکەنینەوە رەنگە سەختبێت ئێستا ناوی بهێنم، چونکە نازانم لەم کلتورەدا دنیا چۆنە، ئەو کەسەی کەئێستا لەگەڵی دەژی لەوانەیە کێشەشی بۆ دروستبێت بۆیە پێمخۆش نییە ناوی بهێنم.

**دەستوور:** ئەی کاتی خۆی لەگەڵ ژەنیار فەرهاد محەمەد ساڵح هاوسەری پێشووت چۆن یەکترتان ناسی؟

**تارا:** من وەکو گۆرانیبێژو ئەویش وەکو ژەنیار ماوەیەکی زۆربوو یەکترمان دەناسیو هەر لەو رێگەیەشەوە بەبێ هیچ خۆشەویستییەک پەیوەندیەکە دروستبوو، هیچ خۆشەویستیەکیش لەنێوانماندا نەبوو.

**دەستوور:** ئەی ساڵی چەند ژیانی هاوسەریتان پێکهێناو ماوەی چەند ساڵ بەیەکەوە بوون؟ ساڵی چەند لەیەکتر جیابوونەوە؟

**تارا:** لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا ئەو پەیوەندییە دروستبوو، تاکو هاوسەرگیری بکەین، بەڵام ئەو ماوەیەکی زۆر لەوڵاتی سوریا مایەوە، لەساڵی ٢٠٠٠دا هاتە وڵاتی سویدو پاشان ماوەی ساڵو نیوێک بەیەکەوە بووینو دواتر لەساڵی ٢٠٠٢دا جیابووینەوە.

**دەستوور:** بەڕای تۆ گۆرانی زیندوو کامەیە؟

**تارا:** بڵێم چی ئەگەر باس لەئەمڕۆ بکەین گۆرانی زیندوو کامەیە، هەر ئەو گۆرانیانەن کەدێنو تێپەڕدەبنو نامێننەوە، ئەوەش کێشەیەکی زۆری دروستکردووەو پێموایە گۆرانی زیندوو هەر ئەوەیە.

**دەستوور:** تارا دوو هەفتەیە چاوەڕێی کێ دەکات تاکو زەنگی بۆ لێبدات؟

**تارا:** ئەو گۆرانییە تێکستەکەی کاک (حەمە سەعید حەسەن)ە، دیارە رەنگە ئەو چاوەڕێی کەسێکی کردبێت، بەڵام پاشان کاک هەڵکەوت زاهیر میلۆدی بۆ داناوەو من ئەو گۆرانییەم بۆ کەسێکی تایبەت نەوتووە.

**دەستوور:** رەوتی هونەری گۆرانیو مۆزیکی کوردی بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟

**تارا:** ئێستا بەئاڕاستەیەکی تۆزێک تایبەتیدایە، ناتوانم قسەی لەسەر بکەم، لەبەرئەوەی بەداخەوە رەنگە ئاڵۆزیەک هەبێت، رەنگە کۆمەڵێک کاری جوان کرابێتو رەنگە کۆمەڵێک کاریش کرابێت گەر لەمن بپرسیت من بەکاریان دانانێم.

**دەستوور:** تارا رقی لەچییە؟

**تارا:** وەکو خەڵک رقم لەکەس نییە، بەڵام لەڕاستیدا من کەسێکم زۆرم پێخۆشە خەڵک لەگەڵ یەکتردا راستگۆبنو درۆ نەکەن.

**دەستوور:** دوا پرۆژەی هونەریت چییە؟

**تارا:** من قەت بێپرۆژەی هونەری نەبووم، هیوادارم ئەو کارەی کە بۆی هاتوومەتەوە لەم ماوەیەدا ئیشی بۆ بکەم.



# ئومێد باڵەبان ناز دەکات



گۆرانیبێژ ئومێد باڵەبان، گۆرانییەکی نوێ بەناوی هەی ناز تۆماردەکاتو بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاوییبکاتەوە.

ئومێد باڵەبان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "گۆرانییەکی نوێم بەناوی (هەی ناز) تۆمارکردووە کەهۆنراوەو ئاوازی فۆلکلۆرەو گروپی مۆزیکی ئاراس کاری مۆزیکیان بۆ ئەنجامداوە".

وتیشی "محەمەد یاسین کاری دابەشکردنی بۆ ئەنجامداوەو لەهەردوو ستۆدیۆی میلۆدیو دەنگوڕەنگ کاری تۆمارکردنی بۆ ئەنجامدراوە".

ئومێد ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەنیازە لەئایندەیەکی نزیکدا کلیپی بۆ بکاتو لەکەناڵەکانی کوردستانەوە بڵاوییبکاتەوە.

# شڤان پەروەر بەزمانی تورکی گۆرانی دەڵێت



○ دەستوور سلێمانی

بڕیارە لەکۆتایی ئەم مانگەدا هونەرمەندی گۆرانیبێژ شڤان پەروەر لەشاری ڤییەننای پایتەختی وڵاتی نەمسا کۆنسێرتێک بۆ ئاشتی سازبکات.

کۆنسێرتەکە لەلایەن "ڤەبون کورد" بەڕێوەدەچێتو ژمارەیەک کەسایەتی بەرچاو بانگهێشتکراون، لەوانەش (وەزیری رۆشنبیری تورکیاو ئەحمەد تورکو عوسمان بایدەمیرو یەشار کەمالو هاینز فیشەر سەرۆکی نەمساو مەسعود بارزنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەک نوێنەری ئاشتی وڵاتان.

لەو کۆنسێرتەدا هونەرمەند شڤان پەروەر دە گۆرانی پێشکەشدەکات کەچوار گۆرانیان نوێیەو یەکێکیان بەزمانی تورکییە.

# جانێ ناوی ئەلبومەکەی ئاشکراناکات

○ دەستوور لەئەڵمانیا

جانێ تەمەن ٤١ ساڵ، خانمەگۆرانیبێژی کوردستانی باکوور کەئێستا سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومە نوێکەیدا، رایگەیاند کاری مۆزیکی ئەلبومە نوێیەکەی تەواوبووە، بەڵام ئامادەنەبوو ناوی ئەلبومە نوێیەکەی ئاشکرابکات.

جانێ بەرۆژنامەی دەستووری وت "ئەلبومەکەم ١٢ گۆرانی لەخۆدەگرێتو یەکێک لەگۆرانییەکانیش بەزاراوەی سۆرانیو لەگەڵ هونەرمەند ناسری رەزازی پێکەوە دیلێین".

جانێ ماوەیەک لەمەوبەر گەڕابۆوە بۆ کوردستان تاکو سەردانی ئەو پرۆژە خێرخوازییەی بکات کەبریتیە لەدروستکردنی قوتابخانەیەکی بچوکو پارکێک کەپێشکەشی منالانی کەمپی مەخموری کردووەو ئێستا لەقۆناغی جێبەجێکردندایە.

جانێ لەشاری ئەرزرۆم لەناوچەی قەرەیازی لەدایکبووەو ئێستا لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژی.

ناوبراو تائێستا خاوەنی هەشت ئەلبومی گۆرانییەو لەساڵی ٢٠٠٦ وەکو ئافرەتێکی دەنگخۆش لەلایەن کەناڵی سۆنی مۆزیک بەستاری ئەو کەناڵە دەستنیشانکراوە.



# بەختەوەرم بەناسینتان

جۆیس کارۆل ئۆیتس

هیچ کەس نازانێ باسەکە چۆن دەستپێکرد، شەوی هەینی بوو و ئەودوو جووتە (ژن و پیاوە )گەنجە کە هیچیان ژن و مێرد نەبوون ڕۆشتنە ریستۆرانتێکی چینییەوە کە جێگەی هەمیشەییان بوو، ژنەکان و یەکێ لەو دوو پیاوە زۆر پێشتر زەماوەندیان کردبووو ئێستا بیرەوەری تەڵاق لەزەینییاندا کاڵ ببۆوە، بۆ کەسێ کە لەتەمەنی چل ساڵیی نزیکدەبێتەوە ژیانێکی نائارامی بووە، زۆربەی شتەکان دەبێ بەمێژوو، باس باسی منداڵ بوون بوو، ژنەکان منداڵیان هەبوو و ئەو پیاوەی بەتەمەنتر بوو لەژیانی هاوسەرێتییدا کە ئێستا ببوو بەرووداوێکی مێژوویی ببوو بەباوک، تەنها ژنەکان قسەیان دەکرد، وەک کچە عازەبەکان بەرامبەر یەک دانیشتبوون و قسەیاندەکرو پێدەکەنین.

کنستانس وتی: کە بۆ یەکەمجار منداڵم بوو هەموان بەسروشتی منداڵیان دەبوو، دایکم ترسابوو، هەر بۆیە منداڵەکەی لا دوور خستبوومەوە، دەمزانی سەر بە بەرەی نائاگای کۆنە، من چاوەڕوانی شێوەیەکی منداڵ بوون بووم کە هیچکات ئەزموونم نەکرد، ئەوەی ئەزموونم کرد ئەوەبوو کە ئێش و ئازاری منداڵبوون هەر لەسەرەتاوە هەر ٤ دەقە جارێ دەستی پێدەداموو ئەوە نەبوو سەرەتا هەر بیست دەقە جارێ بێتو دواتر خێراتر بێتەوەو من خەریکبوو لە ترسا دەمردم و وادیار بوو مێردەکەشم کە خەریکبوو منی دەگەیاندە نەخۆشخانە نەیدەتوانی کاتی شۆفیری چاوی بەتەواوی لە جادەکە بێتو دواتر ٣٦ سەعات ئازارم کێشا بەبێ هیچ دەرمانێکی ئازار شکێن و سەرەنجام ئەوەندە بێهێزبووم کە دڵم خەریکبوو دەوەستا، کە خەریکبوو منداڵم ببێ نەمدەتوانی بنقێنم، وەک حەیوانێ دەمقرووسکاندەوەو مێردەکەم دووجار لەسەرخۆی چوو و سەرەنجام سزاریەنمیان کردو راست ئەو شتەی کە لام وابوو دەبێ پارێزی لێبکەم، خودایا! بەدبەخت ببووم.. مرین وتی: هەموو ئەمانە راستە بەڵام ئەنجامەکەی ببوو بەوەی کە تۆ ببووی بەخاوەنی منداڵێک.

راستە ئەوەش هەیە دەبی بەدایک! دەبی بەدایک، مرین وتی: لەمنداڵی یەکەمدا منیش زۆرم ئازار هەبوو، بەڵام نەک وەک تۆ، بەپێچەوانەوە لەمانگەکانی یەکەمی سکپڕ بوونمدا ئەوەندە نەخۆش و خەمۆکی و ترسابووم کە هەرچەن پێمخۆش بوو بەشێوەی سروشتی منداڵم ببێ، بەڵام کەس ئەوەی پێ باش نەبوو، هەربۆیە ئەوەی لەبیری خۆم بردەوە، منداڵبوونەکەم بەفۆرسیس بوو، خۆ دەزانی چۆنە، ئاخ! لەو حاڵەتە بێگیانەدا کە بەهۆش هاتمەوەو هیشتا بەنج بەری نەدابووم منداڵێکیان پێدام و وامزانی ئەو منداڵە خۆمم، مێشکم تێکچووبوو، هەموو شتێکم لێ تێکچووبوو و وامزانی منداڵەکە خودی خۆمم، کۆنستانس وتی: ئاخ! دەزانم چی دەڵێی، من کە کچەکەم بوو وەها بووم، خەیاڵاتی ببووم، ئەم خەیاڵانە سەیرو سەمەرن، ئەرێ، بەڵام دەگوزەرن، هەر ئەوەی کە مرۆڤ تووشی بە منداڵ بەخێوکردنەوە دەبێ و فێری مەمک خستنە دەم منداڵ دەبێ! کە لێدانێکە فەنییە، ژنەکان وەک کچانی منداڵ دەحلیرکانەوە.

پیاوەکان بەئەدەبو بەڵام کەمێکش نارەحەت گوێیان دابووە هاوڕێکانیان، مۆرفی، یەکێک لەو دوو پیاوە کە ٢ جار زەماوەندی کردبووو جیا ببۆوەو چەن منالی بووو گەورەکەیان ١٨ ساڵی بوو، روویکردە ژنەکان و وتی: من لێتان دەپرسم ئەگەر دەتانزانی منداڵبوون ئەوەندە ئازای هەیە ئامادەبوون منداڵتان ببێ؟

ژنەکان بەسەرسووڕمانەوە لێیان دەڕوانی، کۆنستانس روویکردە دڵدارەکەی و وتی: زۆر ئێشی هەیە مۆرف، تۆ چوزانی منداڵبوون چەن ئازاری هەیە؟



جۆیس کارۆل ئۆیتس

مرین کە لێرەدا ببوو بەکەسێکی لۆژیکی، وتی: بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنین کە ئازاری منداڵبوون زۆر سەختە، بەڵام ئازارەکە هەموو شت نییە، تۆ هەمدیسان ئامادەی منداڵت ببێ؟ بەڵێ، بەڵێ، هەمدیسان منداڵم دەبوو، من عاشقی منداڵم، مەگەر تۆ منداڵەکانتت خۆش ناوێ؟

مۆرفی روویکردە کۆنستانس و وتی: تۆ هەمدیسان منداڵت دەبوو؟ کۆنستانس کە دڵگران ببوو، تۆ خەریکی سووکایەتی دەکەی، دیارە من منداڵم دەبوو.

بۆ سووکایەتی؟ من تەنها پرسیارم کرد، پرسیارێکی گریمانی. چ شتێ گریمانەییە؟ ئێمە خەریکین دەربارەی کچ و کوڕەکەم قسە دەکەین و تۆ دەیانناسی و لام وابوو خۆشت دەوێن، مۆرفی وتی: دەزانم هەن و هەر تکیان منداڵگەلێکی نازدارن، بەڵام بەدەستهێنانیان ئاسان نەبوو، چەنت هەوڵدا، تێد پیاوەکەی تر هاتە ناو قسەکانەوەو وتی:" مەبەستی مۆرفیش هەر ئەمەیە.

ژنەکان دەستیان کردەوە بەقسە کردن و کۆنستانس دەستیپێکردو وتی: گوێ بە! بەراستی زۆر ئازاری هەیە، وەک ئەوە وایە هەموو لەشت توێ توێ دەکرێتەوەو دەبی بەدوو لەتەوە.

بەراستی ئازاری هەیەو هەر جارەو لە گەڵ جارەکەی تردا جیاوازەو جۆرێکە هیچکات بەشێوەیەک نییە کە چاوەڕوانی دەکەی، بەهەموو ئەمانەوە لەدواییدا دەبی بەخاوەنی منداڵێ، دەزانی خۆ چی دەڵێم؟

مرین وتی: نابی بەخاوەنی منداڵێ دەبی بەخاوەنی بەردی گورچیلەیەک.

مۆرفی چەن مانگ پێشتر لەنەخۆشخانەیەکی گورچیلە رزرگاری ببوو، لەشوێنی کارەکەیەوە راستەوخۆ بەئامبولانس بردبوویان بۆ نەخۆشخانەی زانکۆ، وەها رەنگی بەڕووەوە نەمابوو و حاڵی هێند تێکچووبوو هاوکارەکانی و ئەوانەی کە بەو شێوەیە دیبوویان نەیانناسیبۆوە، هەربۆیە پێکەنین لەم ساتەدا شتێکی عادلانە نەبوو، بەڵام ژنەکان دایان لەقاقای پێکەنین و بەدوای ئەواندا سەرەتا تێدو دواتر مۆرف دایان لەقاقای پێکەنین، ژنەکان لەدڵەوە پێدەکەنین و پێکەنینەکەیان ئاوێتەیەک بوو لەگاڵتەکردن و پێکەنین، گارسۆن لەم ساتەدا وەسڵەکەی لەگەڵ دەوری و پرتەقاڵێکی قاشکراودا بۆ هێنابوون، کورسییەکانی تر چۆڵ ببوون، تابلۆی نئۆنی کە لەسەری نووسرابوو " چێشتخانەی دانگ" لەمێژبوو کوژابۆوە، کە دەستیانکرد بە کردنەوەی فاڵەکانیان باسەکەیان خەریکبوو کۆتاییپێدەهات، بەڵام مۆرفی کە بەئاسانی دەستبەرداری هیچ شتێ نەدەبوو روویکردە تێدو وتی: چۆن بەرامبەر بەو هەموو ئازارە تاقەت دێنن؟ ژن دوای ئەو هەموو ئازارە چۆن دێن بۆ جارێکیتر منداڵیان ببێ، من تێناگەم چۆن شتی وا دەکرێ ببێ؟ من دانی پێدا دەنێم من بومایە نەمدەوێرا.

تێد شانی هەڵتەکاند، وتی : منیش ناوێرم.

تێد لەوانیتر کەمتەمەنتر بوو، چەن ساڵ لەمرین منداڵتر بوو، ناوچاوی گرژ کردو وتی: تەنانەت بەبیستنی ئەمقسانەش تێکدەچم.

مۆرفی وتی: کە دەڕۆیشتم بۆ دواناوەندی مامۆستای ئینگلیزییەکەمان بە بەرچاومانەوە منداڵەکەی بوو، دواتر هەموو گاڵتەیان پێدەکرد، ( بەرواڵەتێکی کەمێ تووڕەو تۆزێ گاڵتەیینەوە، بەڵام من خەریکبوو لەترسا زراوم بتۆقێ، هەر ئەو کات بەباشی خۆمناسی، یانی هەر ئەو کات کە ١٦ ساڵم تەمەن بوو زانیم ناتوانم ئەو ئازارە بچێژم کە دایکم لەکاتی لەدایکبوونمدا بوویەتی.

ژنەکان چاویان بڕیبووە پیاوەکان و بەسەرسووڕمانەوە لێیان دەڕوانین، قاشە پرتەقاڵەکەیان بەددان دەکێشاو ئاوپرتەقاڵ بەدەم و لێویاندا دەرژایە خوار، پیاوەکان دەربارەی وەسڵی خواردنەکە پێکەوە قسەیان کردو جزدانی پارەکەیان لەگیرفانیان هێنایەدەر، تێد سەری راوەشاندو وتی: ئەگەر بڕیار بایە من منداڵم ببایە ئاخ، خواگیان! ئەو کات دەبووایە گومانم لەداهاتووی مرۆڤایەتی بکردبایە.

مۆرفی چاوی لە ژنەکان داگرت. وتی: ئەگەر بە من بومایە تا ئێستا وەچەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەناو چووبوون، بەردی گورچیلەیەک بەسە، تێد پارەکەی لەجزدانەکەی دەرهێناو وەک وەرەقی کایە خستییە سەر مێزەکە، لاموایە دان پێدانانێکی ترسناکە، من عاشقی ژیانم، دنیا لەخۆیدا شوێنێکی جوانە، مۆرفی بەناڕەزایەتی دەربڕین وتی: من عاشقی منداڵەکانمم و منداڵم زۆر خۆش دەوێ، لەم ساتەدا منداڵەکان دایان لەقاقای پێکەنین، شتێک لەدەنگ یان لەشێوەی مۆرفییدا بوو وتی کە تێدی هێنایە پێکەنین، کوتووپڕ پیاوەکان وەک منداڵ کەوتنە پێکەنین، پێکەنینێکی زۆر، تەنها گارسۆنەکە بۆ هەڵگرتنی پارەی نانەکە ئارام هاتو ڕۆشتو کەس پێی نەزانی، ژنەکان بێجووڵە وەستابوون، نە چاویان لەیەکتر دەکردو نە لەپیاوەکان، رووخساریان کێشرابوو وەک دەمامک.

و: مستەفا زاهیدی

پێگەی ئەسەدوڵڵا ئەمرایی

# مەرگ لەکەنەدا

ریچارد براتیگان


لە تۆکیۆ شتێکی وا نەماوە بۆ وتن، هەندێجار لاموایە وتەکانی بوڕشی خۆی لەدەستداوە وەک چەقۆیەکی ژەنگگرتوو لەچێشتخانەی دێرێ کە لەوێدا بژارەکان رواون و راهیبەکان بەجێیانهێشتووە، چونکە ئەوەندە وەڕەزن کە تەنانەت دەستبەرداری نوێژکردن بوون. هەربۆیە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش ڕۆشتوونەتە دێیەکیتر لە شوێنێکی ترو ژیانێکی تریان هەڵبژاردووە و سەرەنجام چوونە گۆڕەوەو ڕۆشتنە شوێنێ کە هەمووومان دەڕۆین.

چەند ساتێک لەمەوپێش کەسێک لە کەنەدا مرد، جوان جوان خەوی لێکەوت، مەرگێکی سادەی هەبوو، کەسێ لەخەودا مردو کە ڕۆژ بۆوە ئێتر خەبەری نەبۆوە، مەرگ هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەو رووداوانەی لەژاپۆن روو دەدەن، چونکە کەس بەمەرگی ئەوی نەزانی، هیچکەس لەو ١١٤ میلیۆن کەسەی لێرە دەژین بەمەرگی ئەوی نەزانی لە کەنەدا. دوو سبەی تەرمی ئەم کەنەداییە دەنێژن، تەنانەت رێورەسمی ناشتنەکەشی هەژارانەتر لەرێورەسمی ناشتنە، قەشە دوعای کاتی ناشتنەکەی باش نەخوێنێ و رەنگە لەو ساتەدا ئامادە بێ هەر کارێکی تر بکا جگە لەدوعا خوێند بەسەر تەرمی ئەو کەسەوە کە ئیتر لەناوماندا نییە.

قەشە هەستی بەشتێک وەک تووڕەیی دەکرد لەخۆیدا تووڕەیی لەتەرمەکەی کە چەن هەنگاو ئەولاتر خرابۆوە ناو تابووتێکی چێوی هەرزانەوە، لەبەشێ لەوتاردانەکەیدا پێیخۆشبوو بەرەو تەرمەکە بڕواو وەک منداڵێکی سەرەڕۆ رایشەکێنێ و بەمەشەوە هێشتا دەنگی دەبیسترێ کە دەنگێکی ئاهەنگدار دەڵێ:

"ئێمە هەمووومان دێینە ئەم جیهانەوە بۆ ئەوەی خۆمان بۆ سەفەرێکی پڕ مەترسی لەنێوان بێشکە تا...( چاو لەتەرمەکە دەکاو هەوڵدەدا خۆی راگرێ ).. گۆڕ.

چەن کاتژمێر دوای ئەم رێورەسمە تەرمەکەی دەسپێرن بەچەندین خەروار خۆڵ، قەشە دەگەڕێتەوە بۆ



ماڵەوەو دەچێتەوە ژووری کارەکەی و دەرگاکە لەسەرخۆی دادەخا، ئینجا پەرداخی ئاوەکە پڕ دەکا لە شەراب.

هیچکام لەم رووداوانە، ئەو کاریگەرییەی نابێ لەسەر ئەو رووداوانەی لەژاپۆن روو دەدەن، ئەمڕۆ کەسێ لەتۆکیۆ دەمرێ، خەوتووی خەوتووە، لەناو جێگاکەیدا لەم شانەوە بۆ ئەو شان دەجووڵێ و دەمرێ، جەستەی بەئارامی سارد دەبێتەوەو بەمەشەوە لەکەنەدا پرسەی گشتی رادەگەیەندرێ.

**کۆنگرە**

لە یەکێ لەڕۆژەکانی حەوتووی رابردوودا لەیەکێ لەشەقامەکانی تۆکیۆ بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دوو کورتە باڵام دی، ئەوان وێنایەکی تەواوبوون لەهەڵکەوتو دەربڕی ئەم راستییە بوون کە ژیانی هیچ شتێ و لەراستییدا هیچ شتێ پێش بینی ناکرێ، ئینسان بەراستی نازانێ چی روو دەدا.

من هەموو دەم شەیدای کورتە باڵاکان بووم سەرنجم بۆ لای خۆیان رادەکێشن، هەرکات یەکیان دەبینم لەسەرسووڕمان و خۆشحاڵیدا لەوەدایە دڵم لەلێدان کەوێ، بەگشتی من شەیدای کورتە باڵاکانم، دەڵێن کورتەباڵاکان وەک منداڵ وان، زۆر کەس کە کورتە باڵاکان دەبینێ رێک ئەوە بەبیریاندا دێ کە کورتە باڵاکان وەک منداڵ وان، بەڵام من ئەم وتەیە بەشتێکی ناڕاست دەزانم، لاموایە کورتە باڵاکان هیچکات منداڵ نەبوونە، لاموایە ئەوان بەم شێوەیەی کە هەن و هەر وەک چۆن کە هەن لە دایکبوون و بەمشێوەیە هەردەم بیست ساڵیان بووە، لاموایە کورتە باڵاکان کە لەدایکبوون بیست ساڵیان تەمەن بووەو بۆ وێنە هیچ پێویستیان بەوە نەبووە زمان فێربن، چون هەر لەسەرەتاوە زمانیان دەزانی.

هەوڵدەدەم وریابم کەس نەڕەنجێنم، پێمخۆشنییە کەس لێم زویر بێ، دەزانم کورتە باڵاکانیش کەسانێکن بەهەستو سۆزو ئاواتو خواستی وەک سەرجەم مرۆڤەکان و ناچارن هەندێ جار رووبەڕووی ئەم کێشانە ببنەوە.

بەمەشەوە من شەیدای کورتە باڵاکانم و سەرنجم بۆ لای خۆیان رادەکێشن.

رەنگە لەو ڕۆژەدا لەتۆکیۆ کۆنگرەی کورتە باڵاکان بەڕێوە چووبێ و هەموو نوێنەرەکانی ئەو کۆنگرە بەماوەی یەک کاتژمێر لەبەلامدا هاتوون.

و: محەمەد هاشمی

# رۆمانەکانی ساراماگۆو سیماکانی مرۆڤدۆستی

لاورا ریستریپۆ


رەنگە دیارترین خەسڵەتو سیمای رۆمانی جوانو نایاب چڕکردنەوەی میکرۆسکۆبی رۆماننووس بێت بۆ سەر مرۆڤ، تا لەوێوە ئێمە خۆمان بناسینەوە، مرۆڤ بناسین، لەمانای کردارەکانمان تێبگەین، بۆ ئەوەی بزانین بۆچی هاتووینەتە سەر ئەم زەویە، ئەمەش کارێکی ئاسان نیە کە بزانین بۆچی هاتووین، چونکە لەماوەی چەند مانگێکدا خودی ئەم پرسیارە لەبیردەکەین، یان بەردەوام لەبیرمان دەچێتەوە، لەنێوجەرگەی ئەم داڵغەو خەیاڵ رۆیشتنەیشدا، رۆمانێک دێتە بەر دەستمان تا بەخودی خۆمان بگەینەوە، وەک ئەو سەگەی دوای بۆنی پارچە پۆشاکێک دەکەوێت بۆ دۆزینەوەی تاوانبارێک.

ئەمە بۆنی مرۆڤە، نووسینەکانی ساراماگۆ بۆ ئەم دنیایەمان پەلکێش دەکات، ئێمەیش دوای ئەو دەکەوین، هەنگاوەکانی هەڵدەگرینو دەچینە کووچەو کەلەبەرەکانی، نووری رووناکی ئەو دەبینین، سەرسەختیی لەئاستی حەقدا بەدی دەکەینو هەست بەرادەی ئازارەکانی دەکەین، دوور لەمەرایی‌و پیاهەڵدان و ...هتد ئەم دەستەواژانە، کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانووسە لە (dna)کەیاندا مرۆڤ هەیە، مرۆڤ بەبێدەنگی‌و خوێنەکەیەوە، یان وەک" ریکاردۆس" لەساڵی مردنیدا دەڵێت:" بەڵگەکانی مرۆڤبوونمان" دەبینین، ئیتر لەنووسینەکانیدا بەم پیاو و بەو ژن دەگەین کە لەداڵغەو خەیاڵو واق ورمان رزگار کراون، یان روونتر بڵێین، لاپەڕە لاپەڕە بەخۆمان دەگەینەوەو بەهەستی پڕلەسۆزو خۆشنوودیەوە بەخەمەکانمان دەگەینو ئەشک لەچاوەکانمان هەڵدێن.

من هەر جارێک "ئینجیلی مەسیح" دەخوێنمەوە پڕ بەدڵ دەگریم، لەگەڵ" ئەشکەوتیشدا" بەهەمان شێوە، ئەوکات لەخۆم دەپرسم چۆن رۆمانەکانی ئەم پیاوە دەگەنە ئەوپەڕی ناخم؟ هەر ئەم وەڵامەیشم بۆ دێت کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت: لەبەر ئەوەی پیاوێکە راستگۆ، دارشتنی راستگۆیانەو شیعرشی جوانو دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی مرۆڤایەتی، ماڵی ژنو پیاو، ئەو شوێنەی رۆحمان تیایدا ئۆقرە دەگرێتو لەیەکتری نزیکدەبینەوەو لەچیرۆکەکەدا پەی بەسووچێکی شیاو بۆ خۆمان دەبەین، گەڕانەوەی ئێمە لەگەڕانەوەکەی ساراماگۆ دەچێت لە" یادەوەریە بچووکەکان"دا بۆ ماڵە جوانەکە، ماڵی پڕ لە هەژاریی باپیرەو داپیرەی لەدایکی، یان ماڵەکەی تری لە" ئابڵووقەی لشبۆنە"، لەوێدا کە دەتوانین خۆشەویستی بکەینو نوێنەکان بەپێخەو و چەرچەفی پاکو تازەوە چاوەڕوانیمان دەکەن.

ساراماگۆ خۆی دەرهەق بە" ئیما بۆڤاری، دۆن کیشۆت، جولیان سۆریل،"

> "ماریا"ی دایك لەرۆمانی" ئینجیلی مەسیح"دا ئەودایکەیە کە هەموو دایکانی جیهانی سێهەممان دێنێتە پێش چاو



ژۆزە ساراماگۆ

ئاماژە بەهەندێ کاراکتەری ئەدەبی دەدات کە لەکارەکتەرە واقیعیەکانی ژیان بوژاوەترن، راستیش دەکات، لای ساراماگۆ خۆیشی هەمان حاڵەت هەیە، ئەوەتا کاراکتەری دارتاش لە"ئینجیلی مەسیح"دا کەسێکە سیخناخ لەخەونو ئەندێشەو گوناه، یان لەهەموو ناوەکانی تردا کە پەتی " ئەردیانا"ی دۆزیەوەو دەبوو رایبکێشێت بۆ وەدەرنانی لەسورمێن"متاهە"و تونوتوونی بیرۆکراتی‌و بیری گۆشەگیری‌و...هتد.

رۆمانەکانی ساراماگۆ بەردەوام بەرەو دنیای مرۆڤدۆستیمان رادەکێشن، دوور لەرۆمانەکانی"بێست سیلر" و هاوشێوەکانی، لەو سەروبەندەدا ئەم رۆمانووسە بەرەو ئەدەبێکی باڵامان دەبات، ئەدەبێک خەسڵەتی شکۆمەندیی هەیە، گەر بڕوانینە کاراکتەرەکانی، دەبینین وەک تاکەکانی هۆزێکن کە هەموویان لەشکۆمەندیەکدا هاوبەشنو تەنانەت لەرەفتارە ئاساییەکانی رۆژانەی ژیانیشیاندا جۆرێک لەشکۆمەندی دەبینرێت، بەڵام ساراماگۆ خۆی، فراوانگیرتر دەڕوانێتە ئەو کاراکتەرانە، وەک ئەوەی کاتێک لەبارانەیانەوە دەنووسێت لەوە دڵنیا بێت هەر یەکەیان نموونەن بۆ چیرۆکو دیرۆکی تەواوی مرۆڤایەتی، پیاو بێت یان ژن.

چیرۆکەکانی خۆشەویستی لای ساراماگۆ چیرۆکێلێکی نەمری هاوشێوەی "رۆمیۆ وجولێت"ن، کێ لەرۆمانی"شۆڕشی زەوی"دا دەتوانێت" دۆمینگۆ و سارە" یان لە "یادەوەریە بچووکەکان" دا" جیرۆنیمۆ و جوزیفا" لە یاد بکات؟ هەرچەند پاڵەوانەکەی پیاوە، بەڵام وێنەی ژن لای ساراماگۆ روونـاکو پرشنگدارە: ژن هەمیشە ژیر، دانا، کراوە، واقیع بینە، هیچ بەدوایشیدا ناگەڕێت، بەڵکو هەمیشە لەپێش چاویدایە، خۆی دەڵێت:" کاتێک دەنووسم بەخۆم ناڵێم دەبێ ژنێکی لێهاتوو دروستبکەم، چونکە خۆکردانە لەرووداوەکاندا دەردەکەوێت"، "ماریا"ی دایک لەرۆمانی" ئینجیلی مەسیح"دا ئەودایکەیە کە هەموو دایکانی جیهانی سێهەممان دێنێتە پێش چاو، ئەودایکانەی بە دەم ئازارو ناسۆرچەشتنو چاوەڕوانی‌و خەمو گریانەوە ژیان بەرۆڵەکانیان دەبەخشن، کەچی لەساتەوەختێکدا مەرگ تەمەنیان دروێنە دەکات.

ساراماگۆ هاوکات نووسەرێکی کلاسیزمە کاتێک کە پیاوێک دەخولقێنێ خاوەنی ئیرادەو ویژدانو دەسەڵاتی خۆیەتی، پیاوێک لە دژی جەورو ستەم دەوەستێتو ئیرادەی بەرگری‌و گۆڕانکاری لە خەڵکیدا دەبزوێنێت، هەرچەند هەمیشە ئەوکارەیشی بۆ بەدینایەت، کاتێکیش ئەوپیاوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، ساراماگۆی نووسەر هێرش دەکاتە سەر هەر شتێک پیاوێکی لەوجۆرە بسڕێتەوە، ئازاری بدات، پەراوێزی بخات، لەم کارەیشیدا نووسەرێکی ئازایە لەژیانی‌و ئیشکردنیشدا، وامان لێدەکات لەئاستی رقوکینەکانی دەسەڵاتدا چاوکراوە بین کە خۆی بە گەندەڵو تێکدەر ناوی دەباتو پێیوایە دەسەڵاتی رەها بە رەهایی گەندەڵو تێکدەر دەبێت، بۆیە لە"کوێری"دا دەبینین هەموو نابیناکان ئابڵووقەدراون وەک ئەوەی تووشی درمێک، پەتایەکی تەشەنەکردوو هاتبن، لە" ئابڵووقەی لشبۆنە"شدا موسوڵمانان بەئابڵووقەدراوی دەمرن، لە" بەسیرە"شدا پایتەخت ئابڵووقە دەدرێت لەبەرئەوەی دەنگی سپییان داوە، لە"شۆڕشی زەوی"یشدا جووتیاران لەلایەن دەرەبەگەکانەوە بەهەژاری‌و قاتوقڕی ئابڵووقە دەدرێن، لە"ئەشکەوت"یشدا گۆزەکار لەلایەن سەنتەری بازرگانییەوە ئابڵووقەدراوە، بۆیە هەموو ئابڵووقەدەران وەک زیندەوەرێکی درێژو ناشیرینی نامرۆڤانە دەبینرێن، چونکە دروستکەری خەونە مۆتەکەیی‌و توناوتوونو سورمێن"متاهە" کانن، دواجاریش، رەنگە لەنێوان کافکاو ساراماگۆدا ژانێکی هاوبەش بەدیبکەین کە" رەشبینی"یە، لەراستییشدا رەشبینی نیە بەقەدەر ئەوەی واقیعێکی خەمناکە بەسەرماندا دێتو لای ئەوان لاپەڕە بەلاپەڕە مۆرک وەردەگرێت، بەڵام جیاوازییەکی زۆریشیان لەنێواندا هەیە، لای کافکا کاراکتەرەکان تاساونو بەتەنیا خۆیان لەدژی ئەوانە وەستاون کە دەیانتاسێنن، بەڵام لای ساراماگۆ کاراکتەرەکان لەپێناوی خەباتو بەرگریدا رۆحی هاوکاری‌و هاریکارییان هەیە، ئاخۆ ئەوە بیروباوەڕی سیاسییە؟ بێگومان، بیروباوەڕی سیاسیە کە لەهەموو نووسینەکانیدا مۆرکی خۆی هەیە، کاراکتەرکانی ساراماگۆ بەردەوام لەهەوڵی پارێزگاریکردنو دڵسۆزیدان بۆ بیروباوەڕەکەیان، بۆیە دەیانجووڵێنێ‌و لەدژی دنیای خەونە مۆتەکەییەکان خەباتیان پێدەکاتو بەوەیش مۆرکی سەرچڵی"موغامەرە"یان دەداتێ، لەکاتێکدا نە لای کافکاو نە لەپۆست مۆدێرنەدا ئەم حاڵەتە نابینین.

**سەرچاوە/ ماڵپەڕی" مجله الروائی".**

* ئەم دەقە وتارێکی ژنە نووسەری ناوداری کۆلۆمبی" لاورا ریستریبۆ" یە کە لەبۆنەی خەڵاتکردنو رێزنان لەساراماگۆ لەساڵ ٢٠٠٧دا خوێندوویەتیەوە، کە خۆیشی چەندین رۆمانی هەیەو چەنین خەڵاتی وەرگرتووە، وەک خەڵاتی"فاگوارا" لەسەر رۆمانی" وڕێنە"و خەڵاتی "سورخوانا ئینیس" لەسەر رۆمانی" هاوڕێیەتیەکی جوان".

**و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

# دەربارەی ساموێل بێکت

و. لەئینگلیزیەوە: یوسف زەماوەنگەیی

بەشی یەکەم

**ناوی تەواوی:** ساموێل بارکلەی بێکت.

**ساڵو شوێنی لەدایکبوون:** ١٣ی نیسانی ١٩٠٦، فۆکس رۆک، دوبلین، ئێرلاند.

**ساڵی مردنی:** ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩، پاریس، فەرەنسا.

(ساموێل بەکێت) یەکێکە لەنووسەرو شانۆنووسو رەخنەگری ئەدەبی‌و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی (١٩٦٩) لەئەدەبدا، بەهەردوو زمانی فەرەنسی‌و ئینگلیزی نووسیویەتی، ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئەدەبییە بەتایبەتی لەبەرهەمە شانۆییەکانیدا زۆر ناسراوە، بەتایبەتی شانۆی (لە چاوەڕوانی گادۆدا Waiting For Godot ١٩٥٢.

**ژیانی:**

(ساموێل بەکێت) لەگەڕەکێکی شاری دبلن لەدایکبووە، ئەویش وەکو هاورێ ئەدیبە بەناوبانگەکانی تری، کە ( جۆرج بەرنارد شۆو ئۆسکار وایەڵدو ویلیام بەتلەر ییتس)چەندەها نموونەن بۆ ئەو شارەی کە (ساموێل بەکێت)ی لێ لەدایکبووە، باکگراوندی (ساموێل بەکێت)دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەیەکی ئانگلۆئێرلەندی پرۆتیستانت، لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا (ساموێل بەکێت)دەرواتە قوتابخانەی شاهانەی پۆرتۆرا، ئەو شوێنەی کە دوایی بوو بەسەنتەری ئێرلەندای باکور، ئەم قوتابخانەیەش تەرخانکرابوو بۆ ئەو ئالگلۆ ئێرلەندیانەی کە لەچینی ناوەڕاست بوون.

لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ ١٩٢٧، لەکۆلێجی (ترینیتی) لەشاری دبلن بەکێت خۆی سەرقاڵ کردبوو بەخوێندنی زمانە رۆمانیەکان، هەر لەهەمان کۆلێجیشدا بروانامەی بەکالۆریۆسی پێبەخشرا، دوای ماوەیەکی کورت بەوانەوتنەوە لەشاری بەلفاست، لەساڵی ١٩٢٨ بوو بەخوێنەرێکی زمانی ئینگلیزی لە (پەیمانگای باڵای نۆرمال)ی شاری پاریس، هەر لەوێش چاویکەوت بەنووسەری دوورەپەرێزی ئێرلەندی (جەیمس جۆیس)، کە خاوەنی بەرهەمی (ئیلیسیای)ی پڕ مشتومڕو کاریگەری داستانی (ئۆدیسە)یە، هەر بۆیە بەکێت پەیوەندی بەبازنەی کاری جۆیسەوە کرد، بەپێچەوانەی هەموو راپۆرتو وتارەکان، هەرگیز بەکێت وەکو سکرتێرێکی جۆیس کاری نەکردووە، بۆ وەرگرتنی پۆستێک وەکو وانەبێژێک لەزمانی فەرەنسیدا لەکۆلێجی (ترینیتی)١٩٣٠بەکێت گەڕایەوە بۆ ئێرلەندا، بەڵام تەنها دوای مانەوەی لەوێ بۆ ماوەی چوار وەرز دەستی لەکارکێشایەوە، پاشان لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣١ بۆ ماوەیەک دەستیکرد بەگەشتێکی پشووبڕ بەلەندەن، لەساڵی ١٩٣٧ بەکێت بڕیاریدا لەپاریس ئۆقرە بگرێت، هەروەها وای دەبینی کە ئەو دەتوانێ‌و رێگەی پێدەدرێت کە لەوێ بمێنێتەوە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەکێت لەوڵاتێکەوە هاتبوو کە بەشدارینەکردبوو لەشەڕی جیهانی دووەمداو بەبێلایەنی مابووەوە، بۆیە بەکێت تەنانەت هەتا ئەو کاتەش لەپاریس ژیانی بەسەر برد کە فەرەنسا داگیرکرا لەلایەن هێزی نازیەکانەوە لەجەنگی جیهانی دووەم، هەر لەوێش لەساڵی ١٩٤١ پەیوەندیکرد بەگروپێکی دژو ئۆپۆزیسیۆن، لەلایەکی ترەوە لەساڵی ١٩٤٢ بەکێت هەواڵی دەستگیرکردنی هاوڕێکانی بیست لەلایەن هێزی نهێنی (گێستاپۆ)ەوە، کە گروپێکی سەربازی میلیشیای حیزبی نازیەکان بوون، بۆیە دەستبەجێ خۆی شاردەوەو لەکۆتایشدا توانی خۆی بگەیەنێتە ناوچەیەکی داگیرنەکراوی فەرەنسا، هەتا ئازادبوونی فەرەنساش لەدەستی داگیرکەران، بەکێت وەکو کرێکارێکی کشتوکاڵی خۆی نیشاندەداو پشتگیری ئەو چینەی دەکرد، لەساڵی ١٩٤٥ بەکێت گەڕایەوە بۆ ئێرلەنداو وەکو خۆبەخشێک لەرێکخراوی مانگی سوور کاری کرد، دوای ماوەیەک دووبارە گەڕایەوە بۆ فەرەنساو لەوێ وەکو وەرگێڕێک لەنەخۆشخانەی (سەینت-لۆ)ی سەربازی دەستبەکار بوو، لەزستانی ساڵی ١٩٤٥ گەڕایەوە بۆ پاریس‌و لەوێ بۆ بەرگەگرتنی لەکارەکاندا خەڵاتی (خاچی شەڕ)ی پێ بەخشرا.

**کارە سەرەکیەکانی (ساموێل بەکێت):**

لێرەدا ئەو قۆناغە پڕ لەکارو بەرهەمە ئەدەبیە پڕ بەهرەمەندیەی بەکێت دێتە بەردەستی خوێنەر کە مایەی سەرسوڕمانە لەماوەی ژیانی نوسەردا، لەوانە دوو لەبڵاوکراوەکانێتی کە پێشی شەڕ دەکەوێتو ئەم بڵاوکراوانەش دوو وتارن کە یەکێکیان لەسەر (جەیمس جۆیس)ە، ئەوی تریشیان لەسەر رۆماننووسی فەرەنسی (مارسڵ پروست)ە، هەروەها کارێکی تری بەکێت بڵاوکراوەیە ساڵی (١٩٣٤) کە ناوی (زیاتر ئازار لەچاولێدان) کە پێکهاتووە لەدە چیرۆکو داستانی رۆشنبیرێکی ئێرلەندی کە ناوی (بێلاکە شوا) یە دەگێڕێتەوە، ئەو کچەی دەیەوێت مارەی ببڕێت بەجێدەهێڵێتو پاشان وەکو برینپێچێک لەپەمانگایەکی ئەقڵیدا دادەمەزرێت، هەروەها بەکێت هەر لەساڵی ١٩٣٨یشدا، توانی بەرهەمێکی تری بڵاوبکاتەوە ئەویش رۆمانی (مۆرفی) بوو، دوای ئەم قۆناغە بەکێت دوو بەرهەمی شیعری بڵاوکردەوە (١٩٣٠) کە سەبارەت بەفەیلەسوفی بەناوبانگ (رێنیە دیکارت) بوو بەناوی (هۆرۆسکۆپ)، پاشان کۆمەڵێکی تری بەرهەمەکانی بەچاپگەیاند لەساڵی (١٩٣٥)و جگە لەکۆمەڵە کورتە چیرۆکو نامەی شیعری بڵاو و رێکنەخراو لەهەمان ساڵدا، لەناوەڕاستی ١٩٣٠دا، بەکێت رۆمانی (خەونێکی جوان بۆ ژنانی هێمن)ی نووسی، هەرچەندە ئەو رۆمانە بەتەواونەکراوی مایەوەو هەتا ١٩٩٢ بڵانەکرایەوە.

ئەو کاتەی کە بەکێت لەپەناگایەکی فەرەنسی لەترسی هێزە نازیەکان خۆی حەشار دابوو، رۆمانی (وات)ی نوسی کە لە (١٩٥٣) چاپکرا، کاتێک کە بەکێت دەگەڕێتەوە بۆ پاریس لەنێوان (١٩٤٦-١٩٤٩)، لێرەدا چەند بەرهەمێکیتر دەنوسێت وەکو چیرۆکی پەخشان ئامێزی (مۆلۆی ١٩٥١)، هەروەها چیرۆکی (مالۆن دەمرێت ١٩٥١)و چیرۆکی (ناولێنەنراو ١٩٥٣)، پاشان دوو بەرهەمی شانۆیی کە ئەوانیش شانۆی بڵاونەکراوەی (ئیلۆسۆریا)، کە لەسێ دیمەن پێکهاتبوو، لەگەڵ شانۆی (لەچاوەڕوانی گادۆدا) نووسی.

هەتا ساڵی ١٩٥١ ئەم بەرهەمانەی بەکێت رووناکی بڵاوکردنەوەیان نەبینی، هەروەکو (سوزانا دیشیفۆز دەمسنێل، کە پاشان دەبێ بەهاوسەری نووسەرو بوو بەهاوڕێی ژیانی نووسەر)، دوای چەندەها رازینەبوونو رەفزکردنەوە لەلایەن چاپەمەنی بڵاوکەرەکانەوە، توانی سەرکەوێتو رۆمانی (مۆلۆی) بڵاوبکاتەوە، دوایی ئەم کتێبەش نەک لەڕووی داراییەوە قازانجێکی گەورەی کردو سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵکو بەگەرموگوڕیەکی زۆرەوە لەلایەن رەخنەگرە فەرەنسیەکانەوە پێشوازی لێکرا، هەر هەمان چاپەمەنی توانی دوو رۆمانەکەی تری بەکێت لەگەڵ شانۆنامەی (لەچاوەڕوانی گادۆ)دا بەچاپ بگەیەنێت، کە شانۆنامەکە لەسەر شانۆیەکی بچووکی (بابیلیۆن)ی پاریس سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری پەیداکرد، لەساڵی ١٩٥٣ ناوبانگی جیهانی بەکێت دەستیپێکرد، ئەمەش وایلێکرد کە بەردەوامبێت لەنووسینەکانی، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوەیکی لەسەرخۆ نەک وەکو ماوەی پێش جەنگ کە بەشێوەیەکی پەلەکاری لەسەر نووسینەکانی دەکرد، زۆربەی شانۆنامەکانی کە دەینوسین بۆ سەر تەختی شانۆو رادیۆکان بەکاردەهاتن، هەروەها ئەو کارانەی کە بەشێوەی پەخشان دەینووسین قەبارەیەکی گەورەی لەمێشکی بەکێتدا داگیر کرد.

بەکێت بەردەوام بوو لەسەر ژیانی لەپاریسدا، بەڵام زۆربەی کارەکانی لەخانوویەکی بچووکدا دەنووسی کە لە دۆڵی (مارن) بوو، ئەم ناوچەیە کەوتبووە دەرەوەی پاریس، هەموو خۆتەرخانکردنی بەکێت ئەوە بوو کە کارێکی ئەدەبی دوور لەخۆدەرخستنو دەرکەوتنو پاکو بێگەرد بکات، چونکە هەمیشە خۆی دوور دەگرد لەدەرکەوتنی لەتەلەفزیۆنو رادیۆکانو نەیدەویست کەس چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازبکات، نمونەش بۆ ئەمە ئەوە بوو کە کاتێک لەساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، ئەو داواکەی رەتکردەوە کە گەشتێک بۆ ستۆکهۆڵم بکات بۆ ئەوەی خۆی دوور بگرێت لەوتاری مەراسیمەکەداو لەبەرچاوی خەڵک نەبێت.




# شیعر وەکو پەرە کاغەزێك وایە

## ناسر حیسامی بۆ دەستوور

سازدانی: ئەنوەر حسین
بەشی دووەم

**بێگومان لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی کوردیدا، هەر کات باس لە ناسر حیسامی بکرێ، کوت و پڕ و بێ یەک و دوو دەکەوینەوە یاد وەرگێڕانی شیعرەکانی ئەحمەد شاملوو گەورە شاعیری ئێرانی لە لایەن ئەم وەرگێڕ و شاعیرە بە تواناوە. وەک ئەوەی لە زەینی ئێمەدا شاملوو و ناسری حیسامی بووبێتن بە ئاوڵدوانەی لێک جیا نەبووەوە. لە وتووێژێکی تایبەتدا ناسر حیسامی باسی لە ئەزموونی ئەدەبی و وەرگێڕانی خۆی کردووە. هەروەها باسی لە روانگە و تێڕوانینی خۆی کردووە بۆ ئەدەب.**


ناسر حیسامی

**دەستوور:** وەرگێڕانی شیعر کارێکی سەختە، چونکە شیعر زیاتر ئیحساسە، گرانە وەرگێڕ بتوانێت ئەو ئیحساسە بگوێزێتەوەو بیگەیەنێت، زۆر لەئەدیبانو رەخنەگرانو وەرگێڕانی شیعر بەغەدرێکی گەورە دادەنێن، چونکە پێمواپە لەگەیاندنی ئەو ئیحساسەدا وەرگێڕ سەرکەوتوو نابێت.

**ناسر حیسامی:** من پێموانییە وەرگێڕانی شیعر کارێکی خراپ بێت یا غەدربێت، ئەحمەدی شاملو بۆ خۆشی شیعری زۆر وەرگێڕاوە، شیعری مارگۆت بیگلی وەرگێڕاوە، من پێمواپە وەکو وەرگێڕانیش چاوی لێبکەیت بەراستی شاکارە.

**دەستوور:** ئەو فاکتەرانە چین کەوایان لەتۆکردووە کاریگەری زۆری شیعری شاملوت لەسەربێت؟

**ناسر حیسامی:** ئاخر کاریگەری شیعری شاملو هەر لەسەر من وانییە، من لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەشدا لەشوێنێکی دیکە، وەڵامم داوە، هەندێ کەس هەن لەبواری کارەکەی خۆیاندا جێگەیەکی دیار پەیدا دەکەن، تۆ ئێستا لەوانەیە لەکەسێک پرسی، بۆ کاریگەری شیعری شێرکۆ بێکەست لەسەرە؟ لەبەر ئەوەی شێرکۆ بێکەس ئێستا دیارترین سیمای شیعری کوردیە، ئەو دەورەیە بۆ کاریگەری شیعری شاملو زۆرە لەسەر منو لەسەر زۆر کەسی دیکە، لەبەرئەوەی شاملو دیارترین سیمای شیعری هاوچەرخی فارسییە.

**دەستوور:** ئایا ئەو ژانو ئازارانەی شاملو بەواقیع ئەزموونت نەکردووە؟

**ناسر حیسامی:** با زۆربەیان ئەزموونی منیشن، ئاخر رەمزی ئەو پێشوازیەی لەشیعری شاملو دەکرێت هەر ئەوەیە، شاملو قسەیەک دەکات قسەی خەڵکێکی یەکجار زۆرە، قسەی دڵی زۆر کەسە.

**دەستوور:** دیارە شاملو قسەی دڵی تۆی کردووە؟

**ناسر حیسامی:** قسەی دڵی منو قسەی دڵی خەڵکێکی یەکجار زۆری دیکەش، خۆمن ناتوانم بڵێم ئەو جۆرەی من تێگەیشتووم دەکرێت شیعری شاملو هەر ئاوا تێبگەیت، نەک بەهەر شێوەیەکی دیکە من ناتوانم ئەوە بڵێم لەوانەیە من شیعرێک بخوێنمەوە جۆرێک تێبگەم، تۆ جۆرێکی دیکە تێبگەیت، کەسێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە لێی تێبگات، شاملو بۆ خۆی دەڵێت: (شیعر وەکو پەرە کاغەزێک وایە، ئەگەر لێت پرسن پەرە کاغەزێک چۆنە؟ پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتۆ لەکام لاوە چاوت لێکردبێت) زۆر پەیوەندی بەوەوە هەیە لەچ روانگەیەکەوە چاو لەشیعرەکە بکەی ئەوە لەزۆر شیعری شاملودا هەیە، خۆشی دەڵێت "من هەوڵدەدەم دەنگبێژی خەمەکانو شادیەکانو هیواکانی خەڵکەکەی خۆم بم، من قسەی ئەوان بکەم"، دەڵێت من ژانی هاوبەشم، شاعیری شەقامەکانم، شاعیری هیوای پەنجەرەکانم، کەم شیعری شاملو هەیە کەئەوەندە تایبەت بەخۆی بێت کە من نەزانم ئەوە باسی کام مەسەلە دەکات، زۆربەی زۆری شیعرەکانی شاملو لەوانەی کە دەتوانێت قسەی هەموو کەس بێت.

**دەستوور:** ساڵی (١٩٨٦) کتێبی (تاشکۆفەی سوری کراسێکت) وەرگێڕا، پێمواپێت یەکەم کتێبی چاپکراوت لەبارەی شیعرەکانی شاملووە، چۆن چۆنی ئەو کارەت دەستپێکرد تاچەند سەرکەوتوو بویت، بەقەناعەتی خۆت؟

**ناسر حیسامی:** ئەو کارە من لەپێشدا بەینم لەگەڵ شیعری شاملو زۆر نزیکنەبوو، کاتێک لەنێوەی قەفەزەی کتێبدا شیعری شاملوم دەدیت بەشێوەیەکی تایبەت سەرنجی رانەدەکێشام کەئەوە بێنم بیخوێنمەوە، تا ئەو کاتەی کە یەکەمین کاسێتی شیعرەکانی ئەحمەد شاملوم بیست بەدەنگی خۆی، (کاشفانی فروقەتی شوکران)، لەچەند کۆڕو کۆمەڵی ئەدەب دۆستانو شاعیرانو قسەی لەسەر دەکرا، ئەو وەختە هەم زۆر سەرنج بۆ لای دەنگی راکێشا، بۆلای شێوەی خوێندنەوەی شیعرەکانی، بۆلای پڕ ناوەڕۆکبوونی شیعرەکانی، بەتایبەتی دوای ئەوە کە زۆربەی قسەی لەسەر دەکرد، بۆ لای ئەوە کە شیعرەکەی هەمەلایەنەن، تۆ هەر جارەی قسەی کەسێک دەبیستیت، رووکارێکی تازەی شیعرەکەیت بۆ دەردەکەوێت، دەتوانم وەک تایبەتمەندیەکی ئەوەی وەکو ئەوەی لەشیعری حافزدا هەیە، چەند سەدساڵە شیعری حافز دەخوێنرێتەوە هەتا ئێستاش تۆ کە دەیخوێنیتەوە هەست دەکەیت شتێکی تێدابوو، کە جارەکەیتر نەتخوێندۆتەوە، هێشتا پەیت پێ نەبردبوو، بەهەرحاڵ دوای ئەوە کە من شیعرەکانی شاملو لەزمانی خۆیەوە بەدەنگی خۆی بیست، زیاتر سەرنجم بۆ لای راکێشا، لەپێشدا دوو شیعریم وەرگێڕا یەکێکیان (تەنگانە) بوو.

(دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن
نەکا رۆژێک وتبێت خۆشم دەوێی)

ئەوە یەکەم شیعر بوو دوای (منداڵانی نێو قوڵکەکان) بوو دوای ئەوە شتێکی دیکە بوو کە کراوەتە گۆرانی ئێستا لەبیرم نەماوە کێ کردی بەگۆرانی کوردی، ئەوانەم کرد بەکوردی، چەند کەسێک لەدۆستو برادەرو ئەوانە دیتیان پێیان باش بوو، درێژەم پێدا دوایی لەکۆڕێکدا شیعرەکانم خوێندەوە، زانیم تارادەیەک سەرکەتوو بووە، درێژەم پێدا تا ئەو کاتەی کۆمەڵە شیعری (تاشکۆفەی سوری کراسێک) ئامادەبوو، بەڵام لەدوای ئەویش هەتا ئێستا، رەنگە نزیکەی چل شیعری دیکەی شاملوم کردبێت بەکوردی.

**دەستوور:** بەس لەکتێبێکدا چاپنەکراون؟

**ناسر حیسامی:** نەخێر

**دەستوور:** بۆچی؟

**ناسر حیسامی:** نازانم لەبەر ئەوەی بەشێکی کاری سیاسی دەرفەتێکی ئەوتۆم بۆ ناهێڵێتەوە، کەبەکاری ئەوە رابگەم، یان لەساڵانیکی زۆردا وابووە، بێجگە لەوەش ئەم ساڵانەی لەدەرەوە بووم کاری ئەدەبیم تارادەیەک کەوتبووە پەراوێزەوە، بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی ژیانی ئەوێ.

**دەستوور:** لەسەر کتێبی (تاشکۆفەی سوری کراسێک) لەگۆڤاری (وان) ساڵی (١٩٩٢) (جەعفەر شێخ ئیسلامی) رەخنەی لێگرتووی‌و چەند دەقێکیشی هێناوەو بەراوردی کردووە، دواتریش وەڵامت داوەتەوە، لەرووی وەرگێڕانو زمانەوە، تاچەند ئەو رەخنەیەت قبوڵ بوو، چەندە رەخنەکانی جدی‌و واقیعی بوون؟

**ناسر حیسامی:** هەموو ئەو خاڵانەی کە ئەو باسیکرد، من وەکو یەک چاو لێناکەم، هەندێک خاڵی تێدابوو هەر ئەو کاتە لەوەڵامدا وتمو تێبینی باش بوو، یارمەتی دەربوون بۆ من، هەندێ شتیشی هەبوو کە ئەوەی من بۆی چووم نزیکترە، لەشیعرەکەی شاملو، ئەوەی کە ئەو وتویەتی پێوابوو تەعبیرێکی دوورترە، تێبینی باشو یارمەتی دەری تێدابوو هەندێکی لەگەڵ رایەکانی نەبووم.

**دەستوور:** قسەیەک هەیە هەندێک پێیانوایە خەڵک لەشیعرەوە دەچن بۆ سیاسەتو دوایی بۆ فکرو فەلسەفە، پێچەوانەکەشی راستە، کە ئەمەیان سەرکەوتووترە تۆ لەئەدەبیاتو شیعرە چووی بۆ سیاسەت، یا لەسیاسەتەوە هاتیتە ناو ئەدەبیاتو شیعر؟

**ناسر حیسامی:** بۆ من لەو ساڵانەدا کەباس کرا هاوشان بەرێوەچوو یانی هاوکات، کاری سیاسی‌و حزبیم کردووە، هەم کاری هونەری‌و ئەدەبی.

**دەستوور:** ساڵی چەند؟

**ناسر حیسامی:** من لەساڵی (١٩٨٠) ەوە هەڵسوڕانی سیاسیم دەستپێکردووە، هەڵسوڕانی ئەدەبیشم بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەساڵی (١٩٨٣-١٩٨٤)وە دەستپێکردووە.

**دەستوور:** پێشتر باسی ئەوەت کرد کە وتت سیاسەتو تاراوگە زۆرشتیان لەکیس داوم، ئەگەر وایە بۆ وازناهێنیت لەهەردووکیان؟

**ناسر حیسامی:** لەبەرئەوەی هیچ کامیانم بەدڵخواز هەڵنەبژاردووە، لەبەرئەوەی نەتاراوگەم بەدڵخوازی خۆم هەڵبژاردووە، نەکاری سیاسی‌و حرفەیی، بەم شێوە کە ئێستا ئێمە دەیکەین کاری پێشمەرگانەو کاری حیزبی پڕوپڕ تەواو وەخت، ئەگەر من لەکۆمەڵگایەکدا ژیابام ئیمکانی ئەوە هەبووایە خەڵک بەئازادی قسەی خۆی بکات، وەکو زۆر کۆمەڵگەی دیکەی ئێستا مەرج نییە مرۆڤ بەتەوایش تێیدا رزگار بووبێت، بەڵام لانیکەم مرۆڤ دەتوانێت قسەی خۆی بکات، هزرو بیروباوەری خۆی دەربڕێت، دەتوانێت لانیکەم پێداویستیەکانی ژیانی بەهرەمەندبێت، دەتوانێت لەلانیکەمی دەواو دەرمان بۆ منداڵەکەی ئەگەر نەخۆشکەوت بەهرەمەند بێت، ئەگەر من لەکۆمەڵگەیەکی ئەوهادا ژیابم خەڵکەکەی من لەکۆمەڵگایەکی ئاوهادا ژیابایە، مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەی من هێندە لەژێر چەپۆکی داگیرکاری‌و فشارو زۆرو سەرکەوتو برسیەتی‌و هەژاری‌و ئاوارەیی‌و کیمیابارانادا نەبوایە، رەنگە منیش کاری سیاسیم بەو شێوەی ئێستا دەیکەم هەڵنەبژاردایە، ئەو کاتە منیش بەفەرمانێکی ئاساییتر بۆ هونەر کاری خۆمم دەکرد، ئەو کاتە منیش وەکو نووسەر شاعیرێکی لەزۆر کۆمەڵگەی دیکەشدا هەن‌و کاری خۆیان دەکەن، بەڵام پێویستیەکانی خەبات لەو کۆمەڵگەیەدا کەمن تێدا دەژیم، خەڵکەکەی من، جەماوەری وڵاتەکەی من تێدا دەژی، وایکردووە من بەناچاری خەباتی سیاسیش کە ئێستا بەو شێوەیەش دەیکەم هەڵبژێرم، تاراوگەش هەموومان دەزانین، بۆ هیچ کام لەئێمە سەفەرێکی دڵخواز نەبوو، لەوڵاتی خۆماندا رێگەی هەڵسوڕانو قسەکردنو چالاکی سیاسی‌و تەنانەت چالاکی هونەری‌و ئەدەبی ئازادانەشمان پێنەدراوە، هەر بۆیە ئەوانەی کە پەرەتەوازەبوون ملوێنان کەس لەئێرانو لەکوردستان هیچ کامیان بەدڵخوازی خۆیان تاراوگەی هەڵنەبژاردووە، هەڵبەت منیش یەکێکم لەوانە.

**دەستوور:** ئەگەر سیاسەت واقع سەپاندبێتی بەسەرتدا بۆ خزمەتکردن بەمەسەلەی ئینسانی‌و نەتەوەیی گەلی کورد، پێتوانییە رۆشتن بۆ تاراوگە راکردن بوو لەواقیعی ئەو کاتەی کوردستان؟

**ناسر حیسامی:** رەنگە بکرێت پێی بڵێت راکردن، بەڵام ئەمە ناتوانیت، بەبڕوای من تەوزیفێکی دروستبێت بۆ هەلومەرجێک، ملوێنەها کەسی ناچارکردووە ئەو رەوە بکات، ژمارەی تێکۆشەرانی سیاسی، یان هەڵسوڕاوانی ئەدەبی‌و هونەری‌و رۆشنبیری لەدەرەوە دەژین‌و لەتاراوگە دەژین، یەکو دوو نیین، مرۆڤ دەبێت پێوەرێکی هەبێت، بۆ ئەوە، بۆچی ئەم جەماوەرە بەرینە کەژمارەیان ملیۆنەها کەسە ناتوانن لەوڵاتەکەی خۆیان بژین، ناچارن تەنانەت بۆ ژیان، تەنانەت بۆ هەڵسوڕانێکی ئاسایش ناچارن رووبکەنە وڵاتانی دەرەوە، هەروەک بۆم باسکردی وڵاتی ئێمە وڵاتێکی داگیرکراوە خەڵکێکی زۆر لەسەر ژیانو ماڵی خۆیان راونراون، جەماوەرێکی زۆر کوژران، من لەوڵاتێک ژیاوم کە بەهەزاران کەس لەزیندانەکانیدا لەسێدارەدراون، بەهەزاران کەس لەسەر ماڵو حاڵی خۆیان ئاوارەبوون، لەهەر جێگەیەکی کوردستان بڕوانیت، ئەوە هەلومەرجی ژیانی رۆژانەی خەڵک بووە.

**دەستوور:** یەکەم کاری ئەدەبیت، یەکەم شیعرت، کەی بڵاوکردەوە؟

**ناسر حیسامی:** بڵاوکردنەوەی شیعر پێمواپە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەشتاکان، (١٩٨٣-١٩٨٤) ئەو ساڵانە بەراستی لەبیرم نییەچ ساڵێک، بەڵام نووسین دەگەڕێتەوە بۆ زووتر، هەر ئەو کاتەی لەخوێندنگا دەمخوێند زۆر جار شتمنووسیوە، بەڵام ئایا ئەوانە هەر ئەو کاتە دەکرێت پێم بڵێت بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی یان نا ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وەکو نووسین لەزۆر زووترەوە دەستمپێکردووە، وەکو چاپو بڵاوکردنەوە لەگۆڤارێکدا نیوەی یەکەمی هەشتاکانە.

**دەستوور:** (کۆمەڵە) فاکتەرێکی سەرەکی بوو، تۆ ناسری حیسامی بەخەڵک بناسێنێت؟ یا ناسری حیسامی خۆی؟

**ناسر حیسامی:** من نازانم ئەگەر لەگەڵ (کۆمەڵە) نەبوایەم، ئەگەر ئەو رێگایەم هەڵنەبژاردایە، ئێستا لەکوێ بوومو چارەنوسم چی بوو، دەکرێت ئەو پرسیارە لەزۆر کەسی دیکەشی بکەی، کە ئەگەر وەک ئێستا نەبوایەی چۆنی دیکە دەبووی؟ من بەراستی ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە وەک ئێستا نەبوایەم چۆنی دیکە دەبووم، لەهەرحاڵدا کۆمەڵە بۆ من فێرگەیەک بوو، لەکۆمەڵەدا ئەو کاتە سەرەتای هەڵسوڕانمان، کۆمەڵە ناوەندی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەشاعیرو نووسەرو رۆشنبیرانو هونەرمەندانو خوێندکارانو کۆڕو کۆبوونەوەکانی ناو کۆمەڵە زۆر بابەتی تێدا دەهاتە گۆڕێ هەر لەبابەتی سیاسیەوە تا لێکۆڵینەوە لەشیعرو لەئەدەب، بۆیە بۆ من بەڕاستی تەنها هەر شوێنێکی چالاکی سیاسی نەبوو، بەڵکو ناوەندێکی گەرموگوڕی فێربوونیش بوو، ناوەندی زۆر تاقیکردنەوەو ئەزموون بوو ناڵێم هەموو ئەوەی بوومان هەمیشە هەر دروستبووەو من ئێستا نامەوێت بڵێم ئەوە قوتابخانەیەکەو دەبێت هەموو کەس لێی فێربێت، هەموو ئەو شتانەی ئێمە بوومانە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لێی بڕوانێت دەبێت ئێستا هەمووی قبوڵبکەیتەوە، بەهەرحاڵ ئەزموونی زۆربەنرخی تێدابوو کە من زۆر ئەزموونی ژیانی تیدا فێربووم.

**دەستوور:** پەشیمان نیت؟

**ناسر حیسامی:** نابەهیچ شێوەیەک.

**دەستوور:** ساڵی (١٣٦٤) واتە ساڵی (١٩٨٥) زاینی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستانتان دروستکرد، لەپەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، ئامانج پەرەپێدانی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پرۆلیتاریایە، ئەم بیروبۆچوونە ئەدەبیاتی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی شۆڕشگێرانە کاریگەری لەناو بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵە زۆر بەرچاو رەنگی داوەو دواتریش چەند، کێشەی لەسەربوو لەگۆڤاری پێشەنگی پاشکۆ ژمارە (١٢) رەخنە لەسەر ئەوە هەیە کەئەدەبیاتێکی ناسیونالیستی هاتۆتە ناو هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پێشڕەوەو (رێبوار)باس لەوە دەکات، جەنابت لەوێدا وەڵامت پێداوەتەوە؟ لەکاتێکدا هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بۆ ئێوە سەرەتایەکی گرنگ بوو، بۆچی تەنها هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری بۆچی لەژێر ئەو کاریگەریەدا؟

**ناسر حیسامی:** ئەوە ئەزمونێک بوو ئێمە پێیدا تێپەڕین، ئەوکات ئێمە کارمان دەکرد لەو (کانوون)ەدا هیچمان خاوەنی ئەزموونو ئەزموونێکی دوورو درێژنەبووین، خەریکی تاقیکردنەوەبووین، لەبواری سیاسیدا هەندێک قسەمان هەبوو، هەندێک بۆچوونمان هەبوو رێبازێکمان هەبوو کە پێمانوابوو شتێکی نوێی هێناوەتە کوردستان، هەوڵماندەدا هاوتای ئەدەبی ئەوەش بدۆزینەوە، هاوتا هونەری‌و ئەدەبیەکەی بدۆزینەوە، بزانین دەبێتەچی، هەر ئەو رێبازە نوێیە، ئەو کات پێمانوابوو ئەوە دەکرێت پێی بڵێن هونەری کرێکاری یا دەکرێت پێی بڵێت، هونەری شۆڕشگێرانە، لەجێگەیەکی دیکەش بۆ نموونە، ئەوکات لەو سەردەمانەدا هونەری موقاوەمەت هەبوو یا ئەدەبی بەرگری هەبوو، ئەوە هەوڵدانێک بوون بۆ پێناسەکردنی ئەو رێبازە تازەیەی خەڵک خەریکبوو تاقیدەکردەوە، نەوەیەک لەئێمە خەریکبوو تاقیماندەکردەوە، وتم ئێمە پێمانوابوو لەبواری سیاسیدا قسەمانپێیە رەنگە هەندێ کەس ئەوەی پێیقبوڵ نەبووبێت، بەڵام پێمانوابوو لەبواری سیاسیدا قسەی تازەمانپێیە، پێمانوابوو رێبازێکی تازەن کە پێشتر لەکوردستان پێشینەی نەبووە، پێیانوابوو رەچەیەکی تازەین لەبواری سیاسەتی کوردیدا لەکوردستان، هەوڵماندەدا هاوتای ئەدەبی‌و هونەری ئەوەش بدۆزینەوە، پێمانوابوو، ئەدەبی کرێکاری ناوێکە بۆئەوە، دواتر هەروەک وتت هەندێ موناقەشەی لەسەربوو، هەندێک لەئێمە هەر ئەو کاتیش کەسانێک بۆچوونیان وابوو ئەمە زۆر بەربەستو مەحدودیەت دروستدەکات.

**دەستوور:** تۆ یەکێک بوویت لەوانە؟

**ناسر حیسامی:** من یەکێک لەوانە بووم کە زۆرجار پرسیارم هەبوو، زۆرجار موناقەشەم هەبوو، ناڵێم ئەوکاتیش هەروەکو ئێستا بیرم دەکردەوە، بەڵام ئەوکاتیش نەک هەرمن، زۆربەمان لەوە دەگەڕاین کە بزانین، ئایا ئەو شتەی کە هەڵمان بژاردووە، وەڵامی هەموو ئارەزو و ویستەکانی ئێمە دەداتەوە یان نا، خەڵکی جۆراو جۆر بیری دەکردەوە، هەمووکەس وەڵامێکی یەکسانی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو، سەرئەنجام لەمناقشەی ئەوانەدا دواتر لەباری سیاسیشەوە رێگەمان لەیەک جیابووە، بۆیە ئەو کەسانەی لەکانوونی هونەری کرێکاری کوردستاندا کارمان دەکرد رێگەمان لەئەدەبو هونەریشدا لەیەک جیابوو.

**دەستوور:** هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان، بەبۆچوونی من جیا لەوەی رێچکەیەکی تایبەت بەئەدەبی‌و کرێکاری گرتبوو، لەسەردەمی ساڵانی هەشتاکاندا، باشترین رەوتی ئەدەبی بوو لەکوردستانی ئێرانو عیراقدا، کاریگەری گەورەی لەسەر شاعیرانو نووسەرانی هەردوو پارچەی کوردستان هەبوو، بەڵام ئەمە وردە وردە بەرەو لێکترزانو هەڵوەشانەوە چوو، هەموو نووسەرانی‌و هەموو ئەو کەسانەی لەناو ئەو کانوونەو کۆبوونەوە، پەرتەوازەبوون بۆچی؟

**ناسر حیسامی:** هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان، ئەو رووداوانەی دوایی بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هاتو بەسەر ئەو رەوتە سیاسیەدا هات، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چەندجار تووشی جیابوونەوەو ئینشیقاق بوو، ئەوە بەشێکی بوو، ئێمە لەباری سیاسی‌و فیکریەوە لەیەک جیابووینەوە، ئەو کەسانە کە لەکانوونی هونەردا هەموومان پێکەوە کارمان دەکرد، لەباری سیاسی‌و فیکریەوە لەیەک دورکەوتنیەوە، دوای ئەوەش هەلومەرجی سیاسی کورستانیش وایکرد، هەریەکەمان بکەوینە وڵاتێک، تەنانەت ئەو کەسانەمان کەپێکەوە هاوفکریش بووین، نەمانتوانی کاری هاوبەش درێژە پێدەین، بێجگە لەوە ئەو ئەزموونە دەکرا لەهەلومەرجی گۆڕاوی کوردستاندا، لەو هەلومەرجەدا کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو هەر بەهەمانشێوە درێژەی پێدەین، بۆیە هەرکەس بەجۆرێک درێژەی پێدا.

> دوای ئەوە کە من شیعرەکانی شاملو لەزمانی خۆیەوە بەدەنگی خۆی بیست، زیاتر سەرنجم بۆ لای راکێشا

> تاراوگەش هەموومان دەزانین، بۆ هیچ کام لەئێمە سەفەرێکی دڵخواز نەبوو

# جیمز جۆیس

## بناغەدانەری رۆمانی مۆدێرن

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

جیمز جۆیس نووسەری ئیرلەندی دەڵێ کە ساڵی ١٩٠٢ ئەوکاتەی تەمەنی بیست ساڵ بوو، بەهەستی شەهیدو قوربانیی کۆمەڵایەتی، دوبلینی بەرەو پاریس بەجێهێشت تەنانەت پاسپۆرتی وەرنەگرت هەتا بۆ هەمیشە هەستی کۆچەریو قوربانی بوون لەخۆیدا زیندوو رابگرێ. سەبارەت بەمە کتێبێکیشی بەنێوی شاربەدەریی نووسی.

ئەو لەتەمەنی گەنجیدا شاعیر بوو، دواتر کورتە چیرۆکی ریالیستیی نووسیو داوجاریش دەستیکرد بەئافراندنی رۆمان، ئولیسو بەخەبەربوونی فنیگان لەبەنێوبانگترین رۆمانەکانی ئەون، لەپاریس، لەبەر دەستکورتی بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بەلایەنگری سۆسیالیستەکان، ئەگەرچی لە لای دۆستەکانی بەکەسێکی خۆبەزلزانو لەخۆڕازی دەناسرا شانازییەکانیشی کەوتبۆوە سەر زاری هەڤالانی، بەڵام بەردەوام پارەی لەخەڵک بەقەرز وەردەگرت، یان بەفرتوفێڵ ئەم کارەی دەکرد، لەکاتی بێکاریدا بەوتەی خۆی دەچوو بۆ مۆزەخانە کۆنەکانی شار هەتا سەیری پەیکەرەی نیوەڕوتی خواژنەکانی سەردەمای کۆن بکا.

جیمز جۆیس ساڵی ١٨٨٢ لەئێرلەند لەدایکبوو و ساڵی ١٩٤١ لەسویسرا کۆچیدوایی کرد، ئەو بۆ چەندین ساڵ دوور لەزێدی خۆی ژیاو بۆ بەدەستهێنانی بژیو لەماڵان وەکو مامۆستا وانەی زمانی دەوتەوە، چالاکییە ئەدەبییەکانی ئەو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمو کاتی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەستیپێکرد، جۆیس دژی ئەو شێوازە ئەدەبییانەی لەسەردەمای رینیسانسەوە لەئەوروپا ببونە دەنگی زاڵ، دەنگی هەڵبڕیو بەیارمەتیی تەکنیکە ئەدەبییە نائەورووپاییەکان ئەزمونێکی نوێی تاقیکردەوە. دەتوانین گرنگیی داهێنانو نوێخوازیی ئەدەبیی ئەو لەگەڵ نوێخوازیی پیکاسۆ لەشێوەکاریدا بەراورد بکەین.

جۆیس وەکو مارسێل پرۆست بناغەدانەری نوسینی رۆمانی مۆدێرنە، رەنگە ئەگەر ئەو تەنیا کتێبی شاربەدەریی بنوسیبوایە، دیتران بەشاگردی چخۆف- یان دادەنا، بەڵام ئەو فلوبێرتو تۆلۆستۆیو دیکێنزو ئیبسۆنی بەمامۆستای ئەدەبیی خۆی دەزانی، گرنگی ئەو بۆ ئێرلەند وەکو بایەخی ئیبسۆنە بۆ ئەدەبیاتی نیشتمانیی نەرویج، جۆیس بۆ لایەنگرانی بزووتنەوەی ئەدەبی پێشەنگ پاڵەوانێکی پێشڕەو و پێرۆزێکی ئەدەبییە، دەستپێکردنی چالاکییە ئەدەبییەکانی هاوکاتبوون لەگەڵ گەشەی ئەدەبیاتی پێشەنگ لەئەوروپا، جۆیس دەڵێ: دنیا دەمامکێکی لەسەر دموچاوی خۆی داوەو ئەرکی ئەدەبیاتیش لابردنی ئەو دەمامکەیە، تەنیا ئەدەبیاتە کە بۆ ئەزموونکردن بوار بەمرۆڤ دەدا یاریی بەزمانو وشەکان بکا، رەنگە ئەمەیان یەکێک بێ لەو هۆکارانەی کە جۆیسی لەنێو لایەنگرانی ئەدەبیاتی پێشەنگدا خۆشەویست کردبێ.

جۆیس هەر وەک شکسپیر زۆرجاران دەپەرژێتە سەر بابەتی خیانەت، پاڵەوانی بەرهەمەکانی هەر وەک خودی خۆی لەسەردەمای گەنجیدا، هۆگری مێژوو و زمانن، جۆیس دەیەوێ دەسەڵاتو سەرنجڕاکێشیی زمانو وشەکان دەربخا. جۆیس لەرۆمانی ئۆلیس دا هەوڵیدا فۆڕمی رۆماننووسی هەڵوەشێنێتەوەو لەدوایین بەرهەمی واتە بەخەبەربوونی فنیگاندا هەوڵی ئەوە بوو سەرەڕۆیانە زمان هەڵوەشێنێتەوە، ئەو دەڵێ کەسێک کە نەتوانێ لەرۆمانی ئۆلیس تێبگا ژیانیش درک ناکا، دەتوانین کتێبی ئۆلیس بەمۆزەخانەی شێوازە ئەدەبییە سواوەکان بزانین کە هەڵگری خەزێنەیەکە لە داهێنانە ئەدەبییەکان، ئەو لەم کتێبەدا گشت تەکنیکەکانی نووسەریی باوی پێش خۆی بەکارهێناو لەئوستوورەگەلی نێو کتێبە مەزهەبییەکانو بەرهەمی نووسەرانێکی وەک هومێرو شکسپیرو واگنێر سودی وەرگرت، دەتوانین ئولیس بە بەرهەمێکی هونەریی ناتەواو لەقەڵەم بدەینو هەموو کەس بەپێی تواناو سەلیقەی خۆی دەتوانێ راڤەی بکا.

جۆیس لەچاو هەمینگوای کاریگەرییەکی گرنگتری لەسەر بەرەی گەنج دانا، بەرهەمەکانی ئەو هەڵگری جوانی ناسییەکی نوێن، لەیارییەکانی شێوازی نووسەریی ئەو، بۆ وێنە لەکتێبی بەخەبەریی فنیگاندا دەتوانین ئاماژە بکەین بە داهێنانی وشەی لێکدراو کە زیاتر لەسەت پیتن یان لەزمانی ژنێکەوە زیاتر لە٥٠ لاپەڕە دەق بەبێ وەستانو خاڵو فاریزە ئارەزووەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو یان ئاماژە بە ٣٥٠ زێی دنیا دەکا بەو هیوایەی کە بەوتەی خۆی رۆژێک بێتو خویندکارە بودیستییە گوندییەکان، لەبەرزاییەکانی هیمالیاوە، نێوی زێیەکانی وڵاتی خۆیان لەکتێبی ئەودا ببینەنو خۆشحاڵ بن.



# وتووێژ لەگەڵ فەرهاد پیربال

ئا: شەماڵ

**کە باس لە شیعری فەرهاد و روانگەی شیعری فەرهاد پیربال دەکرێ، بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەر شیعرەکانی، کۆمەڵێک شیعرەکانی فەرهاد بە رەوتێکی جیاواز دەزانن هەندێ تریش بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە. لە وتووێژێکی کورتدا کە لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ لەگەڵی سازدراوە، فەرهاد پیربال روانگەی خۆی دەربارەی ئەدەب دەخاتە روو.**

..............................

**دەستوور:** کاک فەرهاد با لەم پرسیارەوە دەستپێبکەم، بۆچی خەڵکێک شیعرەکانی فەرهاد پیربال بەشیعرێکی جیاواز دەزانن، بەتایبەت هەندێک رایانوایە کە شیعرەکانی زۆرتر لەقسەی ئاسایی دەچێت، هەرچەند من خۆم رام وەک خەڵکیتر نیە، بەڵام هۆی ئەمە چیە؟

**فەرهاد پیربال:** نازانم، بەس منیش هاورای تۆم، کە هیچ جیاوازییەکو هیچ ئەساڵەتێکو هیچ تازەییەک لەشیعری مندا نیە.

**دەستوور:** بۆچی گەنجی ئەمڕۆ شیعرەکانی والآ نیە، بۆچی بەگشتی ئاستی بەرهەمەکانی لاوازە؟

**فەرهاد پیربال:** لەبەرئەوەی ئەزموونی کەمە، هەم ئەزموونی ژیان، هەم ئەزموونی فیکر، شیعر دەبێت دوو شتی گرنگی تێدابێت، ژیانو فیکر، ژیانو فیکر لەناو شیعردا، لەحاڵەتێک پەیدا دەبێتو سەرهەڵدەداتو والآ دەبێت، کە ئەو ژیانە تایبەتیو جیاوازە، تۆ ژیابیت، ئەو فیکرە تایبەتیو جیاوازیەت هەبێت، کە گەنجی کورد ژیانێکی جیاوازی نییە، فیکریکی جیاوازی نییە، کە وایە ناتوانێ شیعرێکی جیاوازیش دروستبکات.

**دەستوور:** فەرهاد پیربال رای چیە سەبارەت بەمۆدێرنیتە لەناو ئەدەبیاتی کوردیداو بەواتایەکیتر ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی؟

**فەرهاد پیربال:** مۆدێرنیتە لەکوردستان نیە، پرۆژەیەک بەناوی ئەوەی کە مۆدێرنیزمی هەبێت یان تازەکردنەوە هەبێت، من پێموابێت نیە، کاری بەرنامەڕێژی بۆ نەکراوە، ئەگەر شتێک هەبێت لەچوارچێوەی تازەکردنەوەدا بخولێتەوەو کاری بۆ کرابێت، لەئاستی تاکدایە، لەئاستی چەند رۆشنبیرێکی گەنجدایەو لەئاستی چەند نووسەرێکی دیاریکراودایە، بەڵام پڕۆژەیەک نەهاتووە، نەحکومەت ئەوەی کردووە، نەوەزارەت نەهیچ دەزگایەک، بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو، ئەو کارەی نەکردووە.

**دەستوور:** شیعری کوردی چۆن دەبینی لەئێستایدا، نەک تەنیا گەنج، بەگشتیو بەهەموویەوە، تەنانەت ئەو شاعیرانەی تەمەنێکیان لێ بەسەرچووەو ئێستا لەژیاندان؟

**فەرهاد پیربال:** شیعری کوردی ئاستێکی خۆی هەیە، چێژی خۆی هەیە، تۆ ئەگەر نەزانی شیعر چییەو مەحوی کێیەو چییە، بەختیار عەلی کێیە، نالی کێیە، ئەحمەدی مەلا کێیە، دلاوەرقەرداغی کێیە، دەیان دەنگی دیکەی جوان، ئەگەر نەیانناسی، ئەڵبەت بەسەهوو دەچیو دەڵێی شیعری کوردی هیچی پێنیە بیڵێو رەئی هەڵەو پەڵەتی وا دەدەی، بەڵام ئەگەر ئەوە بناسی، من پێموابێت شیعری کوردی ئەمڕۆ، لەئاستێکی زۆر جوانو گەشاوەی خۆیدایە.

**دەستوور:** زۆرکەس رایان وایە کە شاعیر شێتێکی فەیلەسووفە، یان فەیلەسوفێکی شێتە بەجۆرێکیتری، فەرهاد پیربال رای لەسەر ئەم قسەیە چییە؟


**فەرهاد پیربال:** دەکرێ شاعیرێک هەبێ، فەیلەسووفێکی شێت بێت، دەکرێ شاعیر شێتێکی فەیلەسووف بێت، پێناسە ناکرێ بۆ شاعیرو بۆ شیعر، نەخێر، چونکە دەیان هەزار شاعیر هەن، سەدان ناویان لێدەنرێتو بەسەدان جۆر پۆلێن دەکرێن، من بەشێوەی رەها ناتوانم قسەبکەمو وەڵامبدەمەوە، من پێموابێت هەر شاعیرێکی رەسەن، هەر شاعیرێکی جوان، شتێکە بۆخۆی سەربەخۆ بۆ خۆی، لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی تۆ، دەکرێ جوزئییەن راست بێت.

**دەستوور:** شیعر دەتوانێت چ پەیامێک بگەیەنێت بەکۆمەڵگا؟

**فەرهاد پیربال:** دەکەوێتە سەر شاعیرەکە، شاعیر هەیە پەیامی شتێکە، شاعیریتر هەیە پەیامی لەحنێکی ترە، چەند کۆمپۆسیتۆرو مۆسیقاژەن لەکەون هەن، هەر یەکەو پەیامێکیان هەیە، چەند نیگارکێشو شێوەکار لەم دنیا هەن، هەریەکەو پەیامی تایبەتی خۆیان هەیە جیا لەوەیتر، پرسیاری گشتی بەس بکەین، شاعیر چ پەیامێکی پێیە، شاعیر کێیە، هەزار شاعیر هەیە، دەبێت تەشخیس بکەین، لێمبپرسە بڵێ کامەران موکری پەیامەکەی چی بوو وەک شاعیرێک، شیعریش هەروەهایە، شاعیر کێیەو شیعر چییە، ئەو شیعرو ئەو شاعیرە پەیامی جیاوازەو قسەی جیاوازە، شاعیرێک لەگەڵ شاعیرێکتر، شیعرێک لەگەڵ شیعرێکیتر، دەبێت تەشخیس بکەین، بڵێین مەحوی چۆنە، ئاوا قسەی لەسەر بکەین، ئەوکاتیش من دەڵێم مەحوی سەری لەئاسمانە، نالی چۆنە، نالی سەری لەعەرزە، لەناو واقیعدایە، نالی باسی لەدوگمەی سینە، دوێنێ نوێژی شێوە، باسی سینەو مەمکی مەستوورە خانمی ئەردەڵانی دەکات، لەیەک شیعر، یەک شیعری درێژە، باسی شتی ژیان دەکات، دنیاییە، نالی دنیاییە، باسی کەرەکەی خۆی دەکات، کەرێکم بوو چ کەرێک، باسی حوجرەکەی خۆی دەکات، باسی ئەوە دەکات کە لەئەستەمبوڵ بووە نامەی ناردووە بۆ سالم، عەردییەو واقعییە، بەڵام مەحوی سەری لەئاسمانە، شیعرێکی مەحوی کە دەڵێت:

کە رۆحم تێگەیی تۆ حەز بەدەرچوونی دەکەی، دەرچوو
عاشق ئەبێ کە دیی بێزارە یاری، بێبڕۆ بڕوا

ئەوە پەیامی لەخۆیدایەو زۆر روونە.



د. فەرهاد پیربال

# دەربارەی چیرۆکی مینیمالیزم

ئا: مستەفا

بەشی یەکەم

سامرست مۆوام سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە مرۆڤە سەرەتاییەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوەو ئەو رووداوە سەیرو سەمەرانەیان دەگێڕایەوە کە دیبویان، ئەو سەردەمەی کە سامرست موام بە" تاریکی زەمان" ناوی لێدەبات، سامرست موام دواتر درێژەی ئەم گێڕانەوانە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتیدا بەحێکایەتو گێرانەوەی هەر دەم زیندو و نەمری " هەزارو یەک شەو " دەزانێ. بەڵام سامرست موام لایوایە کورتە چیرۆک وەک ژانێرێکی ئەدەبی بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمە ئەو دەڵێت :" لاموایە تەنها لەسەدەی نۆزدەهەمدا بوو کورتە چیرۆک پەرەی سەند، پەرە سەندنێ کە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم ستایلە ئەدەبییە ببێ بەیەکێک لەفۆڕمە گرنگەکانی ئەدەبی گێرانەوە، چەن سەدە پێشترو لەسەدەی شازدە تا هەژدەی زایینی لەئەورووپا بەو گێڕانەو حیکایەتە نەسریانەی کە کەسایەتییەکانیان یان رووداوەکانیان لەلای خەڵک ناسراو بوون دەوترا "Nove" بەڵام وشەی کورتە چیرۆک short story و پێناسەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣ی زایینی کە لەدیکشنری ئاکسفۆرددا بەفەرمی وەک بەرهەمێکی ئەدەبی بەخوێنەرانی ئینگلیزی زمان ناسێندرا، دەیەی ١٩٦٠ی زایینی بەدەورانی سەرهەڵدانی ستایلێک لەئەدەبی گێڕانەوە دەزاندرێ کە پێی دەوترێ "چیرۆکی مینیمالیزم" ئەم ستایلە هونەرییە هەرزوو توانی جێگای خۆی لەناو بەردەنگەکاندا بکاتەوەو بەوتەیەکیتر رێگای سەد شەوەی بەشەوێک بڕی.

### فۆرمالیسمو دەوری لەسەرهەڵدانی مینیمالیزمدا

رەوتی گشتگیری فۆرمالیسمی رووسی لەسەردەمێکدا کە سووررئالیسم لەگەشەدا بوو و هەروەها دادائیسم لەساڵەکانی کۆتایی خۆی نزیکدەبۆوە هاتە پانتای هونەرەوە، تیۆری دارێژگەلێکی وەک رۆمەن یاکۆبسن، بۆریس ئایخینباوم، ڤیکتۆر شیکلۆڤسکیو تەنانەت گێڕانەوە ناسانێکی وەک تێزۆتان تۆدۆرۆفو کلۆد بێرەمەن کە تا هەنووکەش شوێن پەنجەیان دیارە، دەوری سەرەکیان هەبوو لەگەشەی ئەم شۆڕشە گەورەیەی ئێپێستمۆلۆژیە ئەدەبیەدا، کەڵکەڵەی سەرەکی فۆڕمالیستەکان کا تا رادەیەکی زۆر لەمێژووی ئەدەبیاتی رۆژئاوادا بێوێنە بوو، جەختکردنەوە بوو لەسەر جەوهەرەی دەقی ئەدەبیو گرنگی دانە بەستراتیژی زمانی کە شوناسێکی ئەدەبی دەبەخشێتە ئەدەبیات، فۆڕمالیسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە "خستنە روو" توخمی سەرەکی ئەدەبیاتەو نووسەر بەجێگای ئەوەی هەوڵبدات قسە بکات، دەبێت هەوڵی ئەوە بێت بیخاتە روو و بەوێنای بکێشێ بۆئەوەی ئێمە وێناکان ببینینو ببیستین. هەوڵدان بۆ رۆیشتن بەرەو ئەزموونی نوێ بەدەستهێنانی شێوەی تازە لەدروشمە سەرەکییەکانی فۆرمالیستەکان بوو، هەروەها گرنگی دان بەرۆحی وێنە یەکێکیتر بوو لەدروشمە سەرەکییەکانی فۆڕمالیستەکان کە قسەیەکی تازە نییە، چونکە ئێماژیستە بەریتانیاییەکان ئەم نوێکارییەیان لەشیعردا کردبوو، بەگشتی ئەم روانگە فۆڕمالیستییانە، خوێندنەوەی ئەدەبی لەجیهان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زیاتر لەرابردوو بەرەو پرسگەلێکی وەک فۆڕمو تەکنیک برد، ئەم روانگەیەی کە جەختی لەسەر فۆڕمو تەکنیک دەکردەوە بەستێنی ئامادەکرد بۆ سەرهەڵدانی مینیمالیزم، چەشنێک لەئەدەبیات کە بەپێی فۆڕمو جوانکاری تەکنیکی دەخولقێ، دەربڕنی بابەت لەکەمترین قەبارەداو چوونە ناو قووڵایی زانینو هەستی خوێنەر بەکەڵکوەرگرتن لەوێنا سیمبۆلیکەکانو ئەو لێدانانەی کە هێزی تەکنیکی دەق دەیخەنە بەردەستی نووسەر.



ئێدگار ئالن پۆ



دوو خوێندنگەی شاری سلێمانی بە گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان دەفرۆشرێت

لاپەڕە ٢٣

# ڕاستییەکانی خووی شاراوە!

د. ڕێبوار



بەناو ئەو جیهانەی کە مرۆڤ بەشاراوەیی دەیهێڵێتەوە بەهۆی بیرکردنەوە تەسکەکانی کۆمەڵەوە، ناوێرێت نهێنییەکانی ئاشکرا بکات.

یەکێک لەو بابەتانە بریتییە لەخووی شاراوە (العادە السریە ـ masturbation)، ئەم خووە هەرچەندە دادەپۆشرێت، ئەوەندەش بەربڵاوەو زۆر قسەو ئەفسانەی بەدەوردا دروستبووە، بەتایبەت لەنێوان ڕەگەزی نێرینەدا باسی لێدەکرێت، تەنانەت پیاوانیش دوای ژن هێنانیشیان ئەم خوە دەکەن.

د.عەلی جابر بەغدادی باس لەڕاستی ئەم دیاردەیە دەکات لەنێوان ئەو پیاوانەی ژنیان هێناوە، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پیاوانە لەقۆناغی لاوێتیدا بۆ دامرکاندنەوەی ورژاندنی سێکسیان پەنایان بۆ ئەم خوە بردوەو لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم کارەدا هەر جارێک بەئەندێشەی جووت بوون لەگەڵ کەسێکی مێینەدا کە لەبیرەوەریەکانیدابێت جووت بووە، بەڵام کاتێک کە ژن دێنێت تەنها لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا کاری سێکسی دەکات، دابڕانێک دروستدەبێت لایو ئارەزوو دەکات لەگەڵ کەسێکی جیاتر لەژنەکەی کاری سێکسی بکات، هەر بۆیە دیسان پەنا دەباتەوە بەر ئەم خووە.

**خووەشاراوە چییە؟**

خووی شاراوە بەو حاڵەتە دەناسرێت کە مرۆڤ وروژاندنێکی سێکسی دەخوڵقێنێت لەڕێگەی خودی خۆیەوە بەبێ بوونی هاوەڵ بەمەبەستی گەیشتن بەچێژی سێکسی ئەمەش بە بەکارهێنانی ئەندامە دەرەکییەکانی زاوزێ دەبێت.

**چۆن دروستدەبێت؟**

زۆر لێکدانەوە هەبووە لەسەر چۆنێتی دروست بوونی ئەم خووەو خولیابوونی ئەو مرۆڤە بەو کردارەوە، بەڵام تازەترین لێدانەوە کە زاناکان تارادەیەکی زۆر بەڕاستی دەزانن ئەمەی لای خوارەوەیە:

زاناکان لەو بڕوایەدان کە لەئەنجامی خوێن تێزانێکی درێژ خایەن (احتقان مزمن ـchronic congestion ) لەبەشی پشتەوەی ڕێچکەی میزدا ئەو خووە سەر هەڵدەداو ئەمیش دەبێتەهۆی هەستەوەرێکی بەرز بەتایبەتی لەئەندامی زاوزێی دەرەکی دەرەنجام هەردەست بەرکەوتنێکی ئەندامی زاوزێ دەبێتەهۆی ناردنی زانیاری بۆ مێشک بەمەبەستی دروستکردنی وروژاندنێکی سێکسی، ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات کە لەوانەیە ئەو کەسە تەنها "بیر" یشی لەسێکس نەکردبێتەوە.

**ئایا ئەم خووە تایبەتە بەڕەگەزی نێرینە؟**

لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیبوونی سۆزو وروژاندنی سێکسی لەناواخنی هەر مرۆڤێکدا جا ئەو مرۆڤە مێ بێت یاخود نێر، ئەوا زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێین نەخێر ئەم خووە تایبەت نیە تەنها بەنێرینەوە.

دوور نییە لەڕاستیەوە ئەگەر بڵێین نێرینە زیاتر پەیڕەوی دەکات کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان نزیکەی ٨٠-٩٠٪ی نێرینەکان هەڵدەستن بەم کارە، لەکاتێکدا نزیکەی ٦٥-٧٠٪ لە مێینەکان تەنانەت بۆ جارێکیش بێت ئەوا گەیشتوون بەچێژ وەرگرتنی سێکسی لەخووی شاراوە.

ئەم ڕاستیانە لەکاتێکدا باس دەکرێن کە زۆربەی خەڵک هەوڵدەدەن ئەم کردارەیان بشارنەوە.

شایانی باسە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەم ڕێژانەی ئاشکراکردووە لەوڵاتانی ڕۆژئاوا جێبەجێکراوە، بەڵام کۆمەڵگای خۆشمان بەدوورنیە لەو ڕێژانە ئەگەرچی بڕێک زیاتر یاخود کەمتر بێت لەو ڕێژانە.

**ئایا خوی شاراوە بەنەخۆشی دادەنرێت؟**

خووی شاراوە ڕێگەیەکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە سێکس لەژیانی هەمواندا دروستیدەکات، لەکاتێکدا کە سێکس بەشێکی گرنگە لەخواستەکانو ئارەزووەکانی مرۆڤ کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت هەروەک هەموو کردارە فسیۆلۆژییەکانی تری لەشی مرۆڤ، بۆ نموونە ئادەمیزاد پێویستی بەخۆراک هەیە تاوەکو لەبرسێتی بەدوور بێت بەهەمان شێوە "سێکس"یش.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە خولیابوون بەم خووە لەقوناغێکی تایبەتی ژیاندا کە زیاتر قۆناغی گەنجی پێش هاوسەرگیری دەگرێتەوە بەنەخۆشی دانانرێت، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا کە ناواخنەکەی نیشانەی پرسیار دەخاتە بەردەم کاتو چۆنیەتی بوونی خووی شاراوە بەنەخۆشی؟

بەپێی بیروڕای پزیشکانی دەروونناسو پسپۆڕان لەبواری سێکسدا ئەم خاڵە ڕووندەکەنەوەو دەڵێن:

"ئەگەر خولیابوون بەم خووە لەیەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا کۆبووە، ئەوا دەکرێت ناوی نەخۆشی لێبنرێت:

١ـ ئەگەر هاتوو خولیابوون بەم خووە لەڕادەی سروشتی کەسەکە زیاتر بوو، واتە زیادەڕۆیی تێدا بکات، هەندێک لەلێکۆڵینەوەکان باسلەوە دەکەن کە هەڵسان بەو خووە لەدووجار تێپەڕ بکات لەڕۆژێکدا، نیشانەیەکی ئاشکرایە لەسەر نائارامی دەروونی خاوەنەکەی.

٢ـ ئەگەر هاتوو کەسێک لەژیانی هاوسەریدا بێتو تاموچێژ وەرگرتنی سێکسی لەهەڵسان بەم خووە لای ئەو زیاتر بێت ئەگەر بەراورد بکرێت بەسێکسی ئاسایی کە لەژیانی هاوسەریدا بەڕێی دەکات.

٣ـ ئەگەر هاتوو بەمەبەستی ڕاکردن لەکێشەو توندوتیژی ژیانی ئاسایی، کەسێک ئەم خووە بکاتو خۆشی لێ ببینێت.

بەمپێیە خووی شاراوە دەبێتە "لادانی دەروونی ـ انحراف نفسی" ئەگەر مرۆڤ خۆی بینی دیلی یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە لەسەرەوە باسکران، پێویستی بەچارەسەری دەروونی دەبێت.

**ڕاستییەکی گرنگ!**

زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئەم خووە دەبێتەهۆی جۆرەها نەخۆشی هەروەک (هەڵئاوسانی مێشک یان تەمەڵی، لەبیرچوونەوە، ساردبوونەوە لەکاری سێکسی، نەزۆکی)، بەڵام لە ڕاستیدا خووی شاراوە بە هیچ جۆرێک نابێتە هۆکارێک بۆ ئەو حاڵەتانە بەتایبەتی ئەگەر لەچوارچێوە سروشتیەکەی خۆیدا مایەوەو تەنها بریتی بێت لەڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەچێژی سێکسی بەبێ ئەوەی سنوورەکان ببەزێنێتو بچێتە قاڵبی نەخۆشیەوە، چونکە لەحاڵەتی لادانی دەروونیدا ئەوا دەشێت مرۆڤەکە دووچاری لاوازبوون ببێت لەکاری سێکسیدا، نەک لەبەرئەوەی نەخۆشیەکی جەستەیی هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەروونی ئەو کەسە شڵەژاوەو لەبارێکی نائارامیدا دەژی کە ئەمەش دەیخاتە گێژاوێک کە ژیانی ئاسایی خۆی تیایدا فەرامۆش دەکات.

ڕاستە خووی شاراوە ڕێگەیەکە لەقۆناغێکی تایبەتی ژیاندا کە مرۆڤ پیایدا تێپەردەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستە بێشومارەی بۆ سێکس هەیەتی، بەڵام دەبێت ئەوەندەش توانای هەبێت کە ژیانی تەنها لەو کلێشە تەسکەدا نەهێڵێتەوەو گیرۆدەی دەستی نائارامی دەروونی نەبێت، چونکە مرۆڤ لەوە مەزنترە کە دیلی خوویەکی "شاراوە" بێت.

> ئەم خووە دەبێتەهۆی چەندین نەخۆشی وەکو (هەڵئاوسانی مێشک، تەمەڵی، لەبیرچوونەوە، ساردبوونەوە لە کاری سێکسیو نەزۆکی)

# چارەسەری میللیو گیادەرمان، منداڵان ڕووبەڕووی مەرگ دەکاتەوە

## لەماوەی چوار مانگدا سێ منداڵ بەهۆی چارەسەری میللیەوە گیانیان لەدەستداوە

بیستون فەتاح لەسلێمانی

بەهۆی خراپ چارەسەرکردنو بەکارهێنانی گیادەرمانیو ڕێگای پزیشکی میللی، چەندین منداڵ گیان لەدەستدەدەنو پزیشکانیش نیگەرانن لەزیادبوونی ئەو دیاردەیەو داوا لەدایکانو باوکان دەکەن پەنا نەبەنەبەر ئەو ڕێگایە بۆ چارەسەرکردن.

پزیشکان ئاماژە بەوەدەکەن کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین ڕیپۆرتاژو چاوپێکەوتنی ئەو کەسانەی کەگوایا چەندین جۆری نەخۆشی چاکدەکەنەوە، دیاردەی چارەسەرکردنی "لاکۆڵان"و "چارەسەری میللی" ڕوولەزیادبوونە.

بەپێی وتەی پزیشکانی نەخۆشخانەی منداڵان لەشاری سلێمانی دوو هەفتە بەرلەئێستا منداڵێک لەنەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری سلێمانی بەهۆی چارەسەرکردن بەدەرمانی گیاییو دەرمانی میللی گیانی لەدەستداوە.

لەماوەی چوارمانگدا ئەمە سێیەم منداڵە بەم حاڵەتە گیان لەدەست دەدا.

د.خالید پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان لەشاری سلێمانی وتی"من لەماوەیەکی زۆر کەمدا بینیومە دوو منداڵ پێی مردووە".

د.ئیبراهیم خەسرەو جاف کە دکتۆرای لەنەخۆشییەکانی منداڵاندا هەیەو سەرپەرشتیاری بەشی چاودێری ووردی منداڵانە دەربارەی دیاردەکە وتی"دیاردەی بەکارهێنانی دەرمانی لاکۆڵانو دیاردەی چارەسەری جگە لەدەرمانی پزیشکی ڕوولەزیادبوونە، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لەڕووی زانستی پزیشکیدا هەیە".

د.ئیخلاس نیعمەت بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵانی فێرکاری لەشاری سلێمانی، گلەیی لەو هاووڵاتیانە دەکات کەمنداڵەکانیان دەخەنەبەر چارەسەری نازانستیو بەناو میللیو چارەسەری گیاییو لاکۆڵان.

ئەو بەڕێوبەرە وتی"تا منداڵەکانیان باری تەندروستیان خراپ نەبێت نایەنە نەخۆشخانەو دواتر منداڵەکەیان بەتەواوەتی باری تەندروستی دەشێوێت".

د.ئیخلاس ئاماژەی بەوەدا کە لەبەر کاریگەری خراپی ئەو چارەسەرەی دراوە بەمنداڵ، جاری واهەیە ئەو هەموو



خزمه تگوزارییه ی لەنەخۆشخانە بۆی ئەنجام دەدرێت، "ناتوانین ژیانی منداڵەکە لەچارەسەرکردنە خراپەکانی لاکۆڵانەکە بپارێزین".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵانی فێرکاری سلێمانی ئاماژە بەگیان لەدەستدانی چەند منداڵێک دەکات لەساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەو دیاردەیەوە.

د.خالد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان لەو نەخۆشخانەیە ئاماژە بەوە دەکات کەئەو حاڵەتانەی دێتە لایان زیاتر نەخۆشیەکانی سکچونە کەپەنا بۆ ئەو جۆرە دەرمانانە دەبەن، وتی"دەردەکەوێت کاتێک منداڵەکە دەهێننە نەخۆشخانە باری تەندروستی زۆر خراپەو مەترسی ژیانی هەیەو نزیکە لەمردنەوە".

د.خالد سەبارەت بەهۆکاری گیانلەدەستدانی ئەو منداڵانە وتی"بەهۆی دوو هۆکارەوە بووە هۆکاری یەکەمیان بەهۆی ئەوەی کە درەنگ گەیشتووەتە نەخۆشخانە بەبیانوی ئەوەی چارەسەر وەردەگرێتو منداڵەکە بەردەوام بوە لەسەر مانەوەی حاڵەتەکەیو چاکنەبوونەوەی، دووەمیشیان ئەو مادانەی دراوەتی کە کەس نازانێ چی تێدایە".

لەڕووی زانستییەوە پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی منداڵان دیاردەکە هەڵدەسەنگێننو پێیانوایە تائێستا تاقیگەیەک لەکوردستاندا نییە پشکنین بۆ ئەو دەرمانە گیاییانە بکات.

د.خالد ئاماژەی بەوەدا کە لەڕووی پێکهاتەی ئەو مادانەی دراوە بەو منداڵانە لەتاقیگەیەکی تایبەت پشکنینی بۆ نەکراوەو وتی"تائێستا ئێمە تاقیگەیەکی وامان نیە تا لێکۆڵینەوە بۆ ئەو مادانە بکات تا بزانریت لەچی پێکهاتووە".

د.خالید ڕوونیدەکاتەوە کە لەوڵاتانی تریشدا ئەو مەوادانە هەمووی لەپشکنین دەرناچن بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لەوڵاتی سعودیەدا کرا، زیاتر لە٢٠٠٠ مادەی میللیو گیایی بەکارهێنراوە، بەڵام تەنها ٩٠ دانەیان سەلامەت بوون، کە خەڵک بتوانێت بەکاریان بهێنێتو وتی"ئەوەش نەوتراوە کە بەکاربهێنرێن، بەڵکو تەنها وتراوە کەمەترسیان نییە".

پسپۆڕانی بواری تەندروستی داوا لەدایکانو باوکانو وەزارەتی تەندروستیو حکومەتی هەرێم دەکەن، بۆ پاراستنی گیانی ڕۆڵەکانیان هەوڵی کەمکردنەوەی دیاردەکە بدەن.

د.ئیبراهیم خەسرەو لەنەخۆشخانەی فێرکاری منداڵان وتی"داواکارم لەدایکانو باوکان بەتەنگ تەندروستی منداڵەکانیانەوە بێن، ئەرکی وەزارەتی تەندروستیو لایەنە پەیوەندیدارەکانە کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن".

> بەپێی تاقیکردنەوەیەك لەكۆی زیاتر لە٢٠٠٠ مادەی میللیو گیایی، تەنها ٩٠ دانەیان سەلامەت بوون

# قەندیل مەندیلی فرێدا

## تەمەنی جامانەو مەندیلو مشکی تەنها ١٠ ساڵی ماوە



**کەس جێگەی بەتەمەنەکان ناگرێتەوە.** فۆتۆگراف: دەشتی ئەنوەر

فەرهاد قادر لەسلێمانی

لەکوردستان تەمەنی جامانەو مشکی بەرەو کۆتایی دەڕواتو خەریکە بای بای لەدابونەریتی کوردەواری دەکات، بازاڕەکانیشی رووەو کزی دەڕوات.

ئەوانەی ئێستا جامانەو مشکی دەبەستن، زۆربەیان تەمەنیان لەسەرووی ٥٠ ساڵییەوەیە، زۆر بەدەگمەن لەخوار ئەم تەمەنەوە لەسەرکردنی جامانەو مشکی بەدیدەکرێت، تەنانەت بەشێکی زۆری مەلاکانیش ئەوانەی تەمەنیان لەخوار ٥٠ ساڵیەوەیە، بەکەمی مشکیو مەندیل دەبەستن.

هاووڵاتیان دەڵێن مۆدی جامانەو مشکی تەنها ١٠ ساڵی ماوە، چونکە دوای نەمانی ئەوانەی ئێستا تەمەنیان ٥٠ ساڵەو جامانە لەسەردەکەن کەسیتر جامانەو مشکی لەسەر ناکات.

بازاڕەکانی کڕینو فرۆشتنی مشکیو جامانە بەتەواوی کزبووە، فرۆشیارەکان دەڵێن خەڵکی بەکەمی داوای جامانە دەکەن بە بەراورد بەساڵانی پێشوو.

هەردی سابیر لەدوکانی پۆشاکی کوردستان بۆ فرۆشتنی مشکیو جامانە، وتی "ئەو کەسانەی دێنە لامانو داوای جامانەو مشکیو شەدە دەکەن، دانیشتوانی دەرەوەی شارەکانو زیاتر گوندنشینەکانن، هەندێکی کەمی ئەو کوردانەی لەدەرەوە دێنەوە بەهەمان شێوە داوای جامانەو مشکی دەکەن".

هەردی ئاماژەی بەوەشدا کەتەنها پیرەکانو بەتەمەنەکان جامانە دەبەستنو لەچەند ساڵی داهاتوودا پێدەچێت بەستنی جامانەو مشکیو شەدەو کۆی ئەو شتانە بەتەواوی کۆتایی پێبێت.

ئەو فرۆشیارە وتی "کەمی داواکاری جامانەو مشکی پەیوەندی بەگرانیو نەبوونی جۆری باشەوە نییە، چونکە لەئێستادا باشترین جۆرەکانی جامانەو مشکی هەیەو نرخیشیان هەرزانە، بەڵام کڕیاری کەمە".

نرخی جامانەیەک لەبازاڕەکانی سلێمانی، لەنێوان ٥ هەزار بۆ ٢٠٠ هەزار دینارە، ئەو جیاوازی نرخەش بەپێی باشیو خراپی جۆرەکەیەتی.

هەردی وتی "مشکی ئەڵوەنمان هەیە کە نرخەکەی لەسەروی (٢٠٠) هەزارە، بەڵام بەشێوەیەکی کەم کڕیاریان هەیە، هەرچەندە بەگشتی کڕیاری جامانەو مشکیو شەدەو هەموو ئەو جۆرە کاڵایانە کەمیکردووە بەجۆرێک کە بەرەو نەمان دەچێت".

لەشارەکانی کوردستانو بەتایبەت لەسلێمانیو لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەکان بەدەگمەن جامانەو مشکی بەرچاو دەکەوێت.

لەدابونەریتی کوردەواریدا هەر کوڕێک کە تەمەنی دەگەیشتە سەروی ١٦ ساڵ، لەلایەن کۆمەڵگەوە بەچاوێکی تر تەماشا دەکرا ئەگەر جامانەی نەبەستایەو زۆرجار رەخنەو تانەیان لێدەگرت.

عوسمان محەمەد تەمەن ٦٤ ساڵ یەکێکە لەو بەتەمەنانەی تائێستا جامانەو مشکی نەبەستووەو لەبری ئەوە کراسو پانتۆڵ لەبەر دەکات، بەدەستووری وت "سەرم پێی دێشێتو لەسەربازیشدا چەندینجار سزادراوم لەسەر لابردنی بێرییەکەم".

عوسمان وتی "لەزۆرێک لەناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی هەورامان بەچاوێکی سووک سەیری گەنجی سەر رووتیان دەکرد". هەروەها وتی "زۆرجار دەیانوت لانیکەم کڵاوێک بکەنە سەر".

بەتەمەنەکان نیگەرانن لەوەی ئەو دابونەریتەی کوردەواری بەرەو کۆتایی دەڕواتو خەریکە بەتەواوی نەمێنێت.

حاجی محەمەد ئەمین بەرزنجی تەمەن ٧٣ساڵ لەگەڵئەوەی بە بەستنی جامانەو جلوبەرگە کوردییەکەیەوە دەبینرا، بێزاربوو لەوەی ئەو دیاردەیە کەمبووەتەوە.

حاجی محەمەد وتی "هۆکاری کەمبوونەوەی بەستنی جامانەو مشکی بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە".

ئەو وتی "خەڵکەکە لەسەر دابونەریتی باوباپیرانیان ناڕۆنو گوێ بەدینو دیانەت نادرێت".

ئاماژەی بەوەشدا کە لەسەردەمی زوودا ئەگەر گەنجێک جامانەی نەبەستایە پێیاندەوت سەر رووتو نوێژی دروست نەبوو. هەروەها وتی "زۆر عەیب بوو، یەکێک لەنیشانەکانی پیاوی پیاوانە بەستنی جامانەو جلوبەرگی کوردیی بوو لەسەردەمی زوودا".

هونەرمەند میدیا حسێن هۆکاری دیاردەی نەمانی بەستنی جامانەو مشکیو سەرجەمی ئەو جۆرە سەرپێچانەی پیاوانی کورد لەسەردەمی پێشوودا دەیانبەست بەگەڕاندەوە بۆ ئاشنابوون بەدونیای پێشکەوتنی دونیای تەکنەلۆجیا.

ئەو هونەرمەندە وتی "بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگاکانی تریش بەدەست نەمانی دابونەریتیانەوە دەناڵێننو بەجۆرێک کاریگەری پێشکەوتنی دنیای عەولەمەیان لەسەرە کە بەتەواوی کلتورو دابونەریتی خۆیان وازلێهێناوە، گەورەترین کاریگەری خراپی ئەو پێشکەوتنەش نەهێشتنی کلتورو دابونەریتە".

ئەگەرچی ئێستا بەشێک لەگەنجان جامانەیەکی تەنکی رەنگاوڕەنگ دەبەستن، بەڵام ئەوە جێگەی دابونەریتی جامانەی کۆنی نەگرتووەتەوە، بۆیە هاووڵاتیان دەڵێن، تەمەنی جامانەو مشکی کۆتاییهات.

# ریکلامی کەناڵە کوردییەکان بینەر بێزاردەکات

## "زۆرێک لەو ریکلامانە رەنگدانەوەی واقیعی خۆمان نین، بۆیە ناتوانێت کاریگەری دروستبکات"

محەمەد حەمەنجیب لەسلێمانی

بینەری کەناڵە کوردیەکان بێزارن لەو ریکلامانەی لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە پێشکەش دەکرێت، لەکاتێکدا ئەو کۆمپانیایانە بەمەبەستی زیادکردنی فرۆشیان ریکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن، پسپۆڕانی بواری راگەیاندنیش پێیانوایە زۆر دووبارەکردنەوەی ریکلام بەبێ گۆڕانکاری دەبێتە هۆی بێزاری لای بینەر.

لە ئێستادا بەهۆی پێشکەشکردنی کۆمەڵێک زنجیرەی دوبلاژکراوی کوردی لەلایەن کەناڵە ناوخۆییە کوردییەکانەوە بینەرێکی زۆر رووی کردەووەتە تەماشاکردنی ئەو زنجیرانە، بەم هۆیەشەوە خاوەن کۆمپانیاو بازرگانەکانو فرۆشیاران داوای ئەو کاتە زێڕینە دەکەن بۆ پروپاگەندەکردن بۆ کاڵاو شمەکەکانیان، بەهۆی ئەوەی ئەو ریکلامانە لەرووی کوالێتییەوە باش نینو زۆر دووبارە دەکرێنەوەو بینەر پێیان بێزار دەبێت.

سەلام نەسرەدین پسپۆڕی تەلەفزیۆن لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات هەموو ریکلامێک بۆ مەبەستی بازرگانیو قازانجکردنە، وتی "ریکلام خۆی پشت بەرەگەزی دووبارەبوونەوە دەبەستێت بۆئەوەی کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکات، بەڵام ئەو زۆر دووبارەبوونەوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی بێزاربوون لای وەرگر".

سەلام باسلەوە دەکات ریکلامەکان دەبێت رەنگدانەوەی واقیعی خۆمان بێت، بەڵام "زۆرێک لەو ریکلامانە رەنگدانەوەی واقیعی خۆمان نین، چونکە هەندێکیان دوبلاژکراون بۆ سەر زمانی کوردی کە کارەکتەرەکەی لەواقیعی تۆدا بەرجەستە نەبووە، بۆیە ناتوانێت کاریگەری دروستبکات".

بینەرانی زنجیرە دوبلاژکراوەکان هەست بەبێزارییەکی زۆر دەکەن بەهۆی زۆری ریکلامەکانەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی درێژبونەوەی کاتی زنجیرەکە.

فریال حەمەشریف تەمەن ٣٠ ساڵ، وتی" کەناڵەکان زۆر ناخۆشیانکردووە وای لێهاتووە ماوەی ریکلامەکان زیاتر بێت تا ماوەی زنجیرەکە".

فریال ئاماژەی بەوەدا کە کەناڵەکانیش مافی خۆیانە ریکلام بکەن، بەڵام لەسنوری خۆیدا، زۆرجاریش ئەو کەسەی کە ریکلامەکە بەرجەستە دەکات دەنگی زۆر ناخۆشەو بینەر پێی بێزار دەبێت، فریاڵ دەڵێت" وام لێهاتووە بەشەو سەیری زنجیرەکان نەکەم، ئێستا بەرۆژ سەیریان دەکەم، چونکە ریکلامیان تیا نییە".

عوسمان غەفور تەمەن ٣٤ساڵ، وتی" بەتاسەوە چاوەڕێ ئەو زنجیرانە دەکەم، بەڵام زۆری ماوەی ریکلامەکانو ناباشی هەندێکیان بێزارم دەکات".

عوسمان ئاماژەی بەوەشدا کە هەندێک لەریکلامەکان باشنو رێنوێنی بینەر دەکەن بۆ ئەو کاڵایانە، عوسمان دەڵێت "بەرۆژ تا ئێوارە ئیشدەکەم، بۆیە دەمەوێت شەو بەدیار ئەو زنجیرانەوە کاتێکی خۆش بەسەربەرمو ماندووبوونی رۆژ لەبیربکەم، بەڵام ئەوەندەی تر ماندووم دەکات".

بەرپرسانی کەناڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ماوەی ریکلامەکان زۆر نییەو هەموو کەناڵێکیش مافی خۆیەتی ریکلام بکات، چونکە ئەو درامایانە بەپارە کڕدراون.

کاوە توفێق مەحمود بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان لەتەلەفزیۆنی سلێمانی بە دەستووری وت" بێگومان بینەر بێزار دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی بێزار نەبێت ماوەی ریکلامەکانمان لە پێنج دەقیقە تێپەڕ نابێت کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر نییە، لەرێگای ئەو ریکلامانەوە رێستێکیش دەدەین بەبینەر".

ئەوبەڕێوەبەرە دەڵێت ئەوزنجیرانە پارەی پێدەدەین بۆیە لەرێگای ئەو ریکلامانەوە دەتوانین هەندێک لەو بڕە پارەییەمان دەستکەوێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەین بەو زنجیرانە.

کاوە وتی"ئێمە هەوڵمانداوە ئەو ریکلامانە وەرگرین کە کاریگەری نەگەتیف ناکاتە سەر دەروونی کۆمەڵگا، چونکە کە تۆ بە بەردەوامی ریکلامت بڵاوکردەوە لەزەینی بینەردا دەمێنێتەوە بۆیە پێویست ناکات بەهەمان شێواز ئەو ریکلامە بڵاوکەیتەوە".

وشیار فایەق بەرپرسی بەشی ریکلام لە کەناڵی گەلی کوردستان بەشی ناوخۆ بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی زۆرترین خەڵک تەماشای کەناڵەکەمان دەکات لەکاتی زنجیرەکاندا بۆیە خاوەن ریکلامەکان داوا دەکەن لەو کاتانەدا ریکلامەکانیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگاداری شمەکو کاڵاکانیان بێت".

بەرپرسی بەشی ریکلام لەکەناڵی گەلی کوردستان پێیوایە هۆکاری بێزاربوونی بینەر لەڕووی دەرونییەوە هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە ریکلام بەرهەمدەهێنن، وشیار دەڵێت"ماوەی ریکلامەکانمان زۆر نییە".

کۆمپانیاکانی ریکلامو تیڤیەکان دەبێت بەهەردوولا هاوکاربن بۆ بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی ریکلامێک کە جێگای رەزامەندی بینەران بێتو نەبێتە هۆی بێزاری بینەران.

مەروان حەمەخورشید بەڕێوەبەری کۆمپانیای دەنگۆ بۆ ریکلام، باسلەوە دەکات جیاوازیەکی بەرچاو دەبینرێت لەنێوان ریکلامەکانی ئێمەو ئەو ریکلامانەی کە تیڤیەکان بەرهەمیان دێنن لەرووی کوالێتی دەنگو رەنگو مۆنتاژەوە، ئێمە کاری جوانتری بۆ دەکەین، چونکە ئەوان بەهۆی سەرقاڵبونی زۆرەوە ناتوانن بەپێی پێوست ئەو کارانە ئەنجام بدەن.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای دەنگۆ ئاماژەی بەوەشدا ئامانجمان بەهونەرکردنی ریکلامی بازرگانییە بۆیە دەبێت هەردوولامان هاوکاربین بۆ جوڵاندنی ئابووری ناو بازاڕو موشتەری پەیدا بکەین بۆ کۆمپانیاکان لەگەڵ رەزامەندی بینەردا.


مەروان، وتی "لایەنی ئابووریش کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کوالێتی ریکلامەکان بۆیە پێویستە کۆمپانیاکان ئاستی هۆشیاریان بگاتە ئەو رادەیەیی کە جۆری ریکلامەکەیان لا گرنگ بێت".



**هێشتا زوومی کامێراکان بینەر تێرناکات.** فۆتۆگراف: ئەحمەد ڕەسوڵ

> ریکلام پشت بەرەگەزی دووبارەبوونەوە دەبەستێت، بەڵام ئەو زۆر دووبارەبوونەوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی بێزاریی لای بینەر

www.arsivakurd.org



# دوو خوێندنگەی سلێمانی بەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوان دەفرۆشرێن

## لەکاتێکدا سلێمانی کێشەی بیناو زۆری ڕێژەی خوێندکارانی هەیە، داوای چۆڵکردنی دوو خوێندنگە دەکرێت کە بەکۆمپانیایەک فرۆشراوە




مامۆستایانو خوێندکاران هەڕەشەی مانگرتنو راگرتنی دەوامدەکەن. فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

ئاکۆ محەمەد لەسلێمانی

خوێندکارانو مامۆستایانی دوو خوێندنگەی سلێمانی هەڕەشەی مانگرتنو راگرتنی دەوامدەکەن، لەبەرامبەر فرۆشتنی دوو بینای خوێندنگەکەیاندا، بەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوان.

بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی سەرمایەگوزاری دوو خوێندنگە بەکۆمپانیای قەیوان دەفرۆشرێتو مامۆستایانو خوێندکارانیش ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو بڕیارە دەردەبڕن، بەرپرسانی پەروەردەش ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو شوێنە کەرتی تایبەت پێویستی بوو.

بڕیارە هەردوو خوێندنگەی فریشتەی کچانو شێنێ کە دەکەوێتە پشت پرۆژەی تاوەرەکانی قەیوان، کە پرۆژەیەکی سەرمایەگوزاری گروپی کۆمپانیاکانی قەیوانە بفرۆشرێت لەبەرامبەر دروستکردنەوەی دوو خوێندنگەی تردا.

بڕیاری فرۆشتنی ئەو دوو خوێندنگایە ناڕەزایەتی لای مامۆستایانو خوێندکاران دروستکردووەو ئاماژە بەوەدەکەن کەخوێندنگەکە چۆڵناکەن تاوەکو خوێندنگەی لەوەی خۆیان باشتریان بۆ دروستنەکرێت.

وەحیدە یوسف بەڕێوەبەری ئامادەیی فریشتەی کچان سەبارەت بەهەواڵی فرۆشتنی خوێندنگەکەیان بەگروپی قەیوان ئاماژەی بەوەکرد کە تائێستا بەفەرمانی رەسمیی ئاگادار نەکراونەتەوە.

ئەو وتی "ئێمە لەڕێگەی ئەندازیارێکی گروپی قەیوانەوە بیستومانە کەئەو خوێندنگایە فرۆشراوەو پێویستە بگوێزینەوە، وتیان خوێندنگەیەکی ترتان بۆ دروستدەکەین". بەڵام بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی دەستوور هەردوو خوێندنگەکە بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دراوە بەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوان.

بەڕێوبەری خوێندنگەی فریشتە سەرسوڕمانی خۆی لەبەبڕیارێکی لەو شێوەیە دەردەبڕێت، لەوەی چۆن دەبێت ئەو خوێندکارە کچانە دووربخرێنەوە، "ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە دەبێت خوێندنگەیەکی کوڕانی نزیک خۆمان بۆ چۆڵبکەن" وەحیدە یوسف وای وت.

سارە یوسف خوێندکار پۆلی چوارەم لەئامادەیی فریشتەی کچان وتی"زۆرم پێناخۆشە کە ئەم کارەدەکەن ئەم خوێندنگەیە بۆ ئێمە بایەخی خۆی هەیەو لەگەڵی راهاتوین، پێویستە حکومەت بەرژەوەندی خوێندکار لێکبداتەوە نەک پارەو داهات".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەبری فرۆشتنی ئەو دوو خوێندنگەیە، بڕیارە گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان دوو خوێندنگەی باشتر لەو دوو خوێندنگەیە بۆ خوێندکاران دروستبکەن، بەڵام خوێندکارانو مامۆستایان ئەوە بەبڕیارێکی هەڵەو شەخسی دەزانن.

نورە بەکر خوێندکارێکیتر بوو لەئامادەیی فریشتە وتی"کارێکی زۆر هەڵەیەو شەخسیەو داوا لەوەزارەت دەکەین دەست بخاتە ئەم کارەوەو ئەم پرۆژەیە رابگرێت".

هەروەها وتی"ئێمە ئامادەین مانبگرینو خۆمان بخەینە بەردەم ئەو دەمە شۆفلانەی کەپێی دەڕوخێن، چونکە ئێرەماڵی زانستی ئێمەیە".

خوێندنگەی فریشتەی کچان یەکێکە لەخوێندنگە کۆنەکانی شاری سلێمانیو لەساڵانی ١٩٦٠کانەوە دامەزراوەو ئێستا ١١٥٠ خوێندکار بەدوو دەوامەوە وانەی تێدا دەخوێنن، قوتابخانەی شێنیش ٥٠٠ خوێندکار تێیدا دەخوێنن.

بەڕێوەبەری خوێندنگەکە وتی"هیچ کێشەیەکمان نییە، لەم ساڵانەی دوایدا نۆژەنکراوەتەوەو سوودێکی زۆری بۆ خوێندکارانو مامۆستایان هەیەو زۆربەی ساڵەکان پلەی باش بەدەستدەهێنین".

ئەفراح شەمسوڵڵا مامۆستا لەئامادەیی فریشتە، وتی"زۆرم پێناخۆش بوو کە ئەو هەواڵەم بیست داواکارم لەحکومەت پاشگەز بێتەوە لەو بڕیارە، چونکە زیانی بۆ خوێندکارانو مامۆستایان هەیە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوورکەوتووە لەوکۆڵانەدا جگەلەو خوێندنگەیە زۆرێک لەماڵەکانی ئەو کۆڵانە ئاگادار نەکراونەتەوە بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمپانیای قەیوانەوە بکڕدرێت.

تائێستا بەشێوەیەکی رەسمی داوا لەو خوێندنگایانە نەکراوە کەی قوتابخانەکانیان چۆڵبکەن، بەرپرسانی پەروەردەش پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کەخوێندنگەکە فرۆشراوە.

بەڕێوەبەری فریشتەی کچان وتی"بەهیچ شێوەیەک ئاگادار نەکراوینەتەوە، تاکو شوێنکی گونجاویش بۆ ئەو خوێندکارانە دەستەبەر نەکرێت چۆڵی ناکەین".

فەتاح عەزیز بەڕێوەبەری بیناسازی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی سەبارەت بەروخاندنی ئامادەیی فریشتەی کچان بەدەستووری راگەیاند "گروپی قەیوان چونەتە ئەنجومەنی وەزیرانو لەگەڵ ئەوان گفتوگۆیان کردووەو رەزامەندیان لەئەوان وەرگرتووە لەبری روخاندنی هەردوو خوێندگەی فریشتەو شێنێ دوو خوێندنگەی تر دروستدەکەن".

سەبارەت بەوەی بۆچی خوێندنگەیەک دەڕوخێنن بۆ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، فەتاح عەزیز ئاماژەی بەوەدا "لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت لەشوێنی باشتر بینایان بۆ دروست دەکاتەوەو ئەو شوێنە کەرتی تایبەت پێویستی بوو".

بەپێی وتەی ئەو ئەندازیارەی کۆمپانیای قەیوان، ئەو دوو خوێندگەیەی کە بڕیارە دروستبکرێت لەمانگی ٩دا تەواو دەبێت بۆ ئەو مەسەلەیەش قسەیان لەگەڵ مامۆستا شێخ حسێن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کردووە.

دەبارەی ناڕەزایی خوێندکارانو مامۆستایانی هەردوو قوتابخانەکەوە فەتاح عەزیز وتی"ئەگەر خوێندکاران ئەو شوێنەی بۆیان دروستدەکەن بەدڵیان نەبوو، ئەوا مەکتەبێک لەنزیک خۆیانیان بۆ چۆڵدەکەین، چونکە ئەوان کچنو غەریبن".

> پێویستە حکومەت بەرژەوەندی خوێندکار لێکبداتەوە نەك پارەو داهات

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## پەروەردە لەجیهانبینی بارزانیو تاڵەبانیدا؟

نووسینی چەند سەرە قەڵەمێک لەسەر جیهانبینی سەرکردەکان لەپەروەردەدا بەکارێکی پێویست دەزانم، رەنگە رایەکی واهەبێت کەپێویست بەوە ناکات، چونکە پەروەردە هیچ شوێنێک لەجیهانبینی بارزانیو تاڵەبانیدا داگیر ناکاتو ئەوان بەحاڵە حاڵ لەبوارەکەی خۆیاندا سەرکەوتن تۆمار دەکەن. هەردوو ئەم قسەیەش راستنو ئەوانیش نەفەیلەسوفن تا لەهەموو بوارێکدا جیهانبینی خۆیان هەبێتو نەخۆشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە ئەگەر ئەوان بەو جۆرەن با بەلایەنی کەمەوە نەبنە رێگر لەبەردەم گەشەسەندنی پەروەردەدا.

هەمووومان ئەوە دەزانین هەردوو ئەو بەرێزە بەشەوو بەرۆژ بەحوکمی کارەکەیان چەندین ساڵە قسە دەکەنو جەماوەرێکی زۆر بەرفراوانیش بەقسەیان دەکەن، لەسەرجەمی هەموو ئەو قسەو وتارانەی بارزانیو تاڵەبانیشدا کە من خوێندوومەتەوە یا گوێم لێبووە، ئەوەندەم دەسنەکەوتووە تا بتوانم جیهانبینی ئەوانی پێدەستنیشان بکەم راستە ئەوان خۆیان بەدوو مرۆڤی دیموکراتو هاوچەرخ لەقەڵەم دەدەن، بەڵام واقیعی پەروەردەی کوردستان شتێکی پێچەوانەمان پێدەڵێت.

بەشێوەیەکی دی ئایا هەردوو سەرۆک چ جۆرە جیهانبینیو تێڕوانینێکیان بۆ پەروەردەی هاوچەرخ هەیە؟ پەروەردە دەبێ چۆن بێت؟ سیستمی ئێمە دەبێ لەسەر بنەمای چ قوتابخانەیەکی پەروەردەیی بێت؟ مامۆستاو خوێندکار دەبێ چۆن کار بکەنو چ شتێک رێگەپێدراوە؟ تا چ رادەیەک ئازاردانی منداڵەکان لەقوتابخانەکان رەوایە؟ ئەوان ستایشی کام پەروەردەزان دەکەنو رێنماییەکانیان بۆ پەروەردەی کوردستان چۆنە، ئایا لەگەڵ گەشەسەندنی پەروەردەی هاوچەرخدان یا نا؟.... هتد.

لەڕاستیدا هەموو ئەم پرسیارانە لەلای ئەوان بێوەڵام دەمێننەوەو وەکو سیاسیەک لەم بوارەدا زۆر شارەزاییان کەمە، رەنگە ئەم قسەیە هەوادارەکانی هەردوو حیزب تورە بکات، بەڵام من ئەم وتارەم بۆ ئەوە نەنووسیوە کەئەوانو سەرۆکەکانیش تورە بکەم بەئەندازەی ئەوەی دەمەوێت سەرنجی ئەوان بەلای ئەو مەسەلە گرنگەدا رابکێشمو پێیان بڵێم تاوەکو ئێستا هەردوو سەرۆک لەبواری پەروەردەدا نەک هەر کەمتەرخەم بوون، بەڵکو رێگریش بوون لەبەردەم گەشەسەندنیدا، بێگومان بوونی جیهانبینیەکی تایبەت لەلای سەرۆکەکان کارێکی تا بڵێی گرنگە، چونکە لەو روانگەیەوە ئەوان دەتوانن بڕواننە بواری پەروەردەو ستراتیژێک بۆ سیاسەتی پەروەردە لەکوردستان دابڕێژن، لەبەر لاوازی ئەو جیهانبینیە مرۆڤ هیوای وایە بەو شێوەیەی ئێستا ئەوان دەست نەخەنە بواری پەروەردەوە، ئەوەی ئێستا هەیە ئەوان لەروانگەیەکی زۆر نێگەتیڤەوە چوونەتە ناو بواری پەروەردەوەو لەبری ئەوەی بەرەو پێشەوەی ببەن ئەوان بەرەو دواوەیان بردووە، ئەم بەرەو دواوە بردنە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەهەردوو سەرۆک لەسەر ئاستێکی بەرزی هەردوو یەکێتیو پارتیشدا سیاسەتێکی زۆر خراپی بەعسیەکان لەکوردستاندا پیادە دەکەن، ئەڵبەتە من هەرگیز بەراستی نازانم کەئێمە بەراوردی هەردوو سەرۆک لەگەڵ بەعسیەکاندا بکەینو هیوادارم هەوادارانی هەردوو حیزبیش وا لەم وتارە تێنەگەن، هەزارەها کادیری حیزبی لەیەکێتیو پارتی پرۆسەی پەروەردە بەڕێوەدەبەن بەبێ ئەوەی لەماوەی دوو دەیەدا شتێکیان کردبێت کە بتوانن شانازی پێوە بکەن، ئەوەی بەعسیەکان کردیان بەحیزبی کردنی هەموو سیستمی پەروەردە بوو هەر لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە تا پۆستە باڵاکانی بواری پەروەردە، تاوەکو ئەمڕۆش ئەم کارە لەژێر رابەری یەکێتیو پارتیدا لەبەرزترین ئاستیاندا پیادە دەکرێت. بەرپرسیارێتیو هەستی بەرەو پێشەوەبردنی پەروەردە لەکوردستاندا داوا لەهەردوو سەرۆک دەکات کەواز لەم سیاسیەتە بهێننو گەشە بەبواری ئازادیو دیموکراسی لەبواری پەروەردەدا بدەن، گرفتی من ئەوە نیە کە ئەوان دەیانەوێت پۆستە باڵاکان بدەنە هەوادارانی خۆیان، بەڵام با ئەو هەوادارانە بەتوانابن، مرۆڤ ئەگەر لێکۆڵینەوە لەو پۆستە باڵایانەدا بکات ئەوەی بۆ روونەبێتەوە کە بەشی هەرە زۆریان ئەوەندەی بوونەتە هۆکاری دواکەوتنی پەروەردە نەبوونەتە هۆکاری پێشخستنی پەروەردەو یەکو یەکیش دەکاتە دوو، بەشێک لەو کاربەدەستانە ساڵانە بڕیاری هەڵە دەدەن، رێگری لەپێشخستنی پەروەردە دەکەن، بەدرێژایی چەندین ساڵ لەکارکردن توانای ئەوەیان نیە یەک وتار بنوسن پەیوەندی بەفیکری پەروەردەییەوە هەبێتو شارەزای هیچ قوتابخانەیەک نین، ئەگەر هەردوو سەرۆک بڕوایان بەدیموکراسیو بەپێشکەوتنی وڵات هەبێتو ئەگەر بەجیدی پێیان خۆش بێت ئەم وڵاتە پێشبکەوێت، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن کادری گەنجو شارەزا دابمەزرێنن، هەروەها لەبواری پەروەردەو سیستمی فێرکاریدا سیاسەتێکی پاکتر پیادە بکەن، هەموو مرۆڤێک، بەسەرۆکو هاووڵاتی ئاساییشەوە هەڵە دەکەن، بەڵام مرۆڤ دەشتوانێت خۆی راست بکاتەوە بەوەی سیاسەتێکی روونو هاوچەرختری بۆ پەروەردە هەبێت.

> هەردوو سەرۆك لەبواری پەروەردەدا نەك هەر کەمتەرخەم بوون، بەڵکو رێگریش بوون لەبەردەم گەشەسەندنیدا

faiekk@hotmail.com

# ئاگادارییەك لەكچانەوە بۆ كوڕان

## كچانی ئێستا چێشتلێنان نازانن، داوا لەكوڕان دەكەن خۆیان فێربكەن

كاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

سەرمەد بڕیاریداوە ئەو كچەی دەستنیشانی دەكاتو دەبێتە هاوسەری ژیانی، تا فێری چێشتلێنان نەبێت هەر بەدەستگیرانداری بیهێڵێتەوە.

سەرمەند عومەر گەنجێكی تەمەن ٢٨ ساڵەو هێشتا نەچووەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، وتی"باشتروایە كچ لەماڵی باوكیدا فێری لێنانی هەموو جۆرە خواردنێك ببێت پاشان بڕیاری هاوسەرگیری بدات". هەروەها وتی"ئەگەر كەسێك هەڵبژێرم بۆ هاوسەرگیریو چێشتلێنان نەزانێت بەدەسگیرانداری دایدەنێم تاخۆی فێری چێشتلێنان دەكات، بەتایبەتی خواردەمەنییە كوردەوارییەكان".

مەسەلەی چێشتلێنان بۆ هاوسەرە تازەكان بووەتە باسوخواسێكی نوێ، بەجۆرێك بەشێك لەهاوسەرە تازەكان دەڵێن زۆرترین قسەوباسمان لەسەر خواردن ئامادەكردنە.

ئەو كچانەی زۆرنییە چوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە بەتایبەت ئەوانەی فەرمانبەرن، یان شانبەشانی پیاوان لەدەرەوەی ماڵ كاردەكەن ، دەڵێن چێشتلێنان تەنها لەدابونەریتی كوردەواریدا بەئەركی ژنان دادەنرێت، بەڵام ئەوە تەنها ئیشی ژن نییە. ئەوان داوا دەكەن پیاوانیش شانبەشانی ئەوان چێشت ئامادەبكەنو خۆیان فێری چێشتلێنان بكەن.

سەرمەند وتی "لەئێستادا ناتوانرێت زانینی چێشتلێنان بكرێتە مەرجی سەرەكی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەڵام لەكوردەواریدا باشترە بزانرێت".

لەدابونەریتی كوردەواریدا بەهۆی ئەوەی ژنان تەنها ئیشی ماڵەوەیان پێدەكراو لەدەرەوە كاری تریان نەدەكرد، چەند ئیشێكی سەرەكی ماڵەوە هەبوون تەنها بەژنان سپێردرابوو، لەوانە پاككردنەوەی ماڵو چێشتلێنانو بەخێوكردنی منداڵ، بەڵام هاوسەرە تازەكان پێیانباشە لەمەولا پیاوانیش هاوشانی ئەوان یارمەتیان بدەن.

لەئێستادا بەشێكی زۆر لەو كچانەی تازە چوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە، نازانن چێشتلێبنێن، ئەوەش بەشێك لەپیاوانی ناچاركردووە، هاوشانی ژنەكانیان خۆیان فێری ئامادەكردنی چێشت بكەن.

یاسین جەزای تەمەن ٣١ ساڵ، چەند ساڵێكە ژیانی هاوسەری پێكهێناوە، سەرەتا هاوسەرەكەی نەیزانیوە چێشت ئامادەبكات، بۆیە وتی"هاوكارییبووم لەدروستكردنی چێشتو ئامادەكردنی ژەمە خواردنەكان".

شنە وەسیم تەمەن ٢٣ ساڵ بڕیارە لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات، بەڵام نازانێت هیچ خواردنێك ئامادەبكات.

شنە وتی"بەهۆی ئەوەی خوشكی گەورەترم هەبووە لەماڵەوە، بۆیە فێری چێشتلێنان نەبووم، چونكە ئەوان خواردنیان ئامادەدەكردو پێویستیان بەمن نەبووە". ئەو كچە بەنیازە لەكاتی خێزانیدا وردە وردە خۆی فێربكات، بۆئەوەی بەو شێوەیەی ئێستا نەمێنێتەوە.

كوڕان بەباشی دەزانن كچ لەماڵی باوكی، خۆی فێری خواردن ئامادەكردن بكات، چونكە ئەوان پێیانوایە بۆ داهاتووی كچەكە باشتر دەبێت.

یاسین سەرەتای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی گێڕایەوە، كە چۆن خێزانەكەی هیچ شتێكی نەزانیوەو بەناچاری زۆربەی ژەمە خواردنەكانیان لەدەرەوە خواردووە. یاسین ئاماژە بەوە دەكات كە ئەوكاتە خۆی زۆرجار چێشتیلێناوە. ئەو وتی"كاتێك ژن نازانێت چێشتلێبنێت دەبێت پیاوەكە هاوكاری بكات".

گۆنا عەباس تەمەن ٢٤ساڵ، ماوەی ٣ هەفتەیە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، ئێستا باجی ئەوكاتانەی دەدات كە خۆی فێری چێشتلێنان نەكردووە لەماڵی باوكی.

گۆنا بەدەستووری وت"تائێستا لەماڵی خۆمان چێشتمان نەخواردووە".

ڕۆژانە مێردەكەی گۆنا داوای لێدەكات خۆی فێری چێشتلێنان بكاتو بەڵێنی ئەوەشی پێداوە كە ئەگەر خۆی فێربكات ئەوا ئەویش لەئامادەكردنی ژەمە خواردنەكاندا هاوكاری دەكات.

تێبینی: ناوی شنە خوازراوە.



كچان حەز بە خواردنی كوڕانە دەكەن

# مێردمنداڵان دەبنە نێچیری كۆمپانیاكان

## پێچەوانەی یاسای كاركردنی نەوجەوانان، كۆمپانیاكان مێردمنداڵان لەنەخۆشخانەو فەرمانگە حكومییەكان بۆ كاركردن بەكاردەهێنن

فەرحان حەمەخان لەسلێمانی

كۆمپانیاكانی پاككردنەوە پێچەوانەی یاساكانی كاركردنی نەوجەوانان، مێردمنداڵان بەكاردەهێنن لەو شوێنانەی كاری پاككردنەوەی تیادا ئەنجام دەدەنو چالاكوانانی بواری مافەكانی منداڵانیش ئاماژە بەوەدەكەن ئەو جۆرە كاركردنە پێچەوانەی بەندەكانی مافەكانی منداڵانە.

ڕۆژانە چەندین مێردمنداڵ كە لەخوار تەمەنی ١٨ساڵەوەن لەناو نەخۆشخانەو بەشەناوخۆییەكانو چەندین دامەزراوەی حكومی تر كاری پاككردنەوە ئەنجامدەدەن، پسپۆڕانی بواری دەروونیش ئاماژە بەوەدەكەن كە ئەو جۆرە كاركردنە كاریگەری خراپی لەسەر ئایندەیان هەیە.

ئارامی تەمەن ١٥ساڵ، نەیویست ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشكرا بكات لەنەخۆشخانەی فێركاری سلێمانی كار دەكات، وتی"ئەو نەخۆشانەی كە دەهێنرێنە نەخۆشخانەی فریاكەوتن لەوێوە بەعەرەبانە دەیانگوێزینەوە بۆ بەشەكانی دیكە".

بەپێی یاسای كاركردنی نەجەوانان نابێت خوارتەمەنی ١٨ساڵ لەنەخۆشخانە، مەیخانە، كارگەی دەرمانو كارگەی ئاسن كاریان پێبكرێت.

لەعێراقو هەرێمی كوردستاندا كار بەدوو یاسا دەكرێ، لەویاسایانەدا سنووری بۆ كاركردنی منداڵان دیاریكردووە.

یەكەمیان یاسای نەوجەوانانە، تایبەت بەو منداڵانەیە كە لەخوار تەمەنی ١٥ساڵەوەن لەمادەی (٢٤) دا دەڵێت"هەر منداڵێك تەمەنی لەخوار ١٥ ساڵەوەبێت ناتوانێ ئیشبكات".

دووەمیان یاسای كارە بۆ ئەو منداڵانەی كە لەخوار ١٥ساڵەوەن، ئەم یاسایە جۆری ئیشكردنی منداڵانی دیاریكردووە، نابێت ئەو كاركردنە كاریگەری بكاتە سەر تەندروستی منداڵەكە.

بەپێی یاساكە نابێ لەمەیخانەو كارگەی دەرمانو نەخۆشخانەو كارگەی ئاسن كاریان پێبكرێت، دەبێت فەرمانگەی كارو دەستەبەركردنی كۆمەڵایەتی سەردانی شوێنی كارەكانیان بكەن.

بەژدار حەمەئەمین تەمەن ١٥ساڵ لەدەرەوەی شارەوە دێتە سلێمانیو لەیەكێك لەبەشەناوخۆییەكانی زانكۆی سلێمانیدا كاری پاككردنەوە دەكات، لەڕێگەی كۆمپانیای مەهیارەوە.

بەشدار لەپۆلی چواری سەرەتاییەوە وازی لەخوێندن هێناوە، هۆكاری وازهێنانەكەی لەخوێندن بۆ باری ئابووری گەڕاندەوە، بەشدار ڕۆژانە لەكاتژمێر ٨بەیانی بۆ ٣ی پاشنیوەڕۆ كاردەكات، وتی"منیش حەزمدەكرد وەك هاوڕێیەكانم لەقوتابخانە بمخوێندایە".

ڕێباز ڕزگار بەڕێوەبەری كومپانیای مەهیار كە كومپانیایەكی بازرگانی گشتییەو كاری پاككردنەوەی بەشەناوخۆییەكانی زانكۆی سلێمانی دەكات، لەكۆمپانیاكەی ڕێبازدا چەندین منداڵی ١٥ساڵ كاردەكات.

ڕێباز وتی "بەپێی یاسای كار منداڵ دەتوانێ كاربكات بەمەرجێ ئیشەكەی ئیشی شەو نەبێ لەمەیخانە نەبێو كارنەكاتە سەر تەندروستی".

ئەو مێردمنداڵانەی كاردەكەن لەو كۆمپانیایانە موچەكەیان لەنێوان ١٨٠ هەزار بۆ ٢٠٠هەزار دینارە بۆ مانگێك.

چالاكوانانی بواری مافەكانی منداڵان ئاماژە بەوە دەكەن كە كاركردنی ئەو منداڵانە لەو شوێنانەدا بەتایبەت نەخۆشخانەكان، دژی مافەكانی منداڵانە، هۆكارەكەش دەگێڕنەوە بۆ كەمتەرخەمی وەزارەتی ناوخۆ.

شلێر سەردار یاریدەدەری سەرپەرشتیار لەسێكتەری گرتنەخۆی پاراستنی منداڵ لەڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان وتی"پرۆژەیەكمان گەڵاڵە كردوو دووبارە یاسای چاودێری نەوجەوانانمان كاراكردەوە".

ڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان لەگەڵ چاودێری نەوجەوانانو دادگای نەوجەوانان تەنسیقیان كردووە بۆ ئەو یاسایە.

لەیاساكەدا هاتووە"دەبێ پۆلیسی نەوجەوانان لێپێچینەوە بكاتو منداڵەكان بهێنێت، دواتر ڕادەستی بەخێوكەرەكەی بكرێت بە بەڵێننامەیەكی مالی كە نەیخاتەوە بەر ئیشكردن". شلێر وتی"وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسە لێی".

توێژەری دەروونی سامان سیوەیلی سەرۆكی سەنتەری ڕاوێژكاری خێزان بۆ گرفتە دەروونیو كۆمەڵایەتی خێزان لەسلێمانی وتی"بێگومان ئیشكردنی منداڵ ئەوانەی كە لەخوێندنگە دەردەهێنرێن، تووشی هەستكردن بەكەمی دەبن، كاتێك خۆیان بەراورد دەكەن لەگەڵ منداڵانیتر". هەروەها وتی"ئەو منداڵانە دووچاری لادان دەبن لەئەنجامی تێكەڵبوون بەگەورەكانو ئەو ژینگەیەی كاری تێدا دەكەن".

سامان سیوەیلی وتی" كەمتەرخەمی حكومەتە كەچاوپۆشین لەهەندێك لەو دیاردانە دەكات دەنا ئەبێ لیژنەی بەسەركردنەوەی ناوەندەكان هەبێ، نوێنەری وەزارەتی ناوخۆو كارو دەستەبەركردنی كۆمەڵایەتی سەردانی ئەو شوێنانە بكاتو سزای توندی ئەو كۆمپانیایانە بدات".



بەپێی یاسای نەوجەوانان نابێت مێردمنداڵان لەنەخۆشخانەكاندا كاریان پێبكرێت.
فۆتۆگراف: فەرحان

# پەشیمانی دادی پیاوان نادات!

## زۆرێك لەپیاوان دەڵێن ئەگەر ئەقڵی ئێستامان هەبوایە زەواجمان نەدەكرد

كاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

دوای بەسەربردنی ماوەیەك لەژیانی هاوسەرێتی، پیاوان بەجۆرێك باس لەپەشیمانیان دەكەن لەئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە كە كەژاوەی زێڕین بەچوونە ناو قەفەزەوە وێنا دەكەن.

### هەناسەیەك بۆ گەنجێتی

زۆرێك لەپیاوان ئێستاش هەناسەیەكی قوڵ بۆ ئەوە هەڵدەكێشن، كە ئەگەر ئەقڵی ئێستایان هەبوایە نەدەچوونە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

بەشێك لەئەوان دەڵێن دوای ئەوەی چوونەتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، ئازادییەكانیان كۆتو بەند بووەو ناتوانن وەكو جاران بەئازادی مامەڵە بكەن.

"ئەگەر ئەقڵی ئێستام، ئەوسا بووایە، هەرگیز بیرم لەژیانی هاوسەری نەدەكردەوە". بورهان ئەحمەد ـ تەمەن ٣٨ساڵ وای وت.

بورهان كەماوەی ١٢ ساڵە ژیانی هاوسەری پێكەوەناوەو خاوەنی ٣ منداڵە، هەرچەندە ژیانی هاوسەری بەخۆشەویستی بووە، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە، بورهان وتی"ئێستا ژیانمان پڕە لەتوندوتیژی بەرامبەر یەكتر".

### پەشیمانی دادی پیاوان نادات!

ئەو پیاوانەی كاتێك باس لەپەشیمانبوونەوەیان لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری دەدەن، هۆكاری جۆراوجۆر دەهێننەوە، كە هەموو ئەو هۆكارانەو گێڕانەوەو بیرلێكردنەوە لێی بە بەردەوامی بێتاقەتیان دەكات، چونكە تازە پەشیمانبوونەوە سوودی نییە.

بورهان بەردەوامدەبێت لەگێڕانەوەی نەهامەتییەكانی ژیانی خۆی، "لەگەڵ ژنهێنانمدا ماڵئاوایم لەژیانی ئازادیو خۆشییەكانی ژیان كردووە". هەروەها وتی"ئەوەی جاران دەمكرد ئێستا بۆم ناكرێت، لەوەڵامدانەوەی تەلەفونێك دەبێت ژنەكەم بزانێت كێیە".

### سێكس هۆكارێكی ترە

بەڵام بەشێكی تر لەپیاوان هۆكارەكانی مەسەلەی تێرنەكردنیان لەڕووی سێكسییەوە لەلایەن ژنەكانیانەوە، دەكەنە بیانووی پەشیمانبوونەوەیان.

فەرمان جەعفەر تەمەن ٢٥ساڵ، ماوەی دووساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوە، بەڵام تاوەكو ئێستا هاوسەرەكەی بەدڵی ئەو نییە.

ئەو وتی"ماوەی ٢ ساڵە خێزانەكەم بەهیچ جۆرێك بەدڵی من هەڵسوكەوت ناكات، هەرشتێك من پێم خۆشبێت خێزانەكەم نایكات".

بەبۆچوونی فەرمان تێرنەكردنی غەریزە سێكسییەكان بەشێكی سەرەكییە لەپەشیمانبونەوەی پیاوان لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

فەرمان دەڵێت"كاتێك ژنو پیاو بەدڵی خۆیان هەڵسوكەوت نەكەن، ئیتر بۆ ژن بهێنێت"، ئەمە هۆكارەو هۆكاری تری وەكو كێشە لاوەكییەكانی تری ڕۆژانە كەڕووبەڕوی خێزانی كوردی دەبێتەوە، فەرمانو چەندین لاوی تری والێكردووە پەشیمانبنەوە.

### پێشتر لەیەكتر تێبگەن

بەشێك لەپیاوان پێیانباشە كچو كوڕ پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەیەكتر تێبگەن، پاشان بڕیاری زەواج بدەن، ئەوان ئەمە دەكەنە ڕێگایەك بۆ پەشیماننەبوونەوەی هەردوولا لەو پرۆسەیە. "تێگەیشتنی پێشوەخت وجودی نییە، بۆیە پیاو لەهاوسەرگیری پەشیمان دەبێتەوە"، ئەیوب ڕەحمان ـ تەمەن ٢٧ساڵ وای وت.

ئەیوب وتی"كاتێك دوو كەس پێش هاوسەرگیری بەمەبەستی لەیەكگەیشتن قسە دەكەن ناتوانن ڕاستگۆیانە دڵی ناخی خۆیان دەربخەن، بۆیە بەبڕیارێكی پەلە هاوسەرگیری دەكەنو دواجار پەشیمانبوونەوەی لێدەكەوێتەوە".

### توێژەران دەڵێن دەبێت هۆشیاری هەبێت

توێژەرانی كۆمەڵایەتی هۆكاری پەشیمانبوونەوەی پیاوان لەهاوسەرگیری دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری پێویست دەربارەی دروستكردنی خێزان.

دانا ڕەسوڵ توێژەری كۆمەڵایەتی بەدەستووری وت"دروستبوونی خێزان دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی بێت، زۆرێك لەپیاوان وا هەست دەكەن تەنها بۆ مەبەستی سێكسی خێزان دروستدەكرێت".



تێرنەكردنی سێكسی هۆكارە



# هینان خەونەکەی هاتەدی



جۆستین هینانی بەلجیکی‌و کچە یاریزانی تێنسی سەرزەوی، لەدەرەوەی پێشبینیەکان سەرکەوتنێکی مەزنی تۆمارکردو گەشتە چوار گۆشەی زێڕینی پاڵەوانێتی ئوستراليا.

لەچوارچێوەی کێبرکێکانی قۆناغی چارەکی کۆتایی پاڵەوانێتی ئوسترالیای کراوە بۆ تێنسی سەرزەوی لەسەر ئاستی کچان، جۆستین هینانی بەلجیکی توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت‌و خۆی بگەیەنێتە قۆناغی چوارگۆشەی زێڕین.

کچە یاریزانی ناوبراو لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی نادیا پیترۆڤای روسی بووەوەو توانی بەدوو کۆمەڵەی بێوەڵام سەرکەوتنی بەسەردا تۆماربکات، خاڵی کۆمەڵەکانیش "٧-٥، ٧-٦" بوون.

بەم سەرکەوتنەش هینانی تازەگەڕاوە بۆ نێو دنیای وەرزشی تێنسی سەرزەوی خەونەکەی بەدیهێناو توانی لەبەدەستهێنانی پاڵەوانێتیەکە خۆی نزیکبکاتەوە.

# رۆناڵدۆ تۆبە دەکات

کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالی‌و ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی تۆبە دەکات لەوەی ئەنجامیداوەو بەنیازە لەیاریگادا خۆی چاکبکات.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لێدوانێکی کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالی‌و ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات بڕیاریداوە جارێکی تر هەڵە بەرامبەر یاریزانانی بەرامبەری نەکات‌و لەیاریگادا رەوشتی خۆی بگۆڕێت.

رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە یاریزانی ناوبراو جگەلەوەی دانی بەو هەڵەیەی خۆیدا ناوە کە لەیاریگای ئەم هەفتەیەی یانەکەی بەرامبەر یاریزانێکی مەلەگە ئەنجامیداوە، ئەوەی راگەیاندووە کە بەئەنقەست‌و سەربەخۆیانە ئەو کارەی ئەنجامنەداوەو بەڵکو هەڵەیەک بووە بەسەریدا تێپەڕیووە.

رۆناڵدۆ کە ئەمە دووەمین جارە بەهۆی نواندنی هەڵە بەرامبەر یاریزانانی بەرامبەری لەلایەن داوەرەوە دەکرێتە دەرەوە، ئەوەشی دوپاتکردووەتەوە کە بڕیاریداوە جارێکی تر جگە لە خۆسەرقاڵکردن لە هاوکاریکردنی هاورێکانی بیر لەهیچی تر نەکاتەوە.



# مۆرینیۆ لەمیلان دەترسێت

خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالی‌و راهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیا، لەیانەی ئەیسی میلانی رکابەری یانەکەی دەترسێت‌و بڕوای بەتواناکانی ئەو یانەیە هەیە.

لەگەڵ ئەوەی یانەکەی توانی لەیاری دێربی خولی کالچۆی ئیتاڵی، سەرکەوتن بەسەر یانەی ئەیسی میلان تۆماربکات‌و جیاوازی خاڵەکانی یانەکەی لەگەڵ ئەو یانەیە بگاتە ٩ خاڵ، هێشتا خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالی‌و راهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیا ترسی لەیانەی میلان هەیەو پێیوایە ئەو یانەیە مەترسییە بۆ یانەکەی.

راهێنەری ناوبراو لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ پێگەی تۆتۆ میرکاتۆی ئیتاڵیا، ئەوەی راگەیاند کە یانەکەی ئەمساڵیش دەتوانێت ببێتە پاڵەوان‌و پارێزگاری لەنازناوەکە بکات.

ئەوەشی راگەیاند "ئێمە دەتوانین بە تەنها ٧ یاریزانەوە لەو یانەیە ببەینەوە، بەهەرشێوەیەک بێت سەرکەوتن تەنها بۆ ئێمەیە."

وتیشی "میلان لەئێستادا بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات‌و رەنگە تا دوا هەناسەی خولی کالچۆ لەگەڵمان بمێنێتەوەو درێژە بەرکابەریکردنمان بدات."



# رۆبینیۆ لەیانەکەی بێزارە



رۆبینیۆی بەڕازیلی‌و هێرشبەری یانەی مانچستەرسیتی ئینگلیزی لەیانەکەی بێزارەو دەیەوێت هەرچۆنێک بێت ریزەکانی جێبهێڵێت.

رۆژنامە وەرزشیەکانی ئینگلتەرا ئەوەیان بڵاوکردەوە کە رۆبینیۆی بەڕازیلی‌و هێرشبەری یانەی مانچستەرسیتی وڵاتەکەیان تاقەتی لەیانەکەی نەماوەو دەیەوێت پێش کۆتاییهاتنی وەرزی کڕین‌و فرۆشتنی یاریزانان بەرەو یانەیەکی تر بەڕێبکەوێت.

هەروەها ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە یاریزانی ناوبراو لەیەدەگبوونی بێزارەو بەراهێنەری یانەکەی راگەیاندووە نایەوێت بەو شێوەیەی ئێستا لەیانەکەی بمێنێتەوە.

رۆبینیۆ کە ماوەیەک بەهۆی پێکان‌و دواتر بەهۆی دابەزینی ئاستیەوە بووە یاریزانێکی یەدەگ، ترسی لەوە هەیە ئەو حاڵەتەی ئێستای زیانی لێبدات‌و لەبەشداریکردن لەمۆندیال دووریبخاتەوە، بۆیە هەوڵی ئەوەدەدات ریزەکانی یانەکەی جێبهێڵێت.

بەپێی هەواڵی چەند رۆژنامەیەکی ئینگلیزی، یاریزانی ناوبراو دەیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی‌و پەیوەندی بەیانەی سانتۆسەوە بکات کە سەرەتای یاریکردنی لەوێ بووە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی متمانەی بەشداریکردن لەمۆندیال لەلایەن دۆنگای راهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەوە بەدەستبهێنێت.

# سکرتێری یەکێتی باسکەی ئاسیا، هۆڵەکانی هەولێری بەدڵنیە

دەستوور. هەولێر

سکرتێری یەکێتی تۆپی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا، هۆڵە داخراوەکانی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی بەدڵنیەو بەگونجاوی نازانێت.

لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ دەستوور، هاکوب هاجریان سکرتێری یەکێتی باسکەی رۆژئاوای ئاسیا ئەوەی راگەیاند کە هۆڵە داخراوەکانی دهۆک لەهەولێر باشترەو گونجاوترە بۆ ئەوەی پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیای تێدا بەڕێوەبچێت.

ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە لەو چەند رۆژەی لەکوردستان بووەو هۆڵەکانی ئەو دوو شارەی تاقیکردووەتەوە، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە چەندین کەموکوڕی لەهۆڵە داخراوەکاندا هەیەو پێویستی بە چاککردن‌و بەسەرکردنەوە هەیە.

وتیشی "سەرەڕای کەموکوڕییەکان، دهۆک لەهەولێر باشترە، بۆیە بڕیارماندا کە پاڵەوانێتیەکە لەسەر ئاستی کوڕان لە دهۆک‌و بۆ کچانیش لەهەولێر بکرێت."

## هەفتە
### رووداوەکانی

ئامادەکردنی لاوە

**سیروانی نوێ بەردەوامی دایە سەرکەوتنەکانی**



لە کێبرکێکانی هەفتەی دووەمی قۆناغی دووەمی خولی نایابی کوردستان یانەی سیروانی نوێ دوای بردنەوەی لە یانەی خاک توانی دووەم سەرکەوتن لەم قۆناغەدا مسۆگەربکات‌و بەردەوامی بداتە سەرکەوتنەکانی.

**ئەنتەرمیلان بە ٩ یاریزانەوە میلانی پاڵخست**



لەهەفتەی بیستویەکی خولی کالچۆ ئیتالی‌و لەیاری دێربی ئەو خولەدا، یانەی ئەنتەرمیلانی پاڵەوانی چوار وەرزی پێشوو، توانی بە ٩ یاریزانەوە لە یانەی ئەی سی میلانی هاونیشتمانی بباتەوە.

**میسرو جەزائیر گەیشتنە چوارگۆشەی زێڕین**



لە پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا، هەردوو هەڵبژاردەی میسرو جەزائیر گەشتنە قۆناغی چوارگۆشەی زێڕینی پاڵەوانێتیەکە.

**رۆنی سوپەر هاتریکی تۆمارکرد**



لەهەفتەی بیست‌وسێهەمی خولی ئینگلیزیدا، یانەی مانچستەریونایتد، توانی بەچوار گۆڵی واین رۆنی لەیانەی هال سیتی بباتەوەو بەشێوەیەکی کاتی ببێتە پێشەنگی خولەکە.

**فیدرەرو سیرینا گەیشتنە چارەکی کۆتای**



لە پاڵەوانیەتی ئوسترالیای کراوە بۆتێنسی سەرزەوی هەردوو یاریزان رۆجیە فیدرەری سویسری لە ئاستی کوڕان‌و سیرینا ولیامسی ئەمریکی لەئاستی کچان، گەیشتنە چارەکی کۆتای ئەو پاڵەوانێتیە.



# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تۆڵە دەکاتەوە

سیروان عەبدوڵڵا لەسلێمانی

وەک تۆڵەکردنەوەیەک لەبەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپیو بەشدارینەکردنی یانەکانی کوردستان لە پاڵەوانێتیەکانی ئاسیا، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان میوانداریکردنی پاڵەوانیەتی عەرەب بۆ جۆدۆ لەیاریگای هەولێر ڕەتدەکاتەوە.

لەمیانی لێدوانێکی تایبەت بەدەستوور، سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ڕەتی ئەوەی کردەوە کە ڕێگا بدەن پاڵەوانێتی جۆدۆی عەرەب لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت.

ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانێتی "عەرەب بۆ جۆدۆ" کە بڕیارە لە داهاتوودا لەهەولێر بەڕێوە بچێت، کە ئەویش وەک هەڵوێست وەرگرتنێک بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی لە ڕابردوودا کە بووەهۆی بێبەشبوونی یانەکانی کوردستان لە پاڵەوانێتیەکانی ئاسیا.

سەفین کانەبی پێیوایە دەستوەردانی لایەنی دەسەڵات لە لیژنەی ئۆڵۆمپیو بڕیاری تاکەکەسی هۆکاری سەرەکی کێشەکانی وەرزشی عێراقە.

ئاماژەی بەوەشدا کە بەرەوپێشچوونی وەرزش لەکوردستانو بوونی چەندین یاری نێودەوڵەتی لەخاکی کوردستان نیگەرانی لای لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق دروستکردووەو ئەم بەرەوپێشچوونەیان پێناخۆشە، بۆیە وەک ئاگادارکردنەوەی لیژنەی ئۆڵۆمپیو دانپێدانان بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانو دوورکەوتنەوە لەبڕیاری تاکڕەوانە، بڕیای بایکۆتکردنی ئەو پاڵەوانێتیەیان داوە لە خاکی هەولێر.

وتیشی "تا سەمیر موسەوی سەرۆکی یەکێتی جۆدۆی عێراقی بێت ئێمە ئەوها پاڵەوانێتیەک ڕەتدەکەینەوە."

# سافینا گلەیی لەبەختی خۆی دەکات

دینارا سافینای روسیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی گلەیی لەبەختی خۆی دەکاتو هۆکاری کشانەوەی لە پاڵەوانێتی تێنسی ئۆستورالیای کراوە نازانێت.

لەپەیامێکدا کە لەسەر پێگە تایبەتییەکەی خۆی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویکردووەتەوە، دینارا سافینای رووسیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی ئەوەی راگەیاند کە هۆکاری کشانەوەی لە پاڵەوانێتی تێنسی ئوسترالیای کراوە نازانێت.

کچە یاریزانی ناوبراو کە لەقۆناغی چوارەمی پاڵەوانێتیەکەو لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی ماریا کیریلینکۆی هاونیشتمانی، بەهۆی پێکانەوە کشایەوە، ئەوەی راگەیاند کە دوچاری سەدمە بووەو هۆکاری کشانەوەشی نازانێت.

وتیشی "هەرچەند پێش هاتنم بۆ نێو یاریگا، بەباشی خۆم ئامادەکردبوو، بەڵام بەشێوەیەکی کتوپڕ ئەو حاڵەتەم بەسەردا هاتو بڕیاری کشانەوەمدا، کە ئەمەش بەتەواوی نیگەرانی کردم."

هەروەها سافینا گلەیی لەبەختی خۆی کردوو لەپەیامەکەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە داوام لەهاورێکانم کردووە هاوکاریم بکەنو لەو دۆخەی ئێستا تێی کەوتووم رزگارم بکەن.

# دڵسۆزیی، ڕاهێنەرێکی ماڵوێرانکرد

دەستوور

